رووداو RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (411) دووشەممە 2016/6/6 - 16ی جۆزەردان - 2716 (750) دینار

پەرلەمانی عێراق..

## خۆپیشاندەرانی رەوتی سەدر 5 ملیۆن دۆلار زەرەریان داوە

**رووداو- سلێمانی**

ئەو زەرەر و زیانەی کە لایەنگرانی رەوتی سەدر بەهۆی خۆپیشاندانەکانی 30ی نیسانی رابردوو بە هۆڵی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیان گەیاندووە، بە گوێرەی دەرخستەیەک، بایی پێنج ملیۆن دۆلارە. زیانەکان بەر مێز و کورسی و ئامێرەکانی دەنگ کەوتوون. بەڵام لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق ئەو پارەیە بە خەیاڵی دەزانێ.

عادل نووری گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی بە (رووداو)ی راگەیاند، لە کاتی بەدواداچوونیان بۆ ئەو پارانەی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی ئەو هۆڵە تەرخان دەکرێت، بۆیان دەرکەوتووە لە هۆڵەکەدا چەند مێزێک و ئامێرە دەنگییەکان و مایکرۆفۆنەکان زیانیان پێگەیشتووە. گوتیشی کە بەپێی ئەو دەرخستەیەی بۆ زیانەکان کراوە "نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەکە تەرخان دەکرێت، دوو ملیۆنی بۆ کڕینی ئامێری نوێی دەنگی و دانانی شاشەیە بۆ پەرلەمانتاران و ئەوەی دیکەش بۆ کورسی و مێزی نوێیە". بەڵام وەک ئەو گوتی "ئەو پارەیە زۆرە، چونکە ئامێرە دەنگییەکان بە نزیکەی 30 ملیۆن دینار چاک دەکرێنەوە".

« 2



دلاوەر عەلائەدین

### لێکترازان و بەدەوڵەتبوون

17

خالید عەزیزی، سکرتێری حدک بۆ (رووداو):

### شوێنی ئێمە باشووری کوردستان نییە

5


### لیژنەی هاوبەشی یەکێتی و گۆڕان چاوەڕێی یەکلابوونەوەی حساباتی ناو یەکێتییە

3

15 رۆژ مۆڵەت دەدەنە حکومەت

# سلێمانی هەڕەشەی راگەیاندنی لامەرکەزی دەکات

« 2



## ئۆپەراسیۆنی منبج دوو هەفتە دەخایەنێ



« 6

## ئەمریکا بەدەست "موهەندیسەکەی عێراق"ەوە گیری خواردووە

« 7

حەوت لیژنە پێشنیاز دەدەنە بارزانی

## چەند لقێکی پارتی تێکەڵ دەکرێن

« 4



## ئەوقاف: ڕاگرتنی د.عەبدوللەتیف کاتییە

**ڕووداو- سلێمانی**

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر د.عەبدوللەتیف سەلەفی پێکهێنراوە و لەسەر داوای بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی سلێمانیش، وەزارەتمان بەشێوەیەکی کاتی بڕیاری ڕاگرتنی وەکو گوتاربێژ لە مزگەوتی بەهەشت دەرکردووە. بۆ گەڕانەوەشی، چاوەڕێی ئەنجامی لیژنەکەی خوێندنی باڵا و ئەوقافی سلێمانین". مانگی ڕابردوو عەبدوللەتیف سەلەفی، هاوسەرگیری لەگەڵ قوتابییەکی پەیمانگەی زانستە ئیسلامییەکانی سلێمانی بەنێوی چاوان سۆران، کرد. ئەوەش کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

### 15 ڕۆژ مۆڵەت دەدەنە حکومەت

# سلێمانی هەڕەشەی ڕاگەیاندنی لامەرکەزی دەکات

### هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی:

## ئەگەر ڕێگەچارەکان بێسوود بوون، بڕیاری لامەرکەزی دەدەین



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ دواجار حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خەرجکردنی پارە لە چەند پڕۆژەیەکی پارێزگاکە ئاگادار دەکاتەوە و مۆڵەتی 15 ڕۆژ دادەنێت، ئەگەر وەڵامی حکومەت نەرێنی بوو، سکاڵا لە دژی حکومەت تۆمار دەکەن و بڕیاری لامەرکەزی دەدەن.

ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردوویدا تاوتوێی سێ پرسی کرد، یەکێکیان ئەو بودجەیەی لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ پڕۆژەکانی پایتەختی ڕۆشنبیری تەرخانکراون، دووەمیش ئەو پارەیەی لەلایەن کۆمپانیای گازپرۆمی ڕووسییەوە وەکو شیرینی نەوت دراوەتە حکومەت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە، سێیەمیش کێشەی کەمئاوی کە پێدەچێت لە هاوینی ئەمساڵدا ڕووبەڕووی شاری سلێمانی ببێتەوە.

فەرهاد تۆفیق، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری ڕۆشنبیری لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "پێشتر بڕی 20 ملیار دینار بۆ بونیادی پایتەختی ڕۆشنبیری تەرخانکرابوو، بەپێی زانیارییەکانیش ئێستا زیاتر لە 15 ملیاری لە بانکەکانی سلێمانیدا ماوە، ئەوەی دیکە بۆ پڕۆژە خەرجکراوە، چەند جارێک لەلایەن بۆردی سەرپەرشتیاری پڕۆژەکەوە داوای خەرجکردنی پارە کراوە، بەڵام بەهۆی بڕیاری وەزارەتی داراییەوە ناتوانرێت ئەو پارەیە خەرج بکرێت".

ساڵانی ڕابردوو کۆمپانیای گازپرۆم گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ دەرهێنانی نەوت لە چوار بلۆکی پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و بڕیاریش بووە بڕی 80 ملیۆن دۆلار وەک شیرینی بداتە حکومەت، سەرەتاش 30 ملیۆن دۆلاری داوەتە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانە نەکراوە.

غالیب محەممەد، سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو 30 ملیۆن دۆلارە چووەتە سەر حیسابی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەبێت ئەوانیش بیخەنە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری، بەپێی گرێبەستەکەش تا ئەو 30 ملیۆنە خەرج نەکرێت، کۆمپانیاکە قیستی دووەم کە 50 ملیۆن دۆلارە ناداتە سامانە سروشتییەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو پارەیە نەخراوەتە سەر حیسابی دارایی و ئابووری. بۆ خەرجکردنیشی پێویستە نووسراو بۆ سامانە سروشتییەکان بکرێت".

بە گوتەی فەرهاد تۆفیق، پێشبینی دەکرێت هاوینی ئەمساڵ شاری سلێمانی ڕووبەڕووی گرفتی کەمئاوی ببێتەوە و بۆ چارەسەریشی دوو ملیار دیناری پێویستە "بۆ ئەو سێ مەبەستە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادا بڕیارمان دا نووسراو بۆ وەزارەتی دارایی بنێرین بۆ ئەوەی لەو پارەیەی پایتەختی ڕۆشنبیری کە ئامادەیە، بەپێی بڕیاری بۆردەکە خەرج بکرێت، بەبۆچوونی خۆیشم ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو دوو ملیارەی ئاوی نەنارد، لەو پارەیەی پایتەختی ڕۆشنبیری خەرج بکرێت".

د.هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشتر پارەی ئەو پڕۆژانە تەرخانکراون "جگە لەو پارانە، بڕی ملیارێک و 800 ملیۆن دیناریش بۆ پڕۆژەی سەوزکردنی بلوارەکانی سلێمانی تەرخانکراوە و پارەی پایتەختی ڕۆشنبیریش تەنیا بۆ ڕۆشنبیری خەرج دەکرێت".

د.هەڤاڵ ئاشکرای کرد، ڕۆژی 2016/6/5 بەمەبەستی خەرجکردنی پارە بۆ ئەو پڕۆژانە نووسراویان ئاراستەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کردووە و گوتی "لە نووسراوەکاندا مۆڵەتی 15 ڕۆژمان بۆ وەڵامی ئەرێنی یاخود نەرێنی داناوە و ئەگەریش لەو ماوەیەدا وەڵامیان نەدایەوە، نەخشەڕێیەکی دیکەمان ئامادە کردووە".

د.هەڤاڵ سەبارەت بەو نەخشەڕێگەیە گوتی "سەرەتا وەکو دەستەی ئەنجوومەن لەگەڵ ئەو لایەنە پەیوەندیدارانە کۆدەبینەوە بۆ وەرگرتنی دوا بڕیاریان، ئەگەریش بێسوود بوو ئەوا دەیکەینە کەیسێکی یاسایی و لەڕێگەی داواکاری گشتییەوە سکاڵا لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکەین، ئەگەر ئەوەش بێسوود بوو دەست بە هەڵمەتێکی گەورەی کەمپەینی میدیایی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەکەین، ئەگەریش ئەو خەباتە مەدەنی و میدیاییەش سەرکەوتوو نەبوو، یاسای ژمارە سێی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی پێداوین و ئەگەر لایەنە سیاسی و فراکسیۆنەکان لەگەڵماندا بن، بڕیاری لامەرکەزی دەدەین و داهاتی خۆمان بۆ خۆمان خەرج دەکەین".

### یەکێکیان سێ ساڵە بە هەڵە بەندکراوە

# زاخۆ.. کەسوکاری دوو گەنج پۆلیس بە "ئەشکەنجەدان"ی کوڕەکانیان تۆمەتبار دەکەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەسەر کوشتنی کەسێک، دوو گەنج دەستگیر دەکرێن، یەکێکیان دادگایی کراوە و بە زیندانی هەتا هەتایی سزا دراوە و سێ ساڵی بەڕێکردووە. پاشان دەرکەوتووە کە بێ تاوانە و ئێستا تۆمەتبارێکی دیکە لەسەر هەمان دۆسیە، وا بڕیارە 22ی ئەم مانگە دادگایی بکرێ، بەڵام کەسوکاری هەردوو گەنجەکە دەڵێن کوڕەکانیان دەستیان لە تاوانەکەدا نییە و لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافیان لەسەر کوشتنی ئەو کەسە کردووە.

سەرەتای حوزەیرانی 2013 تەرمی گەنجێکی تەمەن 18 ساڵ بەنێوی زێبار نەزیر، لە گوندی ئاسێ لە قەزای زاخۆ دۆزرایەوە. چەند ڕۆژێک دواتر خزمێکی نەزیر بەنێوی فەرهاد وەدیع بە تۆمەتی کوشتنی دەستگیرکرا. دواتر فەرهاد دادگایی کرا و بە بەندکردنی هەتاهەتایی سزادرا، بەڵام ئێستا کەسێکی دیکە بەنێوی مەسعود حوزنی کە ئامۆزای قوربانییەکەیە وەک تۆمەتباری ڕاستەقینە دەستگیر کراوە.

ئیبراهیم وەدیع، برای فەرهاد پێشتر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندبوو "زێبار کوڕی خاڵم بوو، بۆیە کە فەرهاد دەستگیرکرا گوتمان بە هەڵە گیراوە و ئازاد دەکرێ، بەڵام کەس پشتگیری لە فەرهاد نەکرد، تا دواجار لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار کرابوو ئیعتراف لەسەر کوشتنی زێبار بکات".

ڕۆژی 2015/6/8 گەنجێکی دیکە بەنێوی (مەسعود حوزنی) کە ئەویش خزمی زێبارە، بەتۆمەتی کوشتنی دەستگیر دەکرێت. بە گوتەی ئیبراهیم، ئەو گەنجە لەلای دادوەری لێکۆڵینەوە ئیعرافی کردووە کە ئەو زێباری کوشتووە.

ئیبراهیم گوتی "شەش مانگە لێکۆڵینەوە لەگەڵ مەسعود تەواو بووە و لەلای دادوەری لێکۆڵینەوەش ئیعترافی لەسەر تاوانەکە کردووە، بەڵام دادوەرانی دهۆک و زاخۆ دۆسیەکەیان دواخستووە، چونکە پێشتر بڕیارێکی هەڵەیان لەبارەی دۆسیەی براکەم داوە و نایانەوێ ئابڕوویان بچێ".

بەڵام باوکی مەسعود لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە بۆ (ڕووداو)ی ناردووە، هەموو ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ کوڕەکەی ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە شایەتمان هەن، وەکو چۆن پێشتر لەژێر ئەشکەنجەدا ئیعتراف بە فەرهاد کراوە کە ئێستا خەریکە بێ تاوان دەردەچێ، ئاوهاش لە ژێر ئەشکەنجەدا ئیعترافی ناچاری بە مەسعودی کوڕم کراوە".

هەروەها دەڵێت "ڕۆژی هەینی لە هەموو دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمییە، بەڵام کاژێر 5.5ی ئێوارە کوڕەکەمیان بە چاوی بەستراوەوە لە زیندان دەرهێناوە و بردوویانەتە شوێنێکی نادیار تاوەکو کاژێر 11:5ی شەو. بەس خوای گەورە دەزانی چییان لێکردووە، بۆ ئەمەش شایەت و بەڵگەمان هەیە".

لە ژمارەی ڕابردووی ڕووداودا سەرچاوەیەک گوتبووی کە باوکی فەرهاد و باوکی مەسعود لەسەر زەویوزار کێشەیان هەیە، فەرهادیش هەر لەسەر ئەو کێشەیە کوژراوە. بەڵام حوزنی یوسف ڕەتیکردەوە کێشەیان هەبووبێ و گوتی "با هەموو دونیا بزانێت کە هیچ جۆرە کێشەیەکی لەو جۆرە نییە، باوکی فەرهاد بە دوو ساڵ پێش ئەو ڕووداوە کۆچی دوایی کردووە. باشە کەسێک لە ژیاندا نەمابێت کێشەی چیم لەگەڵی هەبێت".

باوکی مەسعود لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێت کەیسی کوشتنی برازاکەم بە کەیسی خۆم دەزانم، چونکە بەر لە هەموو شتێک برازامە، هەروەها خوشکی کوژراوەکەش بووکی منە، بۆیە هیچ کێشەیەکی شەخسی و کۆمەڵایەتیم لەگەڵ براکەم نییە و تاوەکو ئێستاش بە براگەورەی خۆمی دەزانم".

جاسم شێخ مەمی کە پارێزەری فەرهادە بە (ڕووداو)ی گوتبوو "ئەو تۆمەتبارەی ئێستا ئیعترافی کردووە. باشترین بەڵگە ئەو چەکەیە کە زێباری پێ کوژراوە، جۆری ئەو فیشەکانەی زێباری پێ کوژراوە لە نێو کلاشینکۆفەکەی مەسعود دۆزراوەتەوە".

بەڵام باوکی مەسعود ئەو زانیاریانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە گومانمان لە ڕاپۆرتی ئەو لێژنەیە هەیە کە ڕۆژی 2015/7/6 بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە. تەنیا ڕاپۆرتی بۆ بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی هەولێر ناردووە، بەبێ ناردنی فیشەک و کلاشینکۆفەکە. هاوژینی کوڕەکەشم شایەتە کە ئەوکاتەی زێبار کوژراوە تا تەرمەکەی دۆزراوەتەوە کلاشینکۆفەکەی مەسعود لە ماڵەوە لەبەر منداڵان شاردراوەتەوە و ئەو ماوەیە دەستی لێ نەدراوە".

باوکی مەسعود لە درێژەی ڕوونکردنەوەکەیدا دەڵێت "من نازانم کوڕەکەم بە چ یاسایەک لە 2015/6/6وە دەستگیرکراوە و تاوەکو ئێستا کێشەکەی یەکلایی نەبووەتەوە. لاریم نییە بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و یاسا سەروەر بێ، ئەگەر کوڕەکەم بکوژ دەرچوو لاریم نییە بە سزای خۆی بگات، ئەگەریش وا نییە با ئازاد بکرێ.

(ڕووداو) لەسەر دۆسیەی ئەو دوو گەنجە پەیوەندی بە عەمید شەعلان ئەحمەد، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆوە کرد، بەڵام گوتی "بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ قسە لەسەر ئەو بابەتە ناکەم".

# پەرلەمان داوای پێنج ملیۆن دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکەی دەکات

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژە بە دەرخستەیەک دەکەن کە بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی ئامێری دەنگی و کڕینی مێز و کورسیی هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان تەرخانکراوە و نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلاری تێدەچێت و دەڵێن "ئەو پارەیە تەنیا بۆ نۆژەنکردنەوە زۆر زۆرە".

دوای زنجیرە خۆپیشاندانەکان لە دژی حکومەت و پەرلەمانی عێراق، ڕۆژی 2016/4/30 خۆپیشاندەران پەلاماری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیان دا و بۆ چەند کاژێرێک دەستیان بەسەر باڵەخانەکەدا گرت و بەو هۆیەشەوە زیانیان بە هۆڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان گەیاند، دواتریش بەهۆی گەڕانەوەی نوێنەرانی کوردەوە بۆ ماوەی نزیکەی مانگێک، دانیشتنەکانی پەرلەمان پەکیان کەوت.

لیژنەی دەستپاکی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئێستا سەرقاڵی بەدواداچوونن بۆ چۆنیەتی نۆژەنکردنەوەی هۆڵی ژمارە چوار کە تایبەتە بە دانیشتنەکانی پەرلەمان. عادل نووری گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کاتی بەدواداچوونیان بۆ ئەو پارانەی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی ئەو هۆڵە تەرخان دەکرێت، بۆیان دەرکەوتووە لە هۆڵەکەدا چەند مێزێک و ئامێرە دەنگییەکان و مایکرۆفۆنەکان زیانیان پێگەیشتووە و گوتی "ئامێرە دەنگییەکانیش دوو جۆرن، یەکێکیان ئەوانەی بۆ قسەکردن بەکاردێن، جۆری دووەمیش ئەوانەی بۆ تۆمارکردنی ئامادەبوونی پەرلەمانتاران بەکاردێن و زۆر پێشکەوتووش نەبوون، چونکە ساڵی 2005 لەلایەن ڕێکخراوێکی ئەمەریکییەوە بە دیاری بە عێراق بەخشراون".

بە گوتەی عادل، ئێستا لەلایەن فەرمانگەی گشتی گەیاندنی پەرلەمانەوە دەرخستەیەک بۆ ئەو زیانانە کراوە و گوتی "بەپێی ئەو دەرخستەیە بێت نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلار بۆ نۆژەنکردنەوەکە تەرخان دەکرێت کە دوو ملیۆنی بۆ کڕینی ئامێری نوێی دەنگی و دانانی شاشەیە بۆ پەرلەمانتاران و ئەوەی دیکەش بۆ کورسی و مێزی نوێیە کە بەنیازن لەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکیدا گرێبەست واژۆ بکەن، بەڵام ئەو پارەیە زۆرە، چونکە ئامێرە دەنگییەکان بە نزیکەی 30 ملیۆن دینار چاک دەکرێنەوە".


بە گوتەی عادل نووری، لە پێش دەستبەکاربوونی ئەم خولەی پەرلەمان، بڕی حەوت ملیۆن دۆلاری دیکەش بۆ هۆڵی ژمارە سێ تەرخانکراوە کە لە تەنیشت هۆڵی ژمارە چوارە و گوتی "ئەو پارەیەش دیسانەوە بۆ نۆژەنکردنەوە و کڕینی ئامێری دەنگییە، بەڵام تائێستا هیچ پێداویستییەکی بۆ دابین نەکراوە و کارەکانیشی وەستاوە و پارەیەکی زۆریش بەهەدەر دراوە. دەبوو لە سەردەمی ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پێشووی پەرلەماندا چاک بکرایە، بەڵام ساڵی ڕابردوو لیژنە بۆ تەواونەکردنی ئەو نۆژەنکردنەوەیە دروستکرا و تاوەکو ئێستاش ئەنجامەکەی دیار نییە".

لیژنەی دەستپاکی بۆ ڕێگرتن لە خەرجکردنی ئەو پێنج ملیۆن دۆلارە بۆ هۆڵی ژمارە چوار، دوو پێشنیازیان بۆ فەرمانگەی گەیاندنی پەرلەمان کردووە. عادل نووری گوتی "بە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەکەمان گوت یان ئامێرە دەنگییەکانی هۆڵەکە چاک بکرێنەوە، یان ئەو ئامێرانەی کە پێشتر بۆ هۆڵی ژمارە سێ کڕدراون لەوێ دابنرێن".



عادل نووری هۆشداری دا و گوتی "ئەگەر ئەو دەرخستەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێمە دۆسیە لەسەر ئەو حەوت ملیۆنەی پێشتر و پێنج ملیۆنەکەی ئێستاش دەکەینەوە و هەر نووسراوێک واژۆی چ بەرپرسێکی پەرلەمانی لەسەر بێت لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین، چونکە ناکرێت بۆ تەنیا دوو هۆڵ نزیکەی 12 ملیۆن دۆلار خەرج بکرێت".

باڵەخانەی ئێستای ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق موڵکی ئەنجوومەن نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا نێوی کۆشکی کۆنگرەکانە و سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرییە. عادل نووری گوتی "ڕاستە ئێستا پەرلەمان لەو باڵەخانەیەدایە، بەڵام کارەسات ئەوەیە ئەو پارەیەی خەرجکراوە و ئەوەی ئێستاش بەنیازن بۆی خەرج بکەن بۆ باڵەخانەیەکە کە موڵکی پەرلەمان نییە، بەڵکو باڵەخانەی پێشووی پەرلەمانی سەردەمی بەعس لە دەرەوەی ناوچەی سەوزە و چەند ساڵێک لەمەوبەر بڕە پارەیەکی زەبەلاحی دیکەش بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو باڵەخانەیە خەرجکراوە".



## "پارتی ناتوانێت بە تەنیا حوکمی کوردستان بکات"

**ڕووداو– سلێمانی**

شۆڕش حاجی، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت دەبێت پارتی ئەوە بزانێت بە تەنیا ناتوانێت حوکمی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵکو دەبێت هەموو لایەنەکان بەیەکەوە هاوبەش بن، وەک چۆن یەکێتی و گۆڕانیش بە تەنیا ناتوانن حوکمی کوردستان بکەن. ڕۆژی 2016/6/5، زانکۆی کۆمار لە شاری سلێمانی، دیبەیتێکی کراوەی بۆ یەکێتی و گۆڕان لەژێر ناونیشانی "لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان" سازکرد. شۆڕش حاجی لە دیبەیتەکەدا گوتی بەرلەوەی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان ڕابگەیێندرێت، ئەوان لەگەڵ یەکێتی پابەند بوون بەو بەڵێنانەی بەیەکیان دابوون لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هیچ کێشەیەکیان لەسەر بەڵێنەکان لەگەڵ یەک نەبووە.


# پێکهێنانی لیژنەی هاوبەش چاوەڕێی یەکلابوونەوەی حساباتی ناو یەکێتییە

### هەڵسوڕاوێکی باڵای بزووتنەوەی گۆڕان: کاک نەوشیروان ئامادەیە سەرۆکایەتی لیژنەی هاوبەش بکات

### فەرید ئەسەسەرد: بۆ یەکێتی قورسە بڕیار بدات کە کێ بۆ سەرکردایەتی هاوبەش هەڵدەبژێرن

هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو– هەولێر

پاش تێپەڕینی نزیکەی مانگێک بەسەر ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕاندا، هەردوولا هاتوونەتە سەر وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکە. بەرپرسێکی گۆڕان دەڵێت "یەکێتی ناتوانێ بەئاسانی بۆ یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە خۆی ساغ بکاتەوە" کە بریتییە لە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ سەرپەرشتی جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە.



ڕۆژی 2016/5/17 ئەو ڕۆژەیە کە سیاسەت لە سلێمانی گۆڕا، ئەویش پاش ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێک بۆ دروستکردنی بەرەیەکی بەهێز، تاوەکو لە باشووری کوردستان گۆڕانکاری لە سیستەمی حوکمڕانی بکەن، بەڵام یەکەم هەنگاوی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ئاستەنگی بۆ دروست بووە.

بەگوێرەی ڕێککەوتنەکە، لێژنەیەکی باڵا لە هەردوو لایەنی یەکێتی و گۆڕان وەکو سەرکردایەتی هاوبەش پێکدێ بۆ ئەوەی خاڵەکانی جێبەجێ بکەن.

هەڵسوڕاوێکی هەرە دیاری بزووتنەوەی گۆڕان کە ئاگاداری وردەکارییەکانی ڕێککەوتنەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی هاوبەش ئامادەیە و چاوەڕێی یەکێتی دەکات".

ئەو هەڵسوڕاوەی گۆڕان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ کێ لە گۆڕانەوە کاندید کراوە بۆ ئەو لێژنەیە و ئایا نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕانی تێدایە؟ گوتی "ئەگەر یەکێتی داوا بکات، کاک نەوشیروان ئامادەیە سەرۆکایەتی لیژنەی هاوبەش بکات و ئەندامەکانی لێژنەکە بە یەک دەقە لەلایەن کاک نەوشیروانەوە دەستنیشان دەکرێن".

بزووتنەوەی گۆڕان ئێستا گوشار لەسەر یەکێتی دەکات کە پەلە بکەن لە دیاریکردنی ئەندامانی ئەو لیژنەیە، چونکە نزیکەی 20 ڕۆژ دەبێ هێشتا یەکێتی نەیتوانیوە ئەندامانی خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئەو هەڵسوڕاوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت "لەبەر باڵەکانی نێو یەکێتی، یەکێتی هەر بڕیارێک بدەن ئەندامەکانی چەندبن گۆڕان لاریی نییە". گوتیشی "سەرەتا باسی سێ ئەندامیان کرد، بەڵام بۆ ئەوەی بەڵانسی نێو باڵەکانی یەکێتی هەبێ، ئێستا باسی چوار ئەندام دەکەن و هەندێجار قسە لەسەر شەش ئەندام لە هەر لایەک دەکرێ".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نایشارێتەوە کە بەڵێ حیزبەکەیان کێشەی هەیە. فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە ئەندامێکی کارای نووسینەوەی ڕێککەوتنی نێوان حیزبەکەی و گۆڕان بووە، دەڵێت "ڕاستە بۆ یەکێتی قورسە بتوانێ هەندێ بڕیار بدات، لەوانە بڕیاری ئەوەی کە کێ بۆ سەرکردایەتی هاوبەش هەڵدەبژێرن".

### مەلا بەختیار جێی نابێتەوە

هەر لەو کاتەوەی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان نووسرا و دواتر پەسەندکرا، مەلا بەختیار کە بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، ئاگادار نەکرابوو.

بەپێی زانیارییەکان لە هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی هاوبەشدا، تاوەکو ئێستا ناوی مەلا بەختیار نەهاتووە و لەم هەنگاوە دوورخراوەتەوە. بەڵام ئەوەی قسەی لەسەر کراوە و گەیشتووەتە بزووتنەوەی گۆڕان، پێدەچێ هەریەک لە کۆسرەت ڕەسوڵ، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، حاکم قادر، ڕەفعەت عەبدوڵڵا لەلایەن یەکێتییەوە بۆ لێژنەکە ئامادەبن.

بەرپرسەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی مەلا بەختیار دەڵێ "ڕاستە لێرە و لەوێ قسە دەکات کە دژی هەندێ ماددەی ڕێککەوتنەکەیە، بەڵام یەکێتی و گۆڕان باش دەزانن مەلا بەختیار ئەو هێزەی نییە ڕێککەوتنەکە تێکبدات".

کاری لێژنەی هاوبەشی نێوان ئەو دوو حیزبە، جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەیە، بەڵام هەڵسوڕاوە دیارەکەی بزووتنەوەی گۆڕان نایشارێتەوە کە "جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە ئاسان نییە".

### نەوشیروان مستەفا شوێنی تاڵەبانی دەگرێتەوە

کادیرێکی پێشکەوتووی یەکێتی کە پۆستی لەنێو حیزبەکەیدا هەیە، بە دووری دەبینێ، ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان بۆ "چارەسەرکردنی کێشەکانی نێو ماڵی کورد بێ". وەک هەردوو لا ئیدیعای دەکەن.

سلێمان عەبدوڵڵا یونس، کادیری پێشکەوتووی یەکێتی کە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتییە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێتی دەبووایە پێش ئەوەی لەگەڵ گۆڕان ڕێکبکەوێ لەنێو خۆیدا ڕێککەوتنی کردبا کە نەیکرد. بۆیە ڕەنگە ڕێککەوتنەکە نەبێتە هۆی چارەسەری کێشەکانی نێو ماڵی کوردی، چونکە یەکێتی خۆی ڕێکنەخستووە، چۆن نێو ماڵی کوردی ڕێکدەخات؟".

دوای ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان، هەندێ لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)یان ڕاگەیاند "کە براگەورەیی نەوشیروان مستەفایان قبووڵە". بەڵام سلێمان عەبدوڵڵا یونس لەوبارەیەوە دەڵێت "ئەگەر کاک نەوشیروان شوێنی مام جەلال بگرێتەوە دەبێ سازانی لەسەر بێ، ئەوکات کاک نەوشیروان ناتوانێ وەکو سەرۆکی ئێستای گۆڕان مامەڵە لەگەڵ پارتی بکات، پارتیش ناتوانێ وەکو ئێستا مامەڵە لەگەڵ کاک نەوشیروان بکات".

ئەندامەکەی مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی بەدووری دەبینێ حیزبەکەی تەسلیمی گۆڕان ببێ، ئەو دەڵێت "یەکێتی گەورەترە لە حیزبێک، بۆیە ڕادەستی گۆڕان ناکرێ، بەڵام ئەو ڕاستییەش هەیە کە کاک نەوشیروان ڕێبەری دیفاکتۆی ئەم بەرەی دێگەڵەیە".

### دوو ڕێگا لەبەردەم یەکێتییە

پارتی دیموکراتی کوردستان هێشتا چاوەڕێی کۆبوونەوەی خۆیەتی لەگەڵ یەکێتی کە بڕیار وابوو دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە کۆببنەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا کۆبوونەوەکە نەکراوە.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئاگاداری ڕای ناوەندی حیزبەکەیەتی، دەڵێت "پارتی چاوەڕێی یەکێتییە و یەکێتیش تەنیا دوو ڕێگای لەبەردەمە".

ئاراس حەسۆ میرخان، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی گوت: "دوو ڕێگە لەبەردەم یەکێتیدا هەن، دەبێ وەڵامی شەش مانگی گفتوگۆکانی لەگەڵ پارتی بداتەوە لەسەر مەسەلەی کاراکردنەوەی پەرلەمان کە بۆ چارەسەر دەهاتن". ڕێگەی دووەمیش وەک ئەو دەڵێت "ئەو ڕێککەوتنەی کراوە لەگەڵ گۆڕان پرۆسەی سیاسی پێشناخات، چونکە ئەگەر پرسی کاراکردنی پەرلەمان ببەسترێتەوە بە گەڕانەوەی یوسف محەممەد، کە پارتی بڕیاری 100%ی خۆی داوەو لێی پەشیمان نابێتەوە، ئەوا هیچ لە مەسەلە ناگۆڕدرێ و پرۆسەی سیاسیش لە جێی خۆیدا جووڵە ناکات".

## ئەبوبەکر عەلی:

# دەرچوونی کادیرانی سلێمانی پەیامێکی روونە کە نایانەوێ یەکگرتوو لە پارتی نزیک ببێتەوە

### پێش کۆنگرە مامۆستا سەلاح گوتی با تەفاهومێک بکەین

### پارتی خۆکاندیدکردنی منی بە جددی وەرنەگرتبوو

هیڤیدار ئەحمەد
ڕووداو – هەولێر



ڕۆژی 2016/5/29 ڕۆژێکی یەکلاکەرەوە بوو لە نێو یەکگرتووەکان، سەرکردەکانی ئەو حیزبە دەڵێن لە هیچ کۆنگرەیەکدا وەکو کۆنگرەی ئەمجارە ململانێ لەسەر ئەوەی کێ دەبێتە ئەمیندار توند نەبووە. کاندیدێکی یەکگرتوو بۆ پۆستی ئەمیندار بۆ یەکەمجار داوایەکی سەلاحەدین بەهائەدین لە پێش کۆنگرە ئاشکرا دەکات.

ئەبوبەکر عەلی کە لە کۆنگرەی حەوتەم یەکێک بوو لە کاندیدەکان بۆ پۆستی ئەمیندار و لە کێبڕکێدا بوو لەگەڵ سەلاحەددین محەممەد بەهائەدین، بە (ڕووداو)ی گوت "جەوی کۆنگرەمان تێپەڕاند، لە کۆنگرەش بڕیار درا من ئەمیندار نەبم".

ئەبوبەکر عەلی، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکگرتوو، پێیوایە توانای زۆری هەیە، بەڵام هەڵبژاردنەکان چانسی ئەوەیان پێنەداوە "واقیعی کوردستان مژدەبەخش نییە بۆ سیاسییەکان، ئەوەی ڕاستیش بێ، پێش کۆنگرە تەلەفۆنم بۆ کەس نەکردووە دەنگم پێبدەن".

ئەبوبەکر عەلی لە کێبڕکێ لەسەر پۆستی ئەمیندار لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەدین گەیشتە قۆناغی دووەم، بەڵام لەوێ کێبڕکێیەکە کۆتایی هات و سەلاحەدین بەهائەدین بۆ شەشەمجار وەکو ئەمینداری گشتی یەکگرتوو هەڵبژێردرا. ئەبوبەکر دەڵێت "داوایەکی زۆرم لێکرا لە کێبڕکێ لەگەڵ سەلاحەدین بەهائەددین بکشێمەوە، تەنانەت لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکەش ئەو داوایەم لێکرا، بەڵام هەر نەکشامەوە".

ئەبوبەکر عەلی ناوی یەکێک لەوانە ئاشکرا دەکات کە لە پێش کۆنگرە لەبارەی خۆکاندیدکردنەکەی قسەی لەگەڵ کردووە و دەڵێت "مامۆستا سەلاح لێی پرسیم ئایا تا سەر درێژە بە مەسەلەی خۆکاندیدکردن دەدەی؟ گوتم: بەڵێ. گوتی باشە بۆ تەفاهوم نەکەین، بەڵام نەگەیشتینە ئەنجام".

سەلاحەدین محەممەد بەهائەدین لە خولی یەکەمدا 687 دەنگی هێنا و لە خولی دووەمدا توانی بە بەدەستهێنانی 802 دەنگ، ببێتە ئەمینداری یەکگرتوو بۆ چوار ساڵی داهاتوو.

ئەبوبەکر عەلی دەڵێت "مامۆستا سەلاح حەزی دەکرد بەدەنگێکی زۆر دەربچێ، بەڵام دواجار گوتی ئەگەر بە 60%یش بێ هەر دەیکەم".

ئەوە دووەمجارە لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتوو، دەنگۆی پاڵپشتی پارتی بۆ یەکێک لە کاندیدەکانی ئەمیندار بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئەبوبەکر عەلی ڕەتیدەکاتەوە کە پارتی پاڵپشتی کردبێ بۆ خۆکاندیدکردن و تەنانەت دەڵێت "پارتی خۆکاندیدکردنی منی بە جددی وەرنەگرتبوو، پێیانوابوو تاوەکو سەر بەردەوام نابم و دەکشێمەوە".

ئەنجامی هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی یەکگرتوو لە کۆنگرەی حەوتەم دەریخست ئەوانەی ئەنتی پارتین دەنگیان هێناوە. لە هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی کە ژمارەیان 35 کەسە، ژمارەیەکی زۆر لە کاندیدەکانی یەکگرتوو لە سلێمانی دەنگی هەرە لەپێشیان هێنا، لەوانەش ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان کە 820 دەنگی هێنا.

ئەبوبەکر عەلی لەبارەی نزیکبوونەوەی یەکگرتوو لە پارتی پێیوایە لە کۆنگرەی حەوتەمدا پەیامی روون و ئاشکرا هەبوو "دەرچوونی کادیرانی سلێمانی بە دەنگی زۆر، پەیامێکی روونە کە تاوەکو ئێستا میزاجی ئۆپۆزیسیۆنبوون لەنێو یەکگرتوودا هەیە و نایانەوێ یەکگرتوو لە پارتی نزیک ببێتەوە".

سەلاحەدین بەهائەدین پێش ئەوەی بڕیاری گەڕانەوەی بدات، لەگەڵ ئەوەبوو کاندیدێکی تەوافۆقی هەبێ، قسەش لەسەر محەممەد ڕەئووف بوو، بەڵام کە پاڵپشتی بۆ کاندیدی تەوافوقی نەبوو خۆی هاتە مەیدان. ئێستا کە گەڕایەوە وەکو ئەمیندار، یاریدەدەری ئەمینداری نەیهێشت و جگە لە ئەمیندار، سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردنیشە.

بەهۆی بەدەستهێنانی پاڵپشتی بادینان، سەلاحەدین بەهائەدین لە چوار پۆستی سەرەکی نێو یەکگرتوو، دوو پۆستی داوەتە بادینییەکان، ئەویش سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کە سەعید عەلی عەبۆ سەرپەرشتی دەکات و سەرۆکی لێژنەی دەعوەو پەروەردە کە سەرۆکەکەی غازی سەعیدە.

محەممەد ڕەئوف کاندیدێکی دیکەی پۆستی ئەمیندار بوو، ئەو تاوەکو پێش کۆنگرە کەسی دووەمی نێو یەکگرتوو بوو، چونکە سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بوو. ئەو لە کۆنگرەی شەشەمیش خۆی کاندیدکرد، بەڵام دەرنەچوو. محەممەد ڕەئووف، ئامادەنەبوو یەک قسە لەسەر ڕووداوەکانی نێو کۆنگرە بکات و گوتی "کۆنگرە لای من کۆتایی هات و بۆ بەشێک لە مێژوو".

هەرچەندە چاوەڕوانی زۆر هەبوو کێبڕکێ لەسەر پۆستی ئەمیندار لەنێوان سەلاحەدین بەهائەدین و محەممەد ڕەئووف بێ، بەڵام هەر لە گێمی یەکەمی هەڵبژاردنەکان محەممەد ڕەئووف نەیتوانی بگاتە قۆناخی دووەم.

ئەبوبەکر عەلی دەڵێت "پێش کۆنگرە پێشبینی ئەوەم کرد کە محەممەد ڕەئووف دەرناچێ". یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە بووەتە دەرنەچوونی محەممەد ڕەئووف بەوە ناسراو بوو کە نزیکی پارتییە، ئەمەش وایکرد ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سلێمانی کە 50% ئەندامانی کۆنگرەیان پێکدەهێنا، دەنگی پێنەدەن.

محەممەد ڕەئووف دەڵێ "قەت لە مێژوودا ناژیم و کۆنگرە بووە بەشێک لە مێژوو، ئیتر بیر لە ئایندەی یەکگرتوو دەکەمەوە". وەک خۆی دەڵێ "کۆمەڵێ چاوەڕوانی گەورە بۆ یەکگرتوو دروستکراوە، لە هەمانکاتدا بۆ خەڵکی دەرەوەی یەکگرتوو، بۆیە یەکگرتوو دەکەوێتە بەردەم ئیمتیحانێکی گەورە کە قورسە و هیوادارم سەرکەوتووبن".

محەممەد ڕەئووف چوار ساڵی داهاتووی یەکگرتوو بەسەر سێ قوناخدا دابەشدەکات "چاوەڕوانییەکان ئەنجامەکەی دوای ساڵێک بۆ نێوخۆی یەکگرتوو دەردەکەوێ و دوای دوو ساڵ کە هەڵبژاردن و پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دێتە پێش، پێگەی یەکگرتوو دەردەکەوێ. دوای تەواوبوونی چوار ساڵ ئەو بەرنامەی لە کۆنگرە ڕاگەیێندرا دیاردەبێ کە یەکگرتوو لە چ پێگەیەک دایە".

ئایا یەکگرتوو چۆن دەتوانێ لە ململانێی نێوان پارتی لەلایەک و یەکێتی و گۆڕان لەلایەکی دیکە بێلایەن بێ؟ محەممەد ڕەئووف دەڵێت "یەکگرتوو نابێ لەچوارساڵی ئایندە هیچ بژارەیەک بە ناچاری بکاتە بژارەی خۆی". گوتیشی "ڕکابەری نێوان زۆنی سەوز و زەرد لەهەموو کات زیاتر توندترە، ئەگەر بەرەوچارەسەری نەڕوات مەترسی گەورە ڕوودەدات، بۆیە نابێ هیچ بڕیارێکی سیاسی بۆ دەرەوە و ناوخۆ، بۆ یەکگرتوو بە ناچاری بێ".

رووداو
ژمارە (411) دووشەممە 2016/6/6

## یەکگرتوو دوای جەژن خۆی رێکدەخاتەوە

**رووداو- سلێمانی**

یەکگرتوو دوای جەژنی رەمەزان، دەست بە رێکخستنەوەی خۆی دەکات، سەمیر سەلیم کارگێڕی ئەنجومەنی جێبەجێکردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای جەژنی رەمەزانی پیرۆز رێکخستنەوەیەکی نوێ بۆ سەرجەم مەڵبەند و ئۆرگانەکان دەکەین و گوتەبێژی فەرمی حیزبیش دەستنیشان دەکەینەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو بەرپرسەکان بگۆڕین"، یەکگرتووی ئیسلامی هەفتەی رابردوو کۆنگرەی حەوتەمی بەست و جگە لە هەڵبژاردنەوەی سەڵاحەدین محەممەد بەهائەدین بۆ ئەمینداری گشتی، چەند بەرپرسێکی دیکەشیان دەرنەچوونەوە و بەو هۆیەشەوە خۆیان بۆ هیچ پۆستێک کاندید نەکردەوە.

گۆڕان دەڵێ پارێزەری نەوشیروان مستەفا چووەتە دادگا

# گۆڕان و پارتی شەڕەکەیان دەبەنە دادگا

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**



هەریەکە لە داواکاری گشتیی هەولێر و سلێمانی دوو سکاڵایان جوڵاندووە، سکاڵاکان لە هەولێر دژی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان و لە سلێمانی دژی مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانن. هەرچەندە هەریەکە لە پارتی و گۆڕان رەتیدەکەنەوە وەک حیزب سکاڵایان دژی یەک تۆمار کردبێت، بەڵام ئێستا شەڕی ئەو دوو حیزبە لە دادگا چووەتە نێو فایلەوە.

ئەندامێکی داواکاریی گشتی لە سلێمانی گوتی لەلایەن داواکاری گشتییەوە سکاڵا دژی پەکخستنی پەرلەمان و رێگریی لە چوونی سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر تۆمارکراوە و بەو پێیەش کە بارزانی سەرۆکی پارتییە، سکاڵاکە رووبەڕووی ئەو دەبێتەوە. ئەو ئەندامەی داواکاری گشتی رەتیکردەوە زانیاری زۆرتر بدات و گوتی "ئەوە لەلایەن سەرۆکی داواکاری گشتییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت".

ئەوە لە کاتێکدایە کە داواکاری گشتی هەولێریش، سکاڵای دژی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان تۆمار کردبوو بە پشتبەستن بەو تۆمارە دەنگییانەی ناوبراو کە پێشتر پارتی بڵاوی کردنەوە و لە تۆمارە دەنگییەکاندا گوایە هەڕەشەی کوشتنی کونسوڵی وڵاتانی کردووە.

(رووداو) پەیوەندی بە داواکاری گشتیی هەولێرەوە کرد، بەڵام رەتیانکردەوە قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەن بەوپێیەی پرسێکی یاساییە و لەدادگایە. بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "داواکاری گشتی خۆی ئەو سکاڵایەی تۆمارکردووە و هیچ پەیوەندییەکی بە پارتییەوە نییە".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی، زیاتر لەو بارەیەوە دەڵێ "دەنگەکان روونن کە هەڕەشە لە کونسوڵگەری و کۆمپانیا بیانییەکان دەکرێ، ئەوە بابەتێکە پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و پارتی کاری بەوە نییە، بۆیە ئێمە وەک پارتی قسەی لەبارەوە ناکەین".

پارتی دیموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان، تاوەکو ئێستا درێژە بە پەیوەندییە خراپەکەی نێوانیان دەدەن. ئەوە دوای ئەو رووداوانەی لە مانگی 10 ساڵی رابردوو بەهۆی رێکنەکەوتنیان لەسەر یاسای سەرۆکایەتی و سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چەندین کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی و دوو قۆڵی و هەوڵی نێوەندگیری لەنێوانیان شکستی خوارد، دواتر خۆپیشاندانی نارەزایەتی لە ناوچەجیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری سەریهەڵدا و پارتی گۆڕانی تۆمەتبارکرد بە پەلاماردان و سووتاندنی بارەگاکانی و دواتریش پارتی رێگەی نەدا سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە سەر کارەکەی لە هەولێر.

بەهار مەحموود، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان، رەتیکردەوە بزووتنەوەی گۆڕان پەنای بردبێتە بەر دادگا بۆ ئەوەی سکاڵا دژی پارتی تۆمار بکات لەسەر رێگری لە چوونەوەی سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر "ئەوەی کراوە، داواکاری گشتی کردوویەتی و دەکرێ پرسیار لە داواکاری گشتی بکەن بۆ سکاڵایان تۆمار کردووە".

بەپێی زانیاریەکانی (رووداو) گۆڕان چەند مانگێک لەوەوبەر بەرنامەی هەبووە لەرێگەی دادگاوە سکاڵا لە دژی پارتی تۆمار بکات، بۆیە پارتی لە وەڵامی ئەوەدا دەستی بە ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی سکاڵا دژی رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان تۆمار بکات.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، دەڵێ بزووتنەوەکەیان تاوەکو ئێستا سکاڵای تۆمار نەکردووە. ئەوەی کراوە داواکاری گشتی کردوویەتی "بزووتنەوەی گۆڕان پێشتر ئامادەکاری کردووە بۆ ئەوەی سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام سکاڵای تۆمار نەکردووە".


ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، رەتیکردەوە نەوشیروان مستەفا نەچێتە بەردەم دادگا و گوتی "بریکارە یاساییەکەی کاک نەوشیروان چووەتە دادگا و لەوێ قسەی خۆی کردووە، ئەوەندەی من بزانم چووەتە هەولێر بۆ دادگا و ئامادەش بووە".

شوان ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی پێیوایە ئەوە پرسێکی سیاسییە و دەبێ لەرێگەی دانوستاندنی سیاسییەوە چارەسەر بکرێ. ئەو باسی سەرەتای دروستبوونی کێشەکان دەکات و دەڵێ بزووتنەوەی گۆڕان لە سەرەتاوە تەوافوقی سیاسییان تێکدا و دواتریش پارتی رێککەوتننامەی خۆی لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشاندەوە "بۆیە ئەوە پرسێکی سیاسییە نەک یاسایی".

حەوت لیژنە پێشنیاز دەدەنە بارزانی

# چەند لقێکی پارتی تێکەڵ دەکرێن و بارەگای رێکخراو نامێنێ

**عوبەید رەشاڤەیی**
**رووداو — هەولێر**



بە مەبەستی گۆڕانکاریی نێوخۆیی و پێداچوونەوە بە ئۆرگانەکانیدا، پارتی دیموکراتی کوردستان حەوت لیژنەی پێکهێناوە، هەر لیژنەیەک لەلایەن ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتییەوە سەرپەرشتی دەکرێ. 10 رۆژی دیکە سەرجەم لیژنەکان کارەکانی خۆیان تەواو دەکەن و راپۆرتی خۆیان بۆ سەرۆکی پارتی بەرز دەکەنەوە.

رۆژی 2016/5/5 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی کۆبووەوە، بە گوتەی ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەی گۆڕینی چەند بەرپرسێکی پارتی قسەی لەسەر کراوە، بەڵام دواتر ئەندامانی سەرکردایەتی بۆچوونیان وابووە کە پارتی پێویستی بە پێداچوونەوە و گۆڕانکارییە، نەک تەنیا گۆڕینی دەموچاو.

بەپێی زانیارییەکانی رووداو لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە گۆڕانکاری لە حەوت بواردا بکرێ و بۆ ئەم مەبەستەش حەوت لیژنە پێکهێنراوە، هەر لیژنەیەکیش ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی سەرپەرشتی دەکات.

مەسرور بارزانی، سەرپەرشتی لیژنەی رێکخستن دەکات. فازڵ میرانی، لیژنەی وەبەرهێنان. د.رۆژ نووری شاوێس، لیژنەی هەڵبژاردن. وشیار زێباری، لیژنەی پەیوەندییەکان. ئازاد بەرواری، لیژنەی دارایی. مەحموود محەممەد، لیژنەی راگەیاندن و رێبوار یەڵدا، لیژنەی رێکخراوە جەماوەرییەکان.

ئەڤین هرۆری، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند لیژنەی رێکخستن راپۆرتی خۆیان نووسیوە و راپۆرتەکەش گەیشتووەتە دەست بارزانی.

هرۆری ئامادە نەبوو ئەو پێشنیازانە ئاشکرا بکات کە لە نێو راپۆرتەکەی لیژنەی رێکخستن هاتوون، تەنیا گوتی "بۆچوونێک هەیە بۆ گونجاندنی سنووری حیزبی لقەکان، لەگەڵ سنوری ئیداری پارێزگاکان".

هەروەها مەحموود محەممەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لەبارەی گۆڕانکارییەکانی نێو ئۆرگانەکانی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "گۆڕانکارییەکان و هەموو کارەکانی دیکە بۆ دوای پێشنیازەکانی لیژنەکان دەمینێ".

بەڵام (رووداو) زانیویەتی چەند لقێکی پارتی تێکەڵدەکرێن لەوانەش لە بادینان لقی شێخان نامێنێ و دەچێتە پاڵ لقی ئاکرێ، لە سنووری پارێزگای هەولێر لقی دوو و لقی 16 تێکەڵ دەکرێن، لە سلێمانیش لقی چوار و لقی 21ی دەوروبەری سلێمانی دەکرێنە یەک لق.

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، زانیاری تازەی لەبارەی گۆڕانکاری لە ئۆرگانەکانی پارتی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "یەکێک لە پێشنیازەکانی رێکخستن (ئەگەر پەسەند بکرێ) ئەوەیە بارەگای رێکخراوەکان نامێنن، تەنیا رێکخراوێک زۆر زەروربێ دەهێڵدرێتەوە".

(رووداو) زانیویەتی لە پێشنیازەکانی لیژنەی رێکخستن باس لە گەڕاندنەوەی کادیرە دێرینەکان کراوە، بە تایبەتی ئەوانەی بە پلەی کارگێڕی لق خانەنشین کراون، هەندێکی دیکەیان لە هەڵبژاردنەکان دەرنەچوون لە ماڵەوە دانیشتوون. هەروەها پەرلەمانتارە خانەنشینکراوەکان، بۆ ئەوەی کۆنتاکتی زۆرتر لە نێوان کادیرانی پارتی دروست ببێ.

سەبارەت بە کاری لیژنەکان. مەحموود محەممەد ئەندامی مەکتەب سیاسی پارتی گوتی "کاری زۆربەی لیژنەکان بەرەو تەواوبوونە، کاری لیژنەکان وەکو یەک نین و جیاوازن بۆیە هەموویان لەیەک کاتدا تەواو نابن، پێشبینی دەکەم تاوەکو هەفتەیەکی دیکە سەرجەک لیژنەکان کارەکانیان تەواو بکەن".

پۆستی بەرپرسی رێکخستن بەتاڵە

لەوەتەی د.جەعفەر ئیبراهیم، بەرپرسی پێشووی رێکخستنی پارتی، بووەتە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ئەو پۆستە بە بەتاڵی ماوەتەوە. پارتی بە نیازبوو پۆستی بەرپرسی مەکتەبی رێکخستنی بە ئەندامێکی دیکەی مەکتەب سیاسی بسپێردرێت، بەڵام (رووداو) زانیویەتی ئەو پرسەش بۆ دوای تەواوبوونی راپۆرتی لیژنەکان دواخراوە. هەر بەپێی زانیارییەکان هەر یەک لە عیزەددین بەرواری و کەمال کەرکووکی کاندیدی بەهێزن بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

بەپێی زانیارییەکان هەردوای تەواوبوونی راپۆرتی لیژنەکان بەرپرسێک بۆ مەکتەبی هەڵبژاردنی پارتی و گوتەبێژی حیزب دیاری دەکرێن و گۆڕانکاری لەبەرپرسی چەند لقێکیش دەکرێ.

هەرچەندە پێشتر وا بڵاوکرایەوە کە مەحموود محەممەد، کراوەتە گوتەبێژی پارتی، بەڵام ناوبراو گوتی "بەشێوەی زارەکی پێمڕاگەیەنراوە کە گوتەبێژی حیزبم، بەڵام بە نووسراو نەبووە".

### پارەی مەکتەبەکان رێکدەخرێ

لەنێو پارتیدا چەند مەکتەبێک هەن، وەکو مەکتەبی نێچیرڤان بارزانی، مەکتەب سەرۆک، مەکتەبی مەسرور بارزانی هەن، زۆرجار لەرێگەی ئەو مەکتەبانە هاوکاری ئەندامانی پارتی و خەڵکی دیکەش دەکرێ، بە تایبەتی بۆ مەبەستی چارەسەری و سەفەر.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی کە بەشداری لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حیزبەکەی کردووە گوتی لە کۆبوونەوەکە باسی گلەیی کادیران کراو داوا کرا ئەو بێسەروبەرییەی لە پێدانی هاوکاری دارایی بە کادیران هەیە، نەمێنێ.

مەحموود محەممەد لەو بارەیەوە گوتی "لیژنەکەی دارایی و وەبەرهێنان دیارە پێشنیازی سیستەمێک بۆ ئەو بوارەش دەکات".

### خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# نابێت بە هەڕەشەی وڵاتان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین

**خالید عەزیزی یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، رایەکی جیاوازی هەیە لەبارەی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و خەباتی چەکداری لە دژی رژێمی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە. بیروڕاکانی ئەو گفتوگۆیەکی گەرمی لەنێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و خودی حیزبەکەشیدا دروستکردووە. سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لەم هەڤپەیڤینەدا کە شەوی هەینیی داهاتوو لە تەلەڤزیۆنی (ڕووداو) بڵاودەبێتەوە، روونی دەکاتەوە چۆن خەباتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، بۆچی بڕوای بەوە نییە کە نابێت کورد هەوڵی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدات؟**

هەڤپەیڤین: هیوا جەمال
ڕووداو - هەولێر



**ڕووداو: ئێوە دروشمی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیتان وەلاناوە، پێتانوایە کە دەبێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاری سیاسی لەگەڵ ئەو حکومەتە بکرێ؟**

**خالید عەزیزی:** پێموایە ئەو دروشمە دروشمی کورد نییە لە ئێران. لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم: لایەنێک کە دەیەوێ دەوڵەتی ناوەندی بڕووخێنێ، دەبێت بۆ خۆی ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات بێت، بەڵام کورد ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات نین. دووەم: خەبات و تێکۆشان و جوڵانەوەی ئێمە بۆ مافەکانی خۆمانە، هەر لەو پەیوەندییەدا هەر کەسێک لە تاران جیاواز لە ماهیەت و نێوەڕۆک و سیاسەت و بە چ ئایدۆلۆژییەک و بە چ پرۆژەیەکی سیاسی پێناسە دەکرێ، ئامادەیی نیشان بدات بۆ چارەسەری کێشەکانی ئێمە، دەبێ ئەو وەک لایەنی بەرامبەر یان موخاتەبی خۆمان دابنێین. سێیەم: بیرۆکەی فیکری سیاسی رووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لە کەناڵی حیزبە ئێرانییەکانەوە هاتووەتە نێو جوڵانەوەی کوردی ئێران.

**ڕووداو: بەڵام لەنێو حیزبەکەی خۆشتدا بیروڕای جیاواز هەیە، سەرکردەتان هەیە پێیوایە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بڕووخێت. ئەگینا ئەو حکومەتە ناتوانێ مافی کورد بدات؟**

**خالید عەزیزی:** ئەوە بابەتی کورد نییە بەدوای رووخاندنی حکومەتدا بڕوات. ئێمە باشترین سیناریۆ ئەوە دادەنێین کە کۆماری ئیسلامی ئێران یان نەمێنێ یان ئەوەندە لاواز بێت، یان ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت، بوار بۆ سەرکەوتنی دۆزی کورد دروست ببێ، بەڵام ئەوە بە یەک سیناریۆ پێناسە ناکرێ. هەموو ئەو حاڵەتانە تەنیا ئەگەرن، بۆچی؟ چونکە سەرەڕای تێکۆشانمان ئەو وەزنە قورسەمان نییە کە نەخشەڕێی سیاسی داهاتووی ئێران دیاری بکەین. بەو دەلیلەیە کە من زۆرتر دووپات لەسەر دروستکردنی زەمینە بۆ تەرحکردنی داخوازییەکانمان دەکەمەوە.

**ڕووداو: ئەو داخوازیانەی تۆ تا چەند وەڵامی هەبووە لەلایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە؟**

**خالید عەزیزی:** وەزیفەی ئێمە ئەوە نییە قەناعەت بە تاران بهێنین، وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە ناچاربن مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە بێ. ئێمە حکومەتێکی پاشایەتیمان تاقیکردووەتەوە، حکومەتێکی ئیسلامیمان تاقیکردووەتەوە، هیچ گەرەنتییەک نییە حکومەتی دوای کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، سیاسەتەکانی بگۆڕێ.

**ڕووداو: بەڵام هەر ئەو رژێمەی ئێران قاسملو و شەرەفکەندی لە کاتی گفتوگۆدا تیرۆر کردووە، چ باوەڕێکت بەو حکومەتە هەیە لەگەڵی بچیتە سەر مێزی گفتوگۆ؟**

**خالید عەزیزی:** ئەم حکومەتە هیچ زەمینە و ئامادەسازییەکی نییە بۆ گفتوگۆ، بەڵام ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین ئەوەیە کە هەموو هێڵەکانمان نەخەینە نێو سەبەتەیەک. وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە لەو شوێنانەی ئەو حکومەتە زۆرتر دەتوانێ زەرەر ببینێ یان خۆی ناچار ببینێ و گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی خۆیدا بکات، با ئێمە لەو شوێنانە زۆرتر کار بکەین.

## ئێران وەڵامی دانیشتەکەی نەدایەوە

لە ماوەی 37 ساڵی رابردوودا هەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە مەیدانی شەڕی بۆ ئێمە دیاری کردووە. میتۆدەکان و شێوازی بەربەرەکانێی ئەو لەگەڵ ئێمە، وای کردووە ئێمە هەر وەڵامی بدەینەوە. هەمیشە ویستوویەتی ئێمە لە ناوچەیەک کە کوردستانە و ئەو بە جوگرافیایەکی ئەمنیەتی پێناسەی کردووە، وەڵامی بدەینەوە. زۆرتر بەدوای دروشمدا بڕۆین لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. ستراتیژی ئەو ئەوە بووە کە ئێمە لە کۆمەڵانی خەڵک دووربخاتەوە و بڵێ کێشەی کوردی ئێران کێشەی حیزبە سیاسییەکانە دەنا خەڵک کێشەیەکی نییە. من دەڵێم با کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر مەیدانی شەڕمان بۆ هەڵنەبژێرێ، منیش بۆ خۆم بێمە ئەو گۆڕەپانە، لە ئەنجامدا ناچار بەوە ببێ کە چۆن هەڵسوکەوت بکات.

**ڕووداو: بەڵام هاوڕێکانی خۆشت بڕوایان بەو پێشنیازەی تۆ نییە، بۆچی؟**

**خالید عەزیزی:** لە رابردووشدا لە نێو حیزبی دیموکرات تەنەوعاتێک لەسەر ئەو بۆچوونە هەبووە. دەمەوێ ئاماژە بە دوو سێ شتی قاسملوو بکەم. لەشەڕی سنەدا دکتۆر قاسملوو دەیگوت ئەگەر رۆژێک شەڕ درەنگ بکەوێ، کورد دەیان رۆژی قازانج کردووە. دوای ئەوەی گەڵاڵەی یەکەمی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەری نەگرت و ئێمە وەک دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە تایبەت شەخسی دکتۆر قاسملوو رێگەچارەی دیکەی دەدۆزییەوە، دروشمیان لە دژی دەگوتەوە و بە سازشکاریان مەحکوم دەکرد. بەدوای ئەوەدا هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر درا کە دیسان شەڕ دەستپێنەکاتەوە دکتۆر قاسملوو دەچێت لە ڤیەننا گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات. زۆر لایەن تەنیا لایەنی ئەمنیەتی ئەو بابەتە دەبینن و دەڵێن دکتۆر قاسملوو کەمتەرخەم بووە، بەڵام لەوە ناپرسن بۆ دکتۆر قاسملوو گفتوگۆی لەگەڵ ئێران دەکرد. بەبڕوای من دکتۆر قاسملووش بە لێکدانەوەی خۆی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا مەیدانی شەڕی بۆ ئێمە هێشتووەتەوە و هێزی ئێمەش لەبەرامبەر ئەوان نابەرامبەرە.

**ڕووداو: تاوەکو ئێستا توانیوتە مەیدانێکی ئاشتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران دروست بکەی؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە دەبێ مەیدان دروست بکەین، مەیدانەکەش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران رووبەڕووی ملیۆنەها کورد بکەینەوە، با ئێران تەنیا خۆی رووبەڕووی حیزبی دیموکرات و چەند سەت پێشمەرگەیەک نەکاتەوە. دەبێ گۆڕانکارییەک دروست بێ. یەکێک لە گۆڕانکارییەکان ئەوەیە واز لەو بۆچوونە بهێنین کە هەر کەسێک پێشمەرگە بێت، یان لە ریزی حیزبەکانی خۆماندا بێت، شۆڕشگێڕە، کوردێکی نیشتیمانپەروەرە و حەتمەن دەبێ دروشمی رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بدات. با ئەوە قبووڵ بکەین، خەڵکێکی زۆر لە ئێران خەباتی مەدەنی دەکەن، چالاکی یاسایی دەکەن، لە نێو پەرلەمانی ئێراندا بەدوای دەرفەتەکاندا دەگەڕێن. سوود لە بۆنەکانی وەکو نەورۆز دەبینن. چالاکی ژینگەیی دەکەن. ئەم جۆرە چالاکیانە کە ئەگەر ناو و ناتۆرەیان بۆ دروست نەکرێ، ئێمە مەیدانەکەمان بە جۆرێک گۆڕیوە کۆماری ئیسلامی رووبەڕووی خەڵکەکە ببێتەوە. بەداخەوە ئەو جۆرە میتۆدانە لە نێو حیزبەکاندا بەهێز نەبوون.

## شوێنی ئێمە باشووری کوردستان نییە

## بە ئێرانییەکانم گوت چارەسەری کێشەی کورد هەردوولای دیموکراتی پێویستە

## رووخانی کۆماری ئیسلامی دروشمی کورد نییە

## ئەو وەزنە قورسەمان نییە نەخشەڕێی داهاتووی ئێران دیاری بکەین

**ڕووداو: تۆ هەشت ساڵ لەمەوبەر لە رۆژنامەی (ڕووداو) ئەم تەرحانەت کردووە و کەنگەشەی زۆری دروستکردووە، دوای ئەوەش چەند جارێک نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانت بینیوە، لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆتان کردووە؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە لەدوایین دانیشتنمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەوانەدا چووین. هۆیەکەشی ئەوەیە مادام دەسەڵاتی ئێران کۆماری ئیسلامییە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئەگەر زەمینەیەک و ئامادەسازییەکی هەبێ، خەڵکانێک لە نێو ئەواندا بن دەبێت ئێمە بیانکەین بە موخاتەب، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامی نەبووە.

**ڕووداو: چۆن باسی ئەو بابەتەتان کرد؟**

**خالید عەزیزی:** قسەکانمان ئەوە بوو کە ئێمە لە ماوەی 37 ساڵی خەباتمان نەمانتوانیوە ئێوە بڕووخێنین، ئێوەش نەتانتوانیوە ئێمە لە مەیدانەکە دەربکەن. ئەگەر وایە کۆماری ئیسلامی و دۆزی کورد لە ئێران هەردووکیان ئەمری واقیعن. قبوڵی ئەمری واقیع هەردوولا دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێت بەدوای رێگەچارەیەکدا بڕۆین. ئێمە پێشنیازی رێگەچارەکەشمان کردووە.

**ڕووداو: پێشنیازەکە چییە؟**

**خالید عەزیزی:** گوتوومانە دۆزی کورد لە عێراق بەدوای چارەسەریدا دەڕوات، لە سووریا چارەنووسێکی لەو شێوەیەی هەیە، لە تورکیا پرۆسەی چارەسەری هەیە. لە حاڵێکدا ئێوەی ئێرانی دەڵێن کورد و ئێرانی زۆر لەیەک نزیکن، بۆ بەدوای چارەسەریدا ناڕۆن.

**ڕووداو: واتا دانیشتنەکە زۆر دوور نییە؟**

**خالید عەزیزی:** دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر بوو، هەر ئەو دانیشتەش بوو.

**ڕووداو: لە هەولێر بوو؟**

**خالید عەزیزی:** بەڵێ لە هەولێر بوو.

**ڕووداو: ئەوانەی ئێوە لەگەڵیان دانیشتن هەر ئەوانەی هەولێر بوون، یان لە ئێرانەوە هاتبوون؟**

**خالید عەزیزی:** لە ئێرانەوە هاتبوون. راستییەکەی دانیشتنەکە بۆ ئەوە بوو کە چۆن بە قەناعەتێک بگەن. مەسەلەی کورد لە ئێران ناکرێ نادیدە بگیرێ. تەنیا رێگا رێگەی چارەسەرییە، رێگەی چارەسەریش گفتوگۆیە.

**ڕووداو: هیچ وەڵامیان هەبوو بۆ ئەو دانیشتنە؟**

**خالید عەزیزی:** تا ئێستا وەڵامێکمان نەبیستووەتەوە.

**ڕووداو: ئەگەر وەڵامێکی ئەرێنیتان بدەنەوە، ئامادەن بچن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کاری سیاسی بکەن؟**

**خالید عەزیزی:** ئەگەر کۆماری ئیسلامی مۆڵەت بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بدات لە نێوخۆی ئێراندا چالاکی سیاسی بکەن، هیچ پاساوێک نابینم کە هیچ حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی ئێران بێت. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لەوێ دەستمان بە ملیۆنان خەڵکی خۆمان رادەگات سیاسەتیان لەگەڵ بکەین.

**ڕووداو: ئەگەر بە تەنیا رێگە بە حدک بدات و ئێوە وەکو نوێنەری کورد حیساب بکات و بڵێن وەرن کار بکەن و بتانکەن بە حیزبێکی فەرمی لەنێو ئێران، ئێوە ئامادەن بە تەنیا بچنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** دەبێت زەمینەیەک لە کوردستانی ئێران دروست ببێ کە چالاکیی سیاسی تێدا بکەین، دەنا ئەو چالاکییە کە چەندین حیزب هەیە، زۆر زوو ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستن. ئەو حیزبە دەکەوێتە بەر هێرشی لایەنەکانی دیکە، بەداخەوە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردیش بۆ ئەو شتانە ئامادەگی زۆرە کە لەنێوخۆیدا کێشەیەکی وا دروست ببێت و لەو مامەڵەیەدا هەم ئێمە و هەم لایەنەکانی دیکە زەرەر بکەین. تەسەور ناکەم شتێکی وا عەمەلی بێت.

**ڕووداو: دوای ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دانیشتن و وەڵامتان وەرنەگرتەوە، لەسەر بۆچوونی خۆتان بەردەوامن کە مەیدانی گفتوگۆی ئاشتیانە دروست بکەن؟**

**خالید عەزیزی:** من پێموایە مەیدانی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت هەمیشە لە جێگەی خۆیدا بێت. هۆیەکەی چییە؟ ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئێران 10 ملیۆن کەسە، ئێران وڵاتێکی 70 ملیۆنییە. ئەو 10 ملیۆن کەسە خۆی لەنێو کۆمەڵگەیەکی 80 ملیۆنی چۆن دەبینێ؟ جوگرافیای کوردستان لە نێو جوگرافیای ئێران خۆی چۆن دەبینێ؟ ئەگەر ئێمە بە تەنیا توانای ئەوەمان نییە کە ئێران پێویستە بەو جۆرە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئۆپۆزیسۆنی ئێرانیش تاوەکو ئێستا نەبووە بە ئەڵتەرناتیڤی ئەو دەسەڵاتە، هەتا بەرامبەر ئێمەش بۆچوونی باش نییە، ئەی ئێمە بۆچی شێوەکان و میتۆدەکانی دیکەش لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەت تاقی نەکەینەوە.

**ڕووداو: ئێرانێک کە ئەوکات ئەمریکا و ئەورووپا دۆستی نەبوون، وەڵامی ئێوەی نەداوەتەوە، ئێستا کە رێکەوتن هەیە، کرانەوە هەیە، بڕوات وایە وەڵامتان بداتەوە؟**

**خالید عەزیزی:** بەبڕوای من ئەگەر ئێران بچێتە نێو گەمەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆنترۆڵ و چاودێریی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لەسەر بێت، لە نێوخۆی وڵات جموجۆڵ هەبێت، ئێران لەوێ پاشەکشە دەکات. هەتا ئێران تێکەڵاوی لەگەڵ دونیای دەرەوە پەیدا بکات و هاتوچۆ هەبێت، وردە وردە لە روانگەی نێودەوڵەتی کرانەوەیەک بەرامبەر کورد پەیدا دەبێت و رەنگە بپرسن ئێوە چین؟ چ کۆمەڵگەیەکن؟ بەدوای چیدا دەگەڕێن؟ ئەندامتان لە پەرلەمان هەیە؟ بە زمانی خۆتان دەخوێنن؟ مەبەستی من ئەوەیە کە ئێمە دەبێ کێشەکە ببەینەوە نێوماڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

## دەبێ کێشەکە ببەینەوە نێوماڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**ڕووداو: سەرەڕای ئەوەی حکومەت وەکو خۆتان دەڵێن هەوڵ دەدات سیاسەتەکانی خۆی دژی کورد دابڕێژێتەوە هێشتا باوەڕتان بەوە هەیە مەیدانی ئاشتی و دیالۆگ هەبێ؟**

**خالید عەزیزی:** 37 ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە شەڕ و شۆڕشداین. ئێمە دەبێ ئاوڕ لە خەباتی 37 ساڵەمان بدەینەوە لە کوێ چاکمان کردووە، لە کوێ هەڵەمان کردووە، دەبێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر رابردووی خۆت بکەی، بۆ ئەوەی بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو بکەی.

**ڕووداو: ئەوەی بەڕێزت باسی دەکەی، هەستکردنە بە ماندووبوون؟**

**خالید عەزیزی:** ئەمە ماندوو بوون نییە، بەدواداچوونە بۆ ئەوەی چ شتێکی تازە بێنی، تاوەکو ئەو خەڵکە لە مەیدانەکە رابگری. ماندوو بوون ئەوەیە کە بە تاک رەهەند سەیری کۆماری ئیسلامی بکەی و دروشم لە دژی بدەی.

**ڕووداو: هیچ سەرکردەیەک بەدەر نییە لە هەست و سۆز، ئەوەی ئێوە بەشێک نییە لەوەی کە بیری زێدی خۆتان دەکەن؟**

**خالید عەزیزی:** با. ئێمە مرۆڤین، ئەگەر سیاسەتیش دەکەین و ناچار بە بڕیاری توند دەبین، بەڵام دواجار مرۆڤین. من زۆرجار گوتوومە سەرەڕای رێزم بۆ باشووری کوردستان و ئەمەکناسیی خەڵکەکەی بەرامبەر بە حیزبی دیموکرات، بەڵام جێگەی ئێمە باشووری کوردستان نییە. ئەو پرۆژەی حیزبی دیموکرات هەیەتی دەبێ لە نێوخۆدا جێبەجێ بکرێ، لە کوردستانی عێراق جێبەجێ ناکرێ. ئێمە بەناچاری هاتووینەتە ئێرە.

**ڕووداو: ئەگەر هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێنە سەربۆچوونی تۆ، پێتوایە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامتان بداتەوە؟ یان دەبێ بە زمانی چەک ناچاری بکەی بیهێنیتە مەیدان؟**

**خالید عەزیزی:** لە هەنگاوی یەکەمدا من ئارەزووم دەکرد حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەموومان یەک دەنگ و یەک رەنگ و یەک گوتار بووینایە بۆ ئەوەی ئەدرەسێکی بەهێز بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دروست بکەین. لە هەنگاوی دووەمدا رەنگە بەدوای ئەوەدا نەگەڕابوونایە کە ئەو گوتارە تەنیا گوتاری ئێمە بێ. کێشە لەوەدایە کە ئەو بەربڵاوییە وایکردووە تۆ ئەدرەسێکی بەهێزت بەرامبەر کۆماری ئیسلامی نەبێ.

**ڕووداو: لەو بەربڵاوییە تۆ بەتەنیای، ئەوانی دیکە بڕوایان بە خەباتی چەکداری هەیە..**

**خالید عەزیزی:** ئێمە 37 ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر خەبات دەکەین، خۆ دەبێت لە شوێنێک ئەنجامێکی هەبێ. خۆ ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی چەکداریمان وەلانەناوە. کێشەکە لەوەدایە ئەرێ ئەو خەباتە ئێمە بەرەو کوێ دەبات؟ ئایا بەو خەباتە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ؟ ئایا بە خەباتی چەکداری ئێمە ئەوەندە سەرئێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکەین کە ناچار بن وەڵاممان بدەنەوە؟ من دەڵێم ئەوە بە جێگەی خۆی، بەڵام خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات کە کۆماری ئیسلامی زۆر پێی عاجزە، رەنگە ئا لێرەدا وەڵاممان بداتەوە.

## پرۆژەی حیزبی دیموکرات لە باشووری کوردستان جێبەجێ ناکرێ

**ڕووداو: ئەو بۆچوونەی بەڕێزت تا چەند بێ هیوابوونە لە ئەمریکا و خۆرئاوا؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە بەردەوام گوێمان لە هەڕەشەی ئەمریکایە بۆ سەر ئێران، هەڕەشەی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی بۆ سەر ئێران، من بەردەوام گوتوومە نابێت بە هەڕەشەی ئەوان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین. ئێستاش کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوە بەرەوپێش دەچێت و دەیانەوێ رەفتاری ئێران بگۆڕدرێ، ئێمە دەبێ بیرێکی باشتر لە حاڵی خۆمان بکەینەوە.

**ڕووداو: ئەگەر کاربەدەستانی ئێران لەو شاشەیە گوێیان لە تۆ بێت دەتانەوێ چییان پێبڵێی؟**

**خالید عەزیزی:** دەمەوێ پێیانبڵێم دۆزی کورد لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قۆناغێکدایە نکۆڵی لێناکرێ. کۆماری ئیسلامی هیچ رێگەچارەیەکی نییە جگە لە ئیعترافکردن بە مافەکانی کورد لە ئێران.

**ڕووداو: ئامادەن بە تەنیا گفتوگۆیان لەگەڵ بکەنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** تەماشا دەکەین بە چ مەبەستێک هاتوون، لە گفتوگۆ لەگەڵ خۆشیان پێمان گوتن چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستان لانیکەم هەردوولای دیموکراتی پێویستە.

رووداو
كوردستانی
ژمارە (411) دووشـەممە 2016/6/6



## ئەردۆغان: ئۆپەراسیۆنەكان بەردەوام دەبن

**رووداو- ئیستەنبوڵ**

رۆژی 2016/6/04 رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆككۆماری توركیا بەشداری لە 25مین كۆنگرەی ئەنجوومەنی هەناردەكارانی توركیا لە شاری ئیستەنبوڵ كرد و رایگەیاند، بۆ گەشەسەندنی زیاتری وڵات پێویستە دەستووری توركیا سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە و سیستەمی سەرۆكایەتی پەسند بكرێت. ئەردۆغان لەبارەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكانی سوپای توركیا لە باكووری كوردستان رایگەیاند "ئەو لایەنەی بەنیازە سیستەمێكی جیاواز بە ناوێكی جیاواز بۆ پارچەپارچەكردنی توركیا دابمەزرێنێ، دڵنیابن سزای قورسیان بەردەكەوێ". هەروەها گوتی "تا رادەستكردنەوەی سەرجەم چەكەكان و دیاریكردنی شوێنەكانیان و لەنێوبردنیان لەلایەن سوپاوە، ئۆپەراسیۆنەكان ناوەستێندرێن، یان دەبێت وڵات بەجێبێڵن".

### دوای منبج نۆرەی ئەلبابە

# ئۆپەراسیۆنی كۆنترۆڵكردنی منبج دوو هەفتە دەخایەنێ



شەڕڤانان لە دوو قۆڵەوە بەرەو سەنتەری منبج پێشڕەوی دەكەن

**رووداو- هەولێر**

ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی منبج دوو هەفتە دەخایەنێ و دوای منبج هێزەكانی سووریای دیموكرات بەرەو ناوچەی ئەلباب درێژە بەو ئۆپەراسیۆنە دەدەن. چاودێرێكی سیاسی لە توركیا پێیوایە ئەنقەرە ملكەچی واقیع بووە و بەرامبەر رزگاركردنی منبج بێدەنگ دەبێ.

ژمارەی دانیشتووانی شارۆچكەی منبج 80 هەزار كەسە، لە باشوورەوە 85 كیلۆمەتر لە شاری حەلەب دوورە، لە بەری باكووریش 40 كیلۆمەتر لە جەرابلوس دوورە. منبج دەكەوێتە رۆژهەڵاتی كۆبانێ بە 65 كیلۆمەتر و رۆژئاوای ئەلباب بە دووریی 45 كیلۆمەتر.

ئەو شارۆچكەیە لە دوای رووداوەكانی سووریا، لە ساڵی 2012 كەوتە دەست سوپای ئازادی سووریا، بەڵام لە ساڵی 2014 كەوتە دەست چەكدارانی داعش. زۆربەی دانیشتووانی منبج عەرەبن، بەڵام توركمان، چەركەس و كوردیشی تێدایە.

دوای چاوەڕوانییەكی زۆر، رۆژی یەكی ئەم مانگە بەهەماهەنگیی نێوان هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و هێزەكانی سووریای دیموكرات و ئەنجوومەنی سەربازیی منبج، ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی ناوچەی منبج لە داعش دەستی پێكرد.

هۆكاری سەرەكی دواكەوتنی ئۆپەراسیۆنەكە توركیا بوو، چونكە پێشتر رایگەیاندبوو پەڕینەوەی هێزەكانی سووریای دیموكرات كە یەپەگە بە بزوێنەری دادەنرێت، بۆ رۆژئاوای رووباری فورات هێڵی سوورە، بەڵام دوای دەستپێكردنی ئۆپەراسیۆنەكە نەرمبوونێك لە هەڵوێستی توركیادا بەدی دەكرێت.

عومەر تاشپنار رۆژنامەنووس و چاودێری سیاسیی تورك كە دانیشتووی ئەمریكایە، نەرمبوونی خیتابی توركیا بۆ ئەو گفتوگۆ تەلەفۆنییە دەگێڕێتەوە كە رۆژی 19ی مانگی رابردوو لەنێوان ئۆباما و ئەردۆغاندا كرا.

تاشپنار بە میدیاكانی توركیای گوت، رووداوەكان بەو شێوەیە بەڕێوەناچن كە توركیا دەیویست "ئەمریكا، توركیای ناچار كرد هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت. ئۆباما بە ئەردۆغانی گوت (توركیا وەكو ئەوەی دەخوازێ، ناتوانێ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەم ناوچەیە بكات. لە رووی سەربازیشەوە ناكرێ لە ناوچەكەدا ئۆپەراسیۆنێك بەبێ یەپەگە بكرێ). فەرماندە سەربازییەكانی ئەمریكا بە ئیدارەی كۆشكی سپییان راگەیاندووە ئەو كارە بەبێ یەپەگە سەرناگرێت".

تاشپنار لە درێژەی قسەكانیدا دەڵێت: "ئەمریكا گەرەنتی داوەتە توركیا كە دوای ئازادكردنی منبج یەپەگە لە ناوچەكە دەكشێتەوە و هاوسەنگی ئەتنیكی لە منبج تێكناچێت. بۆیە گۆڕانێك لە هەڵوێستی ئەردۆغاندا روویداوە".

بەڵام ئیدریس نەعسان، چاودێری سیاسی لەناوچەی كۆبانێ مەترسی خۆی لەو بێدەنگییەی توركیا ناشارێتەوە و پێیوایە توركیا سوورە لەسەر هەڵوێستی دژبەرانەی خۆی لە پەڕینەوەی شەڕڤانانی كورد بۆ رۆژئاوای رووباری فورات.

نەعسان بە (رووداو)ی گوت "بەهۆی ئەو هەڵوێستەی توركیاوە سەركردایەتی پلانەكە كەوتە دەستی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج كە زۆربەیان عەرەبن، رۆڵی هێزەكانی سووریای دیموكرات بووە پشتگیریی لۆجستیكی، رێژەی بەشداریی كورد بووە 20%".

سەبارەت بە بێدەنگیی توركیا و رێگادان بە ئۆپەراسیۆنەكە، نەعسان دەڵێت "توركیا بە وردی چاودێریی هەڵمەتەكە دەكات و هێز و كەرەستەی سەربازی لەسەر سنوور كۆدەكاتەوە، ئەوەش ترس دروست دەكات نەوەكو توركیا هێرش بكاتە سەر ناوچەكانی جەرابلوس و ئەلعەزاز، بۆ ئەوەی رێگا لەو هێزە هاوبەشە بگرێت كە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پشتگیرییان دەكات".

ئۆپەراسیۆنەكەی منبج لە سەرەتای ئەم مانگە دەستی پێكرد و درێژەی هەیە. تاوەكو ئێستا چەند گوند و بەرزاییەك لە دەستی داعش دەرهێنراون. شەڕڤان دەروێش، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج بە (رووداو)ی گوت "لە دوو قۆڵەوە پێشڕەوی دەكەین. لە پردی قەرەقۆزاك و بەنداوی تشرین. لە قۆڵی بەنداو تاوەكو ئێستا چەند گوندێكمان لەدەستی داعش دەرهێناوە. لە پردی قەرەقۆزاك بەهەمانشێوە بەردەوامین لە پێشڕەوی. وەكو نەخشەمان بۆ كێشابوو ئۆپەراسیۆنەكە درێژەی هەیە. فڕۆكەكانی هاوپەیمانان بەردەوام سەنگەرەكانی داعش بۆردومان دەكەن. لە ئۆپەراسیۆنەكەدا هێزی تایبەتی ئەمریكا بەشدارە. ئەوان راوێژكاری دەكەن و هەماهەنگی لەگەڵ فڕۆكە جەنگییەكان دەكەن".

سەرچاوەیەكی سەربازی لە ناوچەكە كاتی تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەكەی بۆ (رووداو) ئاشكرا كرد و گوتی "بەهۆی بەرفراوانی ناوچەكە ئۆپەراسیۆنی رزگاركردنی منبج دوو هەفتە دەخایەنێ".

ئیدریس نەعسان كە پێشتر بەرپرسی پەیوەندییەكانی دەرەوەی كانتۆنی كۆبانێ بوو، دەڵێت "بەرگریی داعش شپرزە بووە لەبەردەم گورزی فڕۆكەكانی هاوپەیمانان و توانای شەڕی ئەنجوومەنی سەربازیی منبج. ئەو هێزە كەمتر لە 10 كیلۆمەتری ماوە بگاتە نێو منبج. ئەگەر هێرشەكە بەمشێوەیە بەردەوام بێت پێشبینی دەكرێت لە دوو هەفتەی داهاتوودا تەواوی شارەكە ئازاد بكرێ".

نەعسان پێیوایە هەڵمەتەكە بە ئازادكردنی منبج ناوەستێت، بەڵكو تا رزگاركردنی ناوچەی ئەلباب كە 45 كم لە منبج دوورە بەردەوام بێت. لەمبارەیەوە دەڵێت "پێكهاتەكانی شاری ئەلباب ئەنجوومەنێكی هاوبەشیان بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەكە دوای رزگاركردنی دروستكردووە، داوایان لە هێزەكانی سووریای دیموكرات و ئەنجوومەنی سەربازیی منبج كرد بەرەو شارەكەیان بچن و لەدەستی داعش رزگاریان بكەن، بۆیە پێموایە هێزە هێرشبەرەكە هەڵمەتەكەی بۆ شاری ئەلباب درێژە پێدەدات بۆ ئەوەی رێگای پەیوەندی داعش لەگەڵ سنووری توركیا بە تەواوەتی بپچڕێنێ".

دوای رزگاركردنی منبج و ئەلباب، تەنیا شارۆچكەی مارع دەمێنێ بۆ یەكگرتنەوەی كۆبانێ و عەفرین كە ئێستا لەلایەن داعشەوە گەمارۆ دراوە. سەرچاوەیەك لە ناوچەی شەهبا بە (رووداو)ی گوت "دوور نییە داعش بۆ قەرەبووكردنەوەی شكستەكانی لە منبج و ناوچەكە هێرش بكاتە سەر مارع، لە ئەگەری گرتنی مارع مەترسییەكی گەورە لەسەر كانتۆنی عەفرین دروست دەبێت، چونكە دووریی نێوان مارع و عەفرین تەنیا 25 كیلۆمەترە".

ئیدریس نەعسان ئەو مەترسییە بەدوور نازانێت و دەڵێت "بێگومان ئەگەر مارع بكەوێتە دەستی داعش، لەلایەك مەترسی لەسەر كانتۆنی عەفرین دروست دەكات و لەلایەكی دیكە رێگا بۆ داعش خۆش دەكات بۆ ئەوەی هەموو ئەلعەزاز گەمارۆ بدات و داگیری بكات، بەمەش جارێكی دیكە دەبێتە هاوسنووری توركیا و دەروازەی نوێ بۆ بەدەستهێنانی هاوكاریی سەربازی و لۆجستیكی و هێنانی شەڕڤانی بیانی لەنێو خاكی توركیاوە بەدەست دێنێ. بۆ ئەمەش هێزی سوریای دیموكرات لە عەفرین لە ئامادەباشیدان، ئەو كاتیش توركیا و هاوپەیمانانی، ناتوانن ئاستەنگ بۆ ئەو هێزە دروست بكەن".

# جموجۆڵی دەروازەی خابوور 50% كەمی كردووە




خاوەنی كۆمپانیایەكی گواستنەوە: بەهۆی ئەو بارودۆخەوە 30 تانكەرم فرۆشتووە

**رووداو- هەولێر**

بەهۆی شەڕی پەكەكە و دەوڵەتی توركیا، شەڕی داعش، قەیرانی ئابووری لە هەرێمی كوردستان، باجی گومرگی عێراقی لەسەر ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە توركییەكان، دابەزینی نرخی نەوت و زەحمەتی وەرگرتنی ڤیزا، جموجۆڵی بازرگانی لە دەروازەی خابوور، بۆ زیاتر لە نیوە لە كورتیی داوە و كەرتی بازرگانی و گواستنەوە لە باكووری كوردستان پەكی كەوتووە.

دەروازەكانی (گیرمەلی، شەنیورد، جەیلان پنار، ئاكچەقەڵا، مورشیدپنار، قارقامیش، چۆبانبەی، ئۆنجوپنار، ئیسلاحیە و جلیڤگۆزو) كە توركیا لە رێگای سووریاوە بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەستنەوە، لەدوای رووداوەكانی سووریا بە رووی بازرگانیدا داخران. هەروەها دەروازەی ئەسەندەرە لەناوچەی گەڤەر بەهۆی شەڕی پەكەكە و دەوڵەتی توركیاوە داخراوە. ئەمەش بایەخی دەروازەی خابووری لەگەڵ هەرێمی كوردستان زیاتر كرد، چونكە خابوور بووە تاكە پردی بازرگانی لەگەڵ عێراق و دەرەوەی توركیا.

بەڵام رووداوەكانی دوای حەوتی حوزەیرانی 2015، گورزێكی گەورەیان لە جووڵەی بازرگانی لەو دەروازەیە دا. بەهۆی لەبارچوونی پرۆسەی چارەسەری و دەستپێكردنەوەی شەڕ لەناوەندی شارەكان، كارگەكان لەكاركەوتن. دواتر بەهۆی شەڕی جەزیرە و سلۆپی بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ دەروازەی خابوور داخرا. دوای تەواوبوونی ئۆپەراسیۆنەكانی سلۆپی و كردنەوەی دەروازەی خابوور، ئەمجارە شەڕی نوسێبین بووە هۆی داخستنی رێگای نێودەوڵەتی كە بە رێگای ئاوریشم ناسراوە. بۆیە جووڵەی بازرگانی لە رێگای میدیات دەستی پێكرد، بەهۆی دووریی ئەم رێگایەش نرخی گواستنەوە زیادی كرد و كاتی زیاتریشی پێویست بوو.

### بازرگانی 50%ی كەم كردووە

شا ئیسماعیل بەدرخان ئۆغلو، سەرۆكی كۆمەڵەی كارسازان و پیشەوەرانی باشووری رۆژهەڵات (GÜNSİAD) بە (رووداو)ی گوت "بازرگانی لە دەروازەی خابوور 50% لە كورتی داوە. بازرگان و كارسازان تووشی زەرەر بوون و پارەیان خوراوە".

هەروەها نیهاد بیلیشك، سەرۆكی رێكخراوی كارسازانی شڕناخ دەڵێت "بازرگانی لە نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان بۆ ئاستی سفر دابەزیوە. لە نێوان ساڵانی 2013- 2014 مانگانە 500 تڕێلە كەرەستەی دروستكردنی خانووبەرە و مەڕمەڕمان دەناردە هەرێمی كوردستان و عێراق. ئێستا مانگانە تەنیا 20 - 30 تڕێلە هەناردە دەكەین، داهات تا 85% لە كورتیی داوە. پێشتر ساڵانە ملیۆنێك دۆلار داهاتمان بوو، ئێستا بۆ 50 هەزار دۆلار دابەزیوە".

بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی گومرگ و بازرگانی توركیا، لە ساڵی 2013دا 575 هەزار تڕێلە لە دەروازەی خابوور هاتوونەتە نێو خاكی هەرێمی كوردستان، لە 2014 ئەو ژمارەیە بۆ 685 هەزار تڕێلە هەڵكشاوە، بەڵام ساڵی رابردوو كەمی كردووە بۆ 606 هەزار تڕێلە و لە پێنج مانگی یەكەمی ئەمساڵیش تەنیا 200 هەزار تڕێلە هاتوونەتە نێو هەرێمی كوردستان.

قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان توركیا و عێراق لە ساڵی 2013دا 12 ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی 2014دا 10.8 ملیار دۆلار بووە، بەڵام لە ساڵی 2015دا بۆ 8.5 ملیار دۆلار دابەزیوە. ئەو ئاڵوگۆڕەش بە پلەی یەك لەڕێی دەروازەی خابوورەوە بووە.

نەواف چەلیك، سەرۆكی كۆمەڵەی كارساز و پیشەوەرانی توركیا – عێراق، باسی هۆكاری كەمبوونەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە نێوان توركیا و عێراق دەكات و دەڵێت "جگە لە كێشەكانی نێوخۆی توركیا، ئەمڕۆ ئۆتۆمبێلی ژمارە توركیا ناتوانێ سنووری هەرێمی كوردستان بەرەو عێراق تێپەڕێنێ. هەروەها دووجار وەرگرتنی باجی گومرگی لەنێو خاكی هەرێمی كوردستان و عێراق گەورەترین هۆكارە لەبەردەم ئاستەنگكردنی جووڵەی بازرگانی. دوای ئەوەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری توركی لە خاكی هەرێمی كوردستان دەچێتە عێراق، ناچار دەكرێت هەزار دۆلاری دیكە باج بدات. ئاستەنگەكانی بەردەم وەرگرتنی ڤیزاش وا دەكەن كارسازانی عێراق زۆر بە زەحمەت بگەنە توركیا".

### زەرەرمەندی یەكەم شوفێری تڕێلەكانن

بەهۆی گەشەی بازرگانی لەنێوان توركیا – هەرێمی كوردستان/عێراق لەچەند ساڵی رابردوودا، ئابووریی باكووری كوردستان بووژایەوە. دەروازەی خابوور ببووە سەرچاوەی داهات بۆ هەزاران كورد، بەڵام كەمبوونەوەی قەبارەی بازرگانی لەم دەروازەیە بەتایبەتی كاریگەری خراپی لەسەر كەرتی گواستنەوە و شوفێری تڕێلەكان بەجێهێشتووە. شوفێری تڕێلەكان جگە لە كەمبوونەوەی ژمارەی سەفەرەكانیان بۆ هەرێمی كوردستان و عێراق، نرخی بارەكانیشیان لەچاو جاران كەم بووەتەوە.

سەدات بۆزان شوفێری تڕێلە كە خەڵكی شاری باتمانە لە باكووری كوردستان و كاری گواستنەوەی كەلوپەل لە مێرسین بۆ كوردستان و عێراق دەكات، بە (رووداو)ی گوت "بەر لە دوو ساڵ لە هەر بارێك هەزار دۆلار دەستكەوتمان هەبوو، ئێستا 100 دۆلارە".

هەروەها محەممەد ئارپالی كە خەڵكی ماردینە دەڵێت "سەرەڕای ئەوەی وەرزی دروستكردنی خانووبەرە دەستی پێكردووە، بەڵام مانگانە تەنیا یەك بارمان هەیە، ئەویش 100 — 150 دۆلارمان بۆ دەمێنێتەوە. چەندین هاوڕێم بەهۆی بێكارییەوە تڕێلەكانیان راگرتووە".

### بازرگانی توركیا – عێراق لە دووەمەوە بۆ پێنجەم

بەگوێرەی بەیاننامەیەكی دەزگای ئاماری توركیا (Tüik) پێش شەڕی داعش، قەبارەی بازرگانیی توركیا لەگەڵ عێراق بەبەراورد بە بازرگانی توركیا لەگەڵ وڵاتی لە ریزبەندی دووەم و لەدوای ئەڵمانیا دەهات، بەڵام دوای ئەو شەڕە ریزبەندییەكە گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە و ریزبەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ عێراق لەپلەی پێنجەم دایە.

### دابەزینی نرخی نەوت هۆكارێكی دیكەیە!

لوقمان یوردەم، خەڵكی باتمانە و خاوەنی كۆمپانیای (YURDEM PETROL) بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو و بەرهەمەكانی لە هەرێمی كوردستان بۆ توركیا. پێیوایە دابەزینی نرخی نەوت كاریگەری لەسەر قەبارەی بازرگانی لە خابوور كردووە.

یوردەم بە (رووداو)ی گوت "50 تانكەری گواستنەوەی نەوتم هەبوو. بەهۆی ئەو بارودۆخەوە 30 تانكەرم فرۆشت. ئێستا هەر تانكەرێك مانگە 300 دۆلار داهاتی هەیە. لە رابردوو هەر تانكەرێك مانگانە سێ جار دەهاتە باشووری كوردستان. ئێستا تەنیا جارێك دێت، ئەویش قیری شل بۆ عەنتاب دەگوازێتەوە".

# ئەمریکا بەدەست "موهەندیسەکەی عێراق"ەوە گیری خواردووە

رووداو- هەولێر

لە پشت دامەزران و دەرکەوتنی حەشدی شەعبییەوە، فەرماندەیەکی توندڕەوی عێراقی و لایەنگری کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە کە پێشتریش هەر لەو وڵاتە مەشقی کردووە و لە لیستی تیرۆری ئەمریکاشدایە. ئەو بیر لە کۆمارێکی ئیسلامی و سوپایەکی پاسدارانی عێراقی دەکاتەوە، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە، هەوڵەکان بۆ وەدیهێنانی ئەم بیرۆکەیە دەشێت ڕێگە بۆ جەنگێکی ناوخۆیی درێژخایەن خۆش بکات.


## دەرکەوتنی موهەندیس و حەشدەکەی

یەک دەیە لەمەوبەر، ئەمریکا لەگەڵ کەسێکی عێراقی بەناوی جەمال جەعفەر ئیبراهیمی لە یاریی مشک و پشیلەدا بوون. ئەوکات ئیبراهیمی خۆی لە دەست ئەمریکییەکان دەشاردەوە. دادگای کوێتیش بە تۆمەتی ڕێکخستنی هێرشەکانی سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و فەرەنسا لە هەشتاکان بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکردبوو.

بەڵام جەنگی داعش و تێکشکانە یەک لە دوای یەکەکانی سوپای عێراق بارودۆخەکەی گۆڕیوە، ئەمڕۆکە ئیبراهیمی کە بە ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس ناسراوە، بە یەکێک لە کاریگەرترین فەرماندەکانی حەشدی شەعبی دادەنرێت. حەشدی شەعبی دەڵێن ئیبراهیمی ئەو کەسە بوو کە نەیهێشت داعش لە ساڵی 2014دا پێشڕەوی زیاتر بکات.

زۆربەی چەکدارانی حەشد، ئەلموهەندیس بە کەسێکی خاکی و نەترس و باوکی چەکداران وەسف دەکەن، بەڵام دەرکەوتنی ئەم فەرماندەیە و حەشد بە گشتی دەرخەری واقیعێکی نوێیە لە عێراق کە تێیدا دارودەستەکانی ئێران (کە سەردەمێک گەورەترین هەڕەشە بوون بۆ ئەمریکا) یەکێک لە بەهێزترین گرووپە چەکدارییەکانی (داعش)ن.

مەشعان جبووری، پەرلەمانتاری سوننە دەڵێت ئیبراهیمی هیچکات ئەوەی نەشاردووەتەوە کە خوازیاری دەوڵەتێکی ئاینیی شیعەی سەر بە مۆدێلی کۆماری ئیسلامییە و



ئەبو مەهدی ئەلموهەندیس

خۆیشی بە "نوێنەری عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران" دەزانێت.

هەر لەوبارەوە موەفەق روبەیعی کە ماوەیەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی بوو، دەڵێت "هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەی شۆڕشی ئیسلامی پاڵنەری سەرەکی ئیبراهیمی بوو". ئیبراهیمی خۆی لە سەرەتای حەفتاکانەوە ئەندامی حیزبی دەعوەیە.

بەگوێرەی بەرپرسانی عێراقی و ئەمریکی، سەرکەوتنی حەشد ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێت لەوەی کە ئایا دەسەڵاتی ئێران لە عێراق درێژە دەکێشێ و هەروەها عێراق پاش جەنگی داعش بە یەکپارچەیی دەمێنێتەوە یان نا. زاڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق، بە ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت جورناڵی ڕاگەیاندووە "حەشد ژێرخانی جەنگی ناوخۆیی داهاتووی عێراقە، ئەم هێزانە بناغەی بەردەوامی پێکدادانەکان و هەلومەرجەکانی سەرهەڵدانەوەی تۆقان و تیرۆرن دوای داعش، هەڵبەت ڕەنگە ئەمجارەیان بە ناوێکی جیاوازەوە بەردەوام بێت".

بەگوتەی خەلیلزاد، ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی 2005 بۆ 2007 دووجار هەوڵی دەستگیرکردنی ئیبراهیمیان دابوو، بەڵام هەردوو هەوڵەکان بێئاکام بوون. ئیبراهیمی پاش ئەم هەوڵانە ڕایکردبووە ئێران و ماوەی دوو ساڵ لەم وڵاتە مابووەوە.

ئەمریکییەکان کەیفیان بە ئەلموهەندیس نایەت، تەنانەت یەکێک لە بەرپرسانی ئەمریکی لە عێراق ئیبراهیمی بە "زۆڵێکی خوێنڕێژ" وەسفدەکات، بەڵام بەدەست دۆسیەی ئیبراهیمیەوە داماون، وەکوو ستیف وۆرن گوتەبێژێکی هاوپەیمانان ئاماژەی پێدەدات "ئێمە ئەو بە تیرۆریست دەناسین، بەڵام چی بکەین ئەو لە عێراق شتە و بۆیەش دەبێت حیسابی بۆ بکەین".

شتێکی ئەوتۆ لەبارەی باکگراوندی ئیبراهیمی نازانرێت، تەنانەت ناوەکەشی ناوی ڕاستەقینەی ئەو نییە. ئەو بەشێوەیەکی فەرمی جێگری سەرکردەی حەشدە، بەڵام بە کردەوە فەرماندەی باڵای ئەو گرووپەیە و بە دەستەڕاستی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی ئێران، دەزانرێت، وەکوو هەندێک لە بەرپرسان عێراقی ئاشکرای دەکەن، ئیبراهیمی جێبەجێکاری پلانەکانی سولەیمانییە.

پێنج هەزار سەرباز و ستافی سوپای ئەمریکا لە عێراقن و ئەگەرچی ئەمریکییەکان بە دووری دەزانن ئیبراهیمی لە دژی ئەمریکییەکان هەڵگەڕێتەوە، بەڵام ئەزموونەکانی پێشتر دەریدەخەن ئیبراهیمی مەترسییەکی جیدییە. هەوڵەکانی ئەمریکا لە ڕێگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، بۆ ملکەچکردنی حەشد لەژێر دەسەڵاتی سوپا هیچی لێ سەوز نەبووە، بەپێچەوانەوە، وەکوو زۆربەی ژەنەڕاڵەکانی سوپا باسی دەکەن، لە زۆربەی ئۆپەراسیۆنەکاندا ئیبراهیمی فەرماندەی ڕاستەقینەی هەموو هێزەکانە، بە سوپا و پۆلیسی عێراقیشەوە.

**خەلیلزاد: حەشدی شەعبی بناغەی جەنگی ناوخۆی داهاتووی عێراقە**

ساڵی 2005 ئیبراهیمی بوو بە ئەندام پەرلەمانی عێراق، لە ماوەی پێنج ساڵی دواتریشدا هەوڵی ڕێکخستن، مەشقپێکردن و پڕچەککردنی تۆڕێک لە میلیشیاکانی دابوو کە ئەمریکییەکان بە "گرووپی تایبەت" ناویان دەبردن و کۆمەڵێک هێرشیان لەدژی سوپای ئەمریکا ڕێکخستبوو.

ئەلموهەندیس لە سەرەتای دوو هەزارەکانەوە لە سوپای بەدر دەرچوو، دوای ئەوەی بەدر لەگەڵ کوتلە سیاسییەکانی دیکە هاوپەیمانێتییان پێکهێنا. وەکوو کەسانی نزیک لە ئەلموهەندیس باسی دەکەن ئەو زیاتر بایەخی بە پێکهێنانی هێزێکی جیهادیی شیعە داوە هەتا کاری سیاسی. هەمان ئەو هێزەی کە دوای دەرکەوتنی داعش بە حەشدی شەعی ناوی دەکرد و بە نموونەیەکی عێراقی بەسیجی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لەقەڵەم دەدرێن.

ئایا خەونەکەی ئیبراهیمی وەدی دێت؟

ئەم خەونەی ئیبراهیمی و زۆربەی فەرماندەکانی دیکەی حەشد شەعبی هەتا دێت زیاتر بەرەو پەیدا دەکات و دروستبوونی سوپایەکی پاسدارانی عێراقی بە واقیعێکی نوێ دەزانرێت. بە تایبەتیش دوای ئەوەی چەکدارانی حەشد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکانی تکریت، ڕومادی و ئۆپەراسیۆنی فەللوجەدا بینی.

بەڵام نە عێراق ئێرانە و نە ئەو ڕەوشەش کە سوپای پاسدارانی تێدا دروستبووە هەمان ئەو ڕەوشەی ئێستای عێراق بووە. سوپا، وەکوو هێزێک بەرامبەر ئەرتەشی ئێران، لە کاتی شۆڕشی ئیسلامی ئێران دروستبوو و پاش شۆڕشەکەش پێگەیەکی فەرمی پێدرا. سوپا و بەسیجی سوپا دامەزراوەیەکی سەربازی-ئایدیۆلۆژییە کە لە ماوەی جەنگی ئێران-عێراقدا جێ پێیەکانی خۆی قایم کرد، ئەمە جگە لەوەی سوپا وەکوو هەموو دامەزراوەیەکی ئایدیۆلۆژی، توانیویەتی دوژمنێکی زەبەلاح بۆ خۆی دروستبکات کە ئەمریکایە.

عێراق، بە پێچەوانەی ئێران، وڵاتێکی تایفییە، واتە لەم وڵاتەدا تەنیا جیاوازییە ئاینی و ئەتنییەکان حوکم ناکات، بەڵکو لە ناو پێکهاتە گەورەکانیشدا جیاوازی بەرچاوی تێڕوانین و ئامانج هەیە. ڕووداوەکانی ئەمدواییەی بەغدا و کێشەی نێوان سەدرییەکان و حکومەتەکەی عەبادی دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە لە درێژخایەندا کۆکردنەوەی هەموو کوتلەکان لە ژێر یەک گوتار و ئامانجدا کارێکی سەختە، لەبەر ئەوەی لە عێراق ئایدیۆلۆژیا قسەی کۆتایی ناکات و کۆمەڵێک دابەشبوونی لە مێژینە هەیە کە سڕینەوەیان ئەستەمە، هەر بۆیەش مەرج نییە وەکوو چۆن فەرمانەکانی قاسم سلێمانی لە ناو سوپای ئێراندا جێبەجێ دەکرێت، فەرمانی ئیبراهیمیش بە هەمانشێوە کردەیی بکرێتەوە.

حەشد، بە پێچەوانەی سوپا و بەسیجی پاسداران، لە ساتەوەختێکدا دروستبووە کە حکومەتی عێراق دروستبووەتەوە و سوپا و دامەزراوەکان جێی خۆیان گرتووە، ئەمە بەدەر لەوەی کورد و سوننە لە عێراق ڕێگری سەرەکین لەوەی حەشد بتوانێت دەسەڵاتێکی هاوشێوەی سوپای پاسداران دروستبکات. هەر بۆیەش ئەگەر موهەندیس و هادی عامری، فەرماندەی سوپای بەدر، بتوانن هەموو شیعەکانیش لە ژێر چەتری یەک سوپای نوێدا کۆبکەنەوە، دیسانیش ناتوانن وەکوو سوپا دامەزراوەکانی حکومەت کۆنترۆڵ بکەن، هەر هەوڵێکی لەمجۆرە جەنگی ناوخۆیی قورسی بەدوادا دێت.

ئێستا کورد، هۆزەکانی سوننە و شیعەکان یەک دوژمنی هاوبەشیان هەیە کە داعشە. جەنگی دژی داعش وایکردووە دژایەتییەکان لەگەڵ بیرۆکەی سوپای پاسدارانی عێراق زەق نەبێتەوە، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی ئەم جەنگە، دژبەرەکانی بیرۆکەکە هەوڵی پووچەڵکردنەوەی بیرۆکە ئێرانییەکە دەدەن، هەوڵێک دەشێت چەندین ساڵ جەنگی خوێناویی ناوخۆیی بەدوادا بێت.

# ئایا پارێزگار کەرکووک دەکاتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟

**پەرلەمانتارێکی پارتی: ڕاپرسی بڕیار لە چارەنووسی کەرکووک دەدات نەک پارێزگار**

**پەرلەمانتارێکی گۆڕان: نابێت حیساب بۆ کاردانەوەی بەغدا بکەین**

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

پارێزگاری کەرکووک دەڵێ کەرکووک چیدی بەرگەی گوشین ناگرێ و بەغدا هیچ هیوایەکی بۆ نەهێشتووە. نەجمەدین کەریم، کاغەزی دەستی ئاشکرا کرد بەرامبەر بە گوشارەکانی بەغدا و ڕایگەیاند "کەرکووک جیا دەکەینەوە"، بەڵام پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا دەڵێ ئەوان تێناگەن نەجمەدین کەریم، بۆچی جیای دەکاتەوە "ئایا دەیکاتە هەرێمێکی سەربەخۆ یان دەیگێڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان".

تاکە شت کە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، گشتپرسیی خەڵکی پارێزگاکەیە نەک پارێزگارەکەیان. کاتێک دانیشتووانی شارەکە بڕیار دەدەن لەباری چارەنووسی شارەکەوە، پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا دەڵێ هێشتا زەمینەی جیاکردنەوەی کەرکووک نەڕەخسێنراوە "ئەگەر گشتپرسیش بکرێ، دەبێ لەنێو پێکهاتەکانی کەرکووک و لەگەڵ حکومەتی عێراق و وڵاتانی دراوسێ و نێودەوڵەتی گفتوگۆ بکرێت". عادل نووری گوتیشی "لە هەمووی گرنگتر زەمینەی نێوخۆیی شاری کەرکووکە".

کەرکووک هەمیشە سەنتەری ناکۆکییەکانی کورد و دەسەڵاتی ناوەندی بووە، بەڵام لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا کە داعش حکومەتی بەغدای لە بەشێک لە پارێزگاکانی عێراق داماڵی، کورد کۆنترۆڵی شارەکەی گرتە دەست و تەنیا لەڕووی ئیدارییەوە لەگەڵ بەغدا ماوە، مانەوەیەک کە هیچ لایەکیان بەدڵیان نییە.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، باسی بێدەرەتانیی شارەکە دەکات بەدەست بەغداوە و دەڵێ تاوەکو ئێستا ئێمە پارەی زۆر دەنێرین بۆ بەغدا و ئەو هێچمان بۆ نانێرێت "نەوتی ئێمە بەغدا مامەڵەی پێوە دەکات و پارەکەی نابینین، تاوەکو ئێستا ئێمە کارەبا بۆ بەغدا دەنێرین و ڕۆژانە 50 هەزار بەرمیل نەوتی دەدەینێ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی نێوخۆ، داهاتی باجیان بۆ دەنێرین، بەڵام ئەو تەنیا مووچەمان دەداتێ".

ئەحمەد عەسکەری هەروەها دەڵێ، هەموو داهاتی کەرکووک دەچێتە خەزێنەی بەغدا، بەڵام بەغدا پارەی قیرتاوکردنی مەترێک شەقامیان بۆ نانێرێ "ئەگەر لێمان بگەڕێن بە داهاتی نێوخۆیی و فرۆشتنی نەوت، دەتوانین خۆمان بژێینین و مووچەی کارمەند و مووچەخۆرانی خۆمان دابین بکەین". عەسکەری وایگوت.

نزیکەی هەزار پرۆژە لە کەرکووک کاریان تێدا ناکرێت، بەشێک لەو پرۆژانە لەو دواییانە ئیدارەی پارێزگاکە ئامادەی کردوون و بەشێکی زۆریشیان پرۆژەی کۆنن و بەهۆی نەبوونی پارەوە پەکیان کەوتووە. ئەوە جگە لەوەی کێشەی دامەزراندنی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان بەردەوام بەرپرسانی پارێزگاکە دەباتە بەغدا و بەدەستی خاڵی دەگەڕێنەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە دەستی کەوتوون، د.نەجمەدین کەریم، پێشتر لە ئەنقەرە لەلایەن بەرپرسانی تورکیاوە بەڵێنی ئەوەی پێدراوە کە دەتوانێ لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە نەوتی کەرکووک بفرۆشێ و هەر لەو دیدارانەدا زمانی تورکەکانی تاقیکردووەتەوە کە هەرێمی سەربەخۆ بۆ کەرکووک نیگەرانیان ناکات. هەروەک چۆن ئەمریکییەکانیش پێیانگوتووە بژارەی هەرێمی سەربەخۆ باشترە لەوەی باسی گێڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکرێ.

بەڵام شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ ئەگەر مەبەست لە جیاکردنەوەی کەرکووک لە بەغدا هەرێمی سەربەخۆ بێت "ئەوە مەترسییەکی گەورەیە و خراپە، بەڵام ئەگەر بۆ کاتێکی دیاریکراو بکرێتە هەرێمی سەربەخۆ، ئاساییە".

شاخەوان عەبدوڵڵا، هەروا دەڵێ، ماوەیەک لەمەوبەر لەگەڵ پارێزگاری کەرکووک دیداریان هەبووە و بە داتا خستوویەتییە بەردەستیان کە کەرکووک بە داهاتی نێوخۆیی توانای دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی بە زیادەوە هەیە، چونکە پاڵاوگەی هەیە و دەتوانێ خۆی ڕابگرێت.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەرکووک دەکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ؟ شاخەوان عەبدوڵڵا دەڵێت "تەنیا ڕاپرسی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە یەکلایی بکاتەوە".

ئەحمەد عەسکەری، ئەو پرسیارە لە سەرکردایەتی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکات "ئایا هەرێمی کوردستان ئامادەن کەرکووک وەربگرن؟"، عەسکەری پێیوایە "پارێزگاری کەرکووک نایەوێ کەرکووک بکاتە هەرێمی سەربەخۆ، ئەوە هەرێمی کوردستان دەزانێ کە ئایا کەرکووک دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان یان نا. ئەگەر بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئامادە بن، ئەوا مەبەست لە پرۆژەکەی پارێزگار ئەوەیە کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، نەک هەرێمی سەربەخۆ. تەنیا ڕێگەش بۆ فرۆشتنی نەوتی کەرکووک بۆڕییەکانی هەرێمی کوردستانە".

سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بە پرۆژەیەک دەکات کە چەند مانگێک لەمەوبەر بزووتنەوەکەیان سەبارەت بە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک ئاشکرایان کردووە و وەک خۆی دەڵێ لایەنەکان پێشوازییان لێ نەکردووە.

هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "کورد نابێ حیساب بۆ کاردانەوەی بەغدا بکات، ئەگەر کورد ئەجێندایەکی نەتەوەیی هەبێ نابێ حیساب بۆ کاردانەوە بکات و دەبێ دەست بە ڕێوشوێنە یاساییەکانی گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکات".

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی باس لە هەرێمی سەربەخۆی کەرکووک دەکەن، هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "جارێ هیچ پرۆژەیەک لە ئارادا نییە تاوەکو کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، هیچ لایەنێک ئەوەی نەگوتووە بە پارێزگاریشەوە".

بەڵام سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە بەغدا پێیوایە هەر بەرنامەیەک بەدەستەوەبێ بۆ کەرکووک دەبێ پارێزگار لەگەڵ هەر 65 پەرلەمانتارەکەی کورد لە بەغدا دابنیشێ و بۆیان ڕوونبکاتەوە، چونکە ئەو بابەتە پەرلەمان و ڕاپرسی دەوێ".

ئەحمەد حاجی ڕەشید دەپرسێ: "ئایا ئەوە ڕای پارێزگار خۆیەتی یان ڕای یەکێتی نیشتمانییە کە حیزبی حاکمە لەو شارە؟ دەبێ ئەم پرسە ڕوون بکاتەوە بۆمان، ئەگەر بڕوای پێهێنایین ئەم پرسە لە بەرژەوەندی کەرکووک و خەڵکی کەرکووکە، ئەوکات قسەی خۆمان دەبێت. ئەگەر بەشێکە لە دابەشکردنی عێراق، دیسان قسەی خۆمان دەبێت، ئەگەر یەکێتیش لەپشت ئەم پرسەوەیە دیسان قسەی خۆمان دەبێت".

بەڵام عادل نووری، پەرلەمانتاری کوردی سەربەخۆ لە پەرلەمانی عێراق، دڵنیایە لەوەی کەرکووک بۆ هەر مەبەستێک جیا بکرێتەوە، بەغدا کاردانەوەی دەبێت "ئینجا لەڕێگەی حەشدی شەعبییەوە کێشەی بۆ دروستدەکات، پارێزگاری کەرکووک ڕۆژانە لەگەڵ حەشدی شەعبی دادەنیشێت و دەبێ حیسابی ئەوەی کردبێ ئەگەر حەشدی شەعبی پەلاماری کەرکووک بدات، یان عەرەبەکان دەست نەکەن بەڕێگری و خەڵک کوشتن".





## "هەر شوێنێک نرخ بەرز بکاتەوە، پێنج ڕۆژ دادەخرێت"

**ڕووداو- سلێمانی**

سۆران عەبدولغەفور، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەمەبەستی ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی نرخی شمەک و کاڵاکان لە مانگی ڕەمەزاندا، 20 ڕۆژ لەمەوبەر نرخی شمەکانیان لە بازاڕدا وەرگرتووە و بەهەمانشێوە لە مانگی ڕەمەزانیشدا لیژنەی تایبەت بۆ گەڕان بەنێو بازاڕ و مارکێتەکاندا دادەنێن و گوتی "ئەگەر بزانین هەر شوێنێک نرخی بەرز کردووەتەوە، ئەوا لەلایەن لیژنەکانمانەوە پسوولەی سەرپێچییان بۆ دەکرێت و بۆ ماوەی پێنج ڕۆژیش بە لافیتەوە دادەخرێن، بۆیە داوا لە فرۆشیاران دەکەین لەم قەیرانەدا هاوکاری زیاتری هاووڵاتیان بکەن".

### بەپێی چەند توێژینەوەیەک

# قەلی کوردی بۆ بازرگانی گونجاوە و کێشی تا 20 کیلۆ زیاد دەکرێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین لە ئەنجامی چەند توێژینەوەیەک لەسەر قەلی کوردی، بۆی دەرکەوتووە ئەو پەلەوەرە خاوەنی 17 جین (بۆهێڵ)ی دەگمەنە و دەتوانرێ بازرگانیی پێوە بکرێ و کێشەکەی تاوەکو 20 کیلۆ زیاد بکرێ.

نیشتیمانی ڕەسەنی قەل ئەمەریکای باکوورە و پاشان بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە، ئێستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم پەلەوەرە وەکو یەکێک لە سەرچاوەکانی گۆشت بەخێودەکرێت، بەڵام لە کوردستان هێشتا شێوازی بازرگانی و پیشەسازی وەرنەگرتووە و بەشێوەیەکی کلاسیکی زۆرتر لە گوندەکان بەخێودەکرێ.

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، بەمەبەستی خەملاندنی جیاوازیی بۆماوەیی لەنێوان سێ جۆر لە قەلی کوردی (ڕەش و سوور و بەڵەک)، بۆ توێژینەوەکەی نموونەی خوێنی لە پەنجا قەلی کوردی لەشوێنی جیاوازی پارێزگای هەولێر لە هەردوو ڕەگەزی مێ و نێر وەرگرتووە، دواتر لەسەر بنەمای (DNA) لەگەڵ 20 جینی دەگمەنی قەلی بازرگانی بەراوردی کردوون، بۆی دەرکەوتووە 12 لەو جینە دەگمەنانە لە قەلی کوردیدا هەن.

د.یوسف بەرزنجی دەڵێت "لەئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوت قەلی کوردی بەگوێرەی ڕەنگەکانیان جیاوازیی (DNA) لەنێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان جۆری سەربەخۆن، خاوەن جینی تایبەتمەندن، لەنێویشیاندا قەلی ڕەش خاوەن نۆ جینی دەگمەنە، قەلی بەڵەک خاوەنی حەوت جینە و قەلی سوور خاوەنی جینێکی دەگمەنە".

دوای دۆزینەوەی جینە دەگمەنەکان لە قەلی کوردیدا، د.یوسف بەرزنجی توێژینەوەی لەسەر درەختی خزمایەتی ڕەنگە جیاوازەکانی قەلی کوردی کردووە و بۆی دەرکەوتووە پێکهاتەی (DNA) ی قەلی ڕەش بەڕێژەی 66% جیاوازە لە قەلی سوور و بەڵەک، پێکهاتەی (DNA)ی قەلی سووریش بەرێژەی 27% جیاوازە لە قەلی ڕەش و بەڵەک.

د.یوسف بەرزنجی دەڵێ "بەگوێرەی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی فاو، هەر جۆرە پەلەوەرێک ئەگەر لەگەڵ یەکدی بەڕێژەی 10% جیاوازی لە جینەکانیاندا هەبێت، ئەو بە جۆرێکی سەربەخۆ هەژمار دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین قەلی کوردی بەگوێرەی ڕەنگەکانیان، جۆرەکانیان جیاوازە". لەئەنجامی توێژینەوەیەکی دیکە کە لەسەر دووریی بۆماوەیی قەلی کوردی و بازرگانی کردوویەتی و ئەنجامەکەی مانگی ڕابردوو لە گۆڤاری (MAB)ی زانکۆی UKMی مالیزی بڵاوکراوەتەوە، د.یوسف بۆی دەرکەوتووە دووریی بۆماوەیی قەلی ڕەشی کوردی بە ڕێژەی 14% جیاوازی لەگەڵ دووریی بۆماوەیی قەلی ڕەشی بازرگانیدا هەیە، قەلی سووری کوردی بە ڕێژەی 14.38% و قەلی سپیی کوردیش بە ڕێژەی20.27% جیاوازی لەگەڵ قەلی سپیی بازرگانیدا هەیە.

د.یوسف لەبارەی دوایین توێژینەوەی لەسەر قەلی کوردی دەڵێت "لەم توێژینەوەیەدا لەسەر ئاستی 20 جین توانیمان بیسەلمێنین کە قەلی کوردی لەئاست قەلی بازرگانیدایە، دەتوانین بەکارکردن لەسەر گۆڕینی شێوازی بەخێوکردنی و دابینکردنی ئالیکی پێویست، هاوشێوەی قەلی بازرگانی تەنیا بەشەش مانگ کێشی بگەیەنینە نزیکەی 20 کیلۆگرام".

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، خاوەنی هیچ داتایەک نییە لەسەر ژمارەی قەل لە هەرێمی کوردستان. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ، چوار پرۆژەی بەخێوکردنی قەل لە هەرێمی کودستان هەن، سێ پرۆژەیان لە هەولێرن و یەکێکیشیان لە سلێمانییە، بەڵام هیچیان مۆڵەتی فەرمی بەخێوکردنی قەلیان نییە.

عومەر محێدین، خاوەنی پرۆژەی پەلەوەری بڕوا بۆ بەخێوکردنی قەل لە سنووری گوندی قەرەچناخەی سەر بەشاری هەولێر، ماوەی پێنج ساڵە بۆ دەستکەوتنی جوجەڵەی قەل هێلکە لەفەرەنساوە دەهێنێ و لەنێو هەڵهێنەر بۆ ماوەی 28 ڕۆژ دایدەنێت و دوای تروکاندنی لەنێو هۆڵی پرۆژەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ بەخێویان دەکات.

عومەر گوتی "لە هەر وەجبەیەک 10 تاوەکو 14 هەزار هێلکەم لەفەرەنساوە دەهێنا و لەهەلهێنەردا دامدەنا، دوای هەڵهێنانی هێلکەکان، جوجکە قەلەکانم بۆ ماوەی 90 ڕۆژ پەروەردە دەکرد، کێشیان دەبووە نزیکەی هەشت کیلۆ و دەمفرۆشتن".

عومەر محێدین، بەگوتەی خۆی یەکەم کەس بووە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پرۆژەی بەخێوکردنی قەلی دامەزراندووە، بۆ بەخێوکردنی قەلەکانی پشتی بە ڕێبەر و ڕێنمایی کۆمپانیایەکی فەرەنسی بەستووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و ساغنەبوونەوەی بەرهەمەکەی، پرۆژەکەی عومەر ئێستا وەستاوە.

بەخێوکردنی قەل لە کوردستان هێشتا ڕێچکەی خۆی نەگرتووە، بۆیە نرخی گۆشتی قەل کەمێک بەرزە. ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەخێوکردنی قەل لە کوردستان ڕێگە پێدراوە، بەپێی ڕێنماییەکان هاوکاری هەر کەسێک دەکەین کە نیازی دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردنی قەلی هەبێت".

بەگوتەی ڕەمەزان محەممەد، خواست لەسەر دامەزراندنی پرۆژەی بەخێوکردنی قەل لە کوردستان هەیە، ئێستا کۆمپانیایەکی ناوخۆ بەناوی LPG بۆ دامەزراندنی پرۆژەیەکی تەواوکاری قەل لە هەولێر پرۆپۆزەلێکیان ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە، بەڵام وەک ڕەمەزان محەممەد، دەڵێت "بەهۆی قەیرانی دارایی و هەندێ تێبینی ئێمە لەسەر پرۆژەکە، تاوەکو ئێستا نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە".

بۆ پاراستنی سەربەخۆیی جۆرەکانی قەلی کوردی و سوودوەرگرتن لە تایبەتمەندییە باشەکانیان، د.یوسف بەرزنجی بەپێویستی دەزانێ حکومەت و وەزارەتی کشتوکاڵ لەرێگەی کەرتی گشتی و تایبەت هەوڵ بۆ چاککردنی قەلی کوردی بدەن، ئەویش لەڕێگەی دابینکردنی شوێن بۆ بەخێوکردنیان و لێکدانی جۆرەکان بەشێوەیەکی زانستیانە.

د.یوسف لە توێژینەوەکاندا بۆی دەرکەوتووە کە لە لێکدانی جۆرەکاندا هەتا خزمایەتی لەنێوانیاندا دوور بێت جۆرەکەی باشتر دەبێت، بۆ نموونە قەلی ڕەشی کوردی لەگەڵ هەریەک لە سوور و بەڵەک لێکبدرێت، ئەنجامی باش دەدات، بەڵام ئەگەر بەڵەک و سوور لێکبدرێن، ئەنجامی باشی نابێت".


قەلی کوردی خاوەنی 17 جین (بۆهێڵ)ی دەگمەنە (فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### بەرهەمیان دوو بەرامبەر زیادی کردووە

# جووتیارانی کوردستان گۆڕانکاری لە چاندنی شووتیدا دەکەن


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لە وەرزی هاویندا لەسەر شووتی هەیە، ساڵ بە ساڵ جووتیاران گۆڕانکاری تازە لە بەرهەمهێنانی شووتیدا دەکەن، بۆ ئەمساڵیش بەشێک لە جووتیاران سەرەڕای بەکارهێنانی سیستەمی دڵۆپاندن، پەیڕەوی سیستەمی نیمچە داپۆشراویشیان کردووە، جووتیارێک دەڵێت "بەم ڕێگەیە لەهەر دۆنمێک، 15 تاوەکو 20 تۆن شووتیمان دەستدەکەوێت".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە شەش ساڵی ڕابردوودا زیادبوونێکی بەرچاو لە بەرهەمی شووتیی خۆماڵیدا هەبووە، بە جۆرێک لە 22 هەزار تۆنەوە بۆ 50 هەزار تۆن زیاد بووە، بەڵام بڕی بەکاربراوی شووتی لە ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە دووساڵی پێشتر کەمێک پاشەکشێی کردووە.

مستەفا محەممەد سلێمان، جووتیارێکی شاری هەولێرە و ماوەی هەشت ساڵە شووتی دەچێنێ و دەڵێت "بەرهەمی شووتی بەشێوەی سیستەمی دڵۆپاندن و داپۆشراو هەرگیز بەراورد ناکرێت لەگەڵ بەرهەمی شووتی بەشێوەی دێمی و کراوە".

چاندنی شووتی لە کوردستان وەک پێشتر نەماوە کە بەشێوەی لاوەکی و کلاسیک لەگەڵ بەرهەمی دیکە بچێندرێت، بەڵکو ئێستا شێوازی بازرگانی وەرگرتووە و بەشێکی زۆری جووتیاران بەشێوەی هاوچەرخ و دانانی سیستەمی دڵۆپاندن بەرووبەری فراوان دەیچێنن.

مستەفا محەممەد کە ئەندازیاری کشتوکاڵییە، دوای توێژینەوەیەکی تاقیگەیی لەسەر خاک و ئاوی بەشێک لەناوچەکانی پارێزگای هەولێر، دەشتی شەمامکی بۆ چاندنی شووتی هەڵبژاردووە و بەگوتەی خۆیشی، یەکەم کەس بووە لە کوردستان شووتی بەشێوەی سیستەمی دڵۆپاندن و داپۆشراو بەرووبەری فراوان چاندووە. ئەو دەڵێت "لە توێژینەوەکە بۆم دەرکەوت خاک و ئاوی دەشتی شەمامک لە سنووری پارێزگای هەولێر باشترین خاکە بۆ چاندنی شووتی و پەتاتە". ئەم جووتیارە ئەمساڵ 180 دۆنم زەوی بەشێوەی دڵۆپاندن و داپۆشراو لە سنووری هەردوو گوندی گردعەزەبان و سیراوە بە شووتی چاندووە، لەهەر دۆنمێک 2200 نەمامی شووتی چاندووە و پێشبینی دەکات 2500 تۆن بەرهەمی هەبێت. مستەفا دەڵێت "ساڵانە لە وەرزی پێگەیشتندا بەرهەممان ئەوەندە زۆرە بازاڕەکانی هەولێر ناتوانێت لەخۆی بگرێت، بۆیە 80%ی هەناردەی شارەکانی عێراق دەکەین".

بەگوتەی مستەفا محەممەد، بەرهەمی شووتیی جووتیارانی کوردستان سێ بەرامبەری ئەو بڕەیە کە ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی گومرگەکانەوە وەک داتا دەستی دەکەوێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بەشێکی زۆری جووتیاران هەر لە کێڵگەوە بەرهەمەکانیان بە کڕیارەکانی ناوخۆ و شارەکانی عێراق دەفرۆشن".

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی کشتوکاڵ ، لەکۆی ئەو 50 هەزار و 124 تۆن شووتییەی لەساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووە 21 هەزار و 559 تۆنی بەرهەمی جووتیارانی پارێزگای سلێمانی بووە.

ڕزگار محەممەد ئاغا، بەڕێوەبەری باخداریی سلێمانی دەڵێت "لە سنووری پارێزگای سلێمانی ساڵانە زۆرترین ڕووبەری چێنراوی شووتی لە پێنجوێن، هەڵەبجە، سەیدسادق لە کەناری زێی سیروان و دەربەندیخان دەچێندرێ و بەرهەمیشی زۆر باشە". سەبارەت بە هاوکاریی ئەوان بۆ جووتیاران، ڕزگار گوتی "بەهۆی ئەو بودجە کەمەی ساڵانە بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی سەوزەو میوە دابین دەکرێت، پرۆژەمان بۆ گەشەپێدانی بەرهەمی شووتی نەبووە، بەڵام ئەگەر نەخۆشییەک تووشی کێڵگەی جووتیاران ببێ، بۆ چارەسەرکردنی هاوکارییان دەکەین". لەچوارچێوەی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، ساڵی ڕابردوو وەزارەتی کشتوکاڵ لەبری قەدەغەکردنی هاوردەی شووتی، بڕی 250 دینار ڕەسمی گومرگی خستە سەر هەر کیلۆیەک شووتیی هاوردە، ئەمەش وای کرد بەرهەمی خۆماڵی بتوانێ لە نرخدا کێبڕکێی بەرهەمی هاوردە بکات.

ڕزگار محەممەد ئاغا دەڵێت "شووتی هاوردە وەک شووتی خۆماڵی تامی خۆش نییە، بۆیە لە سلێمانی تاوەکو شووتی خۆماڵی بەتایبەت شووتی پێنجوێن هەبێت، خەڵک شووتیی هاوردە ناکڕێت، بەڵام جووتیاران گرفتیان لە نرخ هەبوو، بۆیە ئەو 250 دینارەی وەک ڕەسمی گومرگی لەسەر شووتیی هاوردە دامانناوە، بووەتە پاڵپشتییەکی باش بۆ زیادبوونی بەرهەمی خۆماڵی".


### "باو باوی شووتی مغاویرییە"

بەگوێرەی ئامارێک کە لە هۆبەی کشتوکاڵی پێنجوێن دراوەتە (ڕووداو)، لەم قەزایە ساڵی ڕابردوو 35 هەزار تۆن شووتی خراوەتە بازاڕەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ تەنیا 21 هەزار و 559 تۆن شووتی لە گومرگی سلێمانی بەبازاڕ کراوە.

شێرکۆ کەریم ڕەحمان، لێپرسراوی هۆبەی باخداری لە کشتوکاڵی پێنجوێن، دەڵێت "لە وەرزی بەرهەمدا بەشی زۆری شووتی پێنجوێن بێ ئەوەی بەگومرگی سلێمانیدا تێپەڕێ، ڕاستەوخۆ بە لۆری هەناردەی شارەکانی عێراق دەکرێت، بۆیە ئەو داتایەی لە گومرگەکان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ساڵانە ڕەوانە دەکرێت، کۆی بەرهەمی جووتیاران نییە". بەهۆی ئەو کەشوهەوا لەبارەی لە قەزای پێنجوێن بۆ بەرهەمی شووتی هەیە، ساڵانە لە هەردوو ناحیەی گەرمک و ناڵپارێز بەسەتان دۆنم زەوی بەشێوەی هاوچەرخ بە سیستەمی دڵۆپاندن بەشووتی دەچێندرێ.

شێرکۆ کەریم، دەڵێت "بەهۆی گرفتی دواکەوتنی مووچە و قەیرانی دارایی، ماوەی دوو ساڵە خەڵکێکی زۆری ناوچەکە گەڕاونەتەوە سەر زەوییەکانیان و شووتی دەچێنن، بۆیە بەگوێرەی ئەو داتایانەی دەستمان کەوتووە، دوو بەرامبەری ساڵی ڕابردوو ڕووبەری زەوی ئەم ناوچانە بە شووتی چێنراوە".

شێرکۆ کەریم گوتیشی "لە قەزای پێنجوێن بە تایبەت لە گوندی گۆخڵانی سەر بە ناحیەی گەرمک، جووتیاری وامان هەیە بەشێوەیەکی زۆر هاوچەرخ ساڵانە بەسەتان دۆنم زەوی بەشووتی دەچێنێ، بۆیە دەتوانین بڵێین چاندنی شووتی لەقەزای پێنجوێن شێوەی بازرگانیی وەرگرتووە، ئێستاش باوباوی چاندنی شووتی مغاوێرییە".



# هەمان هەڵەی کەرتی نەوت لە کانزاکاندا مەکەنەوە



بیلال سەعید



هەفتەی ڕابردوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی ڕاگەیەنراوێکەوە داوای لە کۆمپانیا تایبەتمەندەکانی ناوخۆ و دەرەکیی بواری کانزاکان کرد، تاوەکو ناوەڕاستی مانگی سێپتێمبەری ئەمساڵ، پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی خۆیان بۆ پەرەپێدانی کێڵگە کانزاییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەت ڕەوانە بکەن.

بەپێی ڕاگەیێندراوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەرێمی کوردستان بەسەر حەوت بلۆکدا دابەشکراوە، دوو بلۆک لە هەولێر، دوو بلۆک لە دهۆک و سێ بلۆکیش لە سلێمانی.

لە ماڵپەڕی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە بەشی کانزاگەریدا هاتووە: "لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا لەسەر ئەو پشتێنە شاخاوییەی کە پانییەکەی 15 بۆ 25 کیلۆمەترە، توانستێکی زۆری مەکۆی کانزا پۆلاکان هەیە، وەکو ئاسن، کرۆم، نیکل، پلاتین، زێڕ، مس، بارایت و زینک. لەوانەیە ناوچەی دیکەی هەرێمی کوردستان لە بەردی جیری و گەچ و لم و قوڕ و چەو و بەهەڵمبووەکاندا دەوڵەمەند بێت".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەر لەو بەشەی ماڵپەڕەکەیدا داوا لەو کۆمپانیایانە دەکات کە ڕابردوویەکی بەهێزیان هەیە لە کانزاگەریدا و ئارەزووی بەشداربوونیان هەیە لە چالاکییەکانی ئایندەی کانزاگەری لە هەرێمی کوردستاندا، دەتوانن پەیوەندی بە وەزارەتەوە بکەن.

ئەم هەوڵەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زۆر زۆر گرنگە بەئامانجی پەرەپێدانی بلۆکە کانزاییەکان، بەڵام پێویستی بەچەند ڕێکارێک هەیە کە پێویستە بگیرێنە بەر بۆ ئەوەی ئامانجی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان باشتر بپێکێ:

1 – وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی نەوت، یاسای ژمارە 22ی ساڵی 2007ی تایبەت بەنەوت و گازی لەبەردەستە کە ئەم یاسایە یەکێک لە یاسا گرنگەکانی ناوچەکە و بنیاتنانی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی لەسەر بنیاتنراوە، بەکۆمەڵێک تێبینییەوە، بەڵام پەرەپێدانی کێڵگە کانزاییەکان بەبێ هەبوونی یاسایەک ناکرێ، چونکە هێشتا پڕۆژە یاسای کانزا فلزییەکان و پڕۆژە یاسای کانزا نافلزییەکان لە پەرلەمانە و نەبووەتە یاسا، بۆیە هەر هەوڵێک بدرێت ڕووکاری یاسایی نییە!

2– بۆ ئەوەی هەمان هەڵەی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوت دووبارە نەبێتەوە کە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گرفتی گێڕانەوەی متمانەی بۆ هاووڵاتیان بۆ دروستبووە لە دۆسیەی نەوتدا، هەرچەند هەوڵێکی زۆری داوە، پێویستە لەکاتی پەرەپێدانی کێڵگە کانزاییەکان بە چاودێریی لیژنەی سامانە سروشتییەکان و میدیاکاران کاربکات، بۆ ئەوەی شەفافیەت لە پرۆسەکەدا هەبێت.

3– لەکاتی پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان بەشێکی لەئەنجامی نەزانین و بەشێکی بەئامانجی ڕاکێشانی کۆمپانیا گەورەکان، ژمارەیەک کۆمپانیای بچووک بچووک لە کەرتی نەوتدا خۆیان خزاندە نێو دۆسیەی نەوتی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە دووبارە نەبێتەوە زۆر گرنگە پەلەپەل نەکرێت و کۆمپانیای ڕاوێژکاریی گرنگ بۆ ئەم پرۆسەیە دابنرێت و باشترین کۆمپانیا گەورەکان داوەتی کارکردن بکرێن، ئەگەر پرۆسەکە بەهاوبەشیی کۆمپانیا ناوخۆییەکانیش بێت بە لەبەرچاوگرتنی توانایان، ئەوە گرنگترە.

4 – لە ئەنجامی قەیرانی دارایی و بەپشتبەستن بە پلانە چاکسازییەکانی حکومەت، دامەزراندن لەکەرتی گشتی لەلایەن حکومەتەوە بۆ ساڵانی داهاتوو سنووردار دەبێت، بۆ ئەمەش زۆر گرنگە لەکاتی گرێبەست توانای مرۆیی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت و هەوڵی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە گەنجانی کوردستان بدرێت لەو کۆمپانیایانە.

5 – ئەوەندەی من ئاگاداربم، بە ئاگاداریی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەناحیەی گەرمک لە پێنجوین لەلایەن کۆمپانیایەکی ناوخۆیی دەستکراوە بە دەرهێنانی مادەی خاوی (خۆڵی ئاسن) بۆ پیشەسازیی چیمەنتۆ، هەروەها لە قەزای کفری لە چەند شوێنێک خەڵووزی بازرگانی دۆزراوەتەوە و هەوڵەکانی فرۆشتنی دەستی پێکردووە، بەڵام تا ئێستا دیار نییە قەبارەی چەندە؟ هەروەها داهاتەکەی چی لێدەکرێت؟ بۆیە گرنگە سندووقێک بکرێتەوە بۆ داهاتی ئەو کانزایانەی کە ئێستا دەفرۆشرێن یان لەداهاتوودا دەفرۆشرێن، تا ئەوکاتەی پرۆسە یاساییەکانی تەواو دەکرێن.

–5 بەپێچەوانەوەی نەوتەوە کە کۆی گشتی لە ڕێگەی بۆڕی و تەنکەرەوە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، تاوەکو ئێستا ژێرخانی کارگە و کۆمپانیای پترۆکیمیاوی بوونی نییە، پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە چەند کارگەی تایبەتمەند لە کوردستان بکرێنەوە بۆ ئەوەی سوود لە بەرهەمی کانزا دۆزراوەکان لەناوخۆی کوردستان وەربگیرێت.

6 – زۆر گرنگە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە قۆناغی داهاتوودا هەوڵ بدات ڕاپۆرتی وەرزی سەبارەت بە هەنگاوەکانی پەرەپێدانی کێڵگە کانزاییەکان لە ڕێگەی میدیاکانەوە بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی شەفافیەتی زیاتر جێگای خۆی بگرێت.

***ڕۆژنامەنووسی ئابووری**

## کوێت..

# کەرتی نەوت ئاستەنگی بەردەم چاکسازی

ڕووداو – Stratfor



خەرجییەکانی حکومەتی کوێت، وەکوو وڵاتانی دیکەی کەنداو، لە ڕادەبەدەر زۆرە، هەر بۆیەش لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا حکومەت لە هەوڵدایە چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە، بەتایبەتیش لەبەر ئەوەی حکومەت بەهۆی دابەزینی نرخەکانی نەوت لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا تووشی کورتهێنانی بودجە بووەتەوە.

کورتهێنانی بودجەی ساڵی 2016 و 2017ی کوێت گەیشتووەتە 40 ملیار دۆلار، ئەمەش 50% زیاترە لە کورتهێنانەکانی ساڵانی پێشتر و لە چاو بودجەی 63 ملیاری کوێت ژمارەیەکی زەبەلاحە. بەشی زۆری ئەم کورتهێنانە بۆ مووچەی کەرتی گشتی دەگەڕێتەوە، بۆیەش حکومەتی ئەم وڵاتە بیری لە دانانی سیستەمێکی نوێی مووچە کردووەتەوە کە لە ماوەی دەیەی داهاتوودا 50 بۆ 63 ملیار دۆلار بۆ حکومەت دەگەڕێنێتەوە.

چاکسازی مووچە بەشێکە لە پلانی "یاسای ئەلتەرناتیڤی ستراتیژیی چاکسازیی مووچە" کە ژمارەیەک گۆڕانکاری لە سیستەمی مووچەی ئەم وڵاتە لە خۆدەگرێت و ئەم گۆڕانکارییانەش لەلایەن سندوقی نێودەوڵەتیی دراو (IMF) پێشنیازکراون. سندوقی نێودەوڵەتیی دراو کۆمەڵێک چاکسازی هاوشێوەی بۆ شەش وڵاتەکەی دیکەی کەنداو پێشنیازکردووە کە ئابووری هەموشیان بە ڕێژەی جیاواز پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت. پاکێجەکەی IMF لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا لە پەرلەمانی کوێت گیری کردبوو و نەیدەتوانی دەنگی پێویست بەدەست بهێنێ.

بەشێکی سەرەکی لە پلانەکە یەکسانکردنەوەی مووچەی کەرتە گشتییە جیاوازەکانە، لەم پەیوەندییەشدا 30% بۆ 40%ی فەرمانبەرانی کوێت مووچەکەیان بە ڕێژەی 20% بۆ 25% بەرز دەکرێتەوە. هەروەها 25 بۆ 35%ی ئەو فەرمانبەرانەش کە ئێستا مووچەکەیان لە ئاستێکی باش دایە ساڵانە تەنیا 5% دەچێتە سەر مووچەکەیان، ئەم ڕێژەیەش لەگەڵ ئاستی هەڵئاوسانی کوێتدا دەگونجێ.

بەشێکی زۆر لە مووچەی حکومەت بۆ کرێکاران و فەرمانبەرانی کەرتی نەوت دەچێت و مووچەکەشیان پێنج هێندەی فەرمانبەر و کرێکارانی کەرتەکانی دیکەیە، هەر بۆیە مووچەی ئەوان بەشێکی سەرەکی لە پلانی هەموارکردنەوەی مووچەی سەرەتایی لەخۆدەگرێت. ڕاستییەکەی، هەر لە سەرەتاشەوە ئەوە جیاوازی نێوان مووچەی فەرمانبەرانی ئەم کەرتە و کەرتەکانی دیکە وایکرد بیر لە چاکسازی سیستەمی مووچە بکرێتەوە.

ئەگەرچی ئەم سیستەمە نوێیە بەرزبوونەوەی مووچەی هەموو کەرتەکان لەخۆدەگرت و تەنیا لەسەتای بەرزبوونەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی نەوت دادەبەزێنێ، بەڵام کارمەندانی ئەم کەرتە داوای زیاتریان دەکرد، بەبیانووی ئەوەی ئەوان دابینکەری سەرچاوەی دارایی کەرتەکانی دیکەن. شکستهێنانی دانوستاندنەکانی نێوان حکومەت و یەکێتی فەرمانبەرانی نەوت مانگرتنەکەی مانگی نیسانی لێکەوتەوە کە هاوکاتیش بوو لەگەڵ لوتکەی نەوت لە دەوحە.

لەساڵی 1995وە ئەوە یەکەمجار بوو فەرمانبەرانی هەموو بەشەکانی کەرتی نەوت (گەڕان، بەرهەمهێنان، پاڵاوتن، مارکێتینگ و دابەشکردن) لە پێناو یەک ئامانجی هاوبەشدا کۆببنەوە. مانگرتنەکە کاری خۆی کرد و حکومەت لە کۆتاییەکانی مانگی ڕابردوودا ناچار بوو ڕازی بێت بەوەی مووچەی 20 هەزار کرێکاری کەرتی نەوت بەرێژەی ساڵانەی 7.5% بەرز بکرێتەوە، بەڵام بۆ کرێکار و فەرمانبەرە نوێیەکان 5% بێت.

لە چاو هەموو وڵاتانی دیکەی کەنداو، کوێت لەڕووی سیاسی و مافە مەدەنییەکانیەوە وڵاتێکی کراوەترە، هەر بۆیەش ڕێگە بەم جۆرە لە مانگرتن و نارەزایەتی دەدرێت و کاریگەریشی لەسەر بڕیاری دەسەڵاتداران دەبێت. مانگرتنەکەی مانگی نیسان تەنیا سێ ڕۆژی خایاند و لە ڕۆژی یەکەمیدا بەرهەمهێنانی نەوتی کوێتی نیوە کرد. هەروەها بە بەراورد لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکەی کەنداو، پەرلەمانی کوێت چالاک و خاوەن دەسەڵاتە، بۆ نموونە مافی لادانی ئەمیری هەیە و بە کۆکردنەوەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان دەتوانێت بڕیارەکانی حکومەت هەڵوەشێنێتەوە.

ئەم نیمچە ئازادییە سیاسی و مەدەنییەی کوێت وایکردووە ڕەوتی چاکسازییەکان لە کوێت پێش وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بێت، بەڵام هەر ئەم تایبەتمەندییەش دەکرێت بەربەستی گەورە بۆ پرۆسەکە دروستبکات، بۆ نموونە داواکاری گەنجەکان بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی- کە مووچەکەشی بەرزە- لە وڵاتانی دیکەی کەنداو بەرزترە، ئەمە جگە لەوەی بەهۆی ئازادییە مەدەنییەکانەوە هێزی کاری ئافرەت و گوشاری ئەم ڕەگەزە لەسەر بازاڕی کار زۆر لە وڵاتانی دیکەی کەنداو زیاترە. ئەمە لە بارودۆخێکی وەکوو ئێستا گوشارێکی زۆر لەسەر حکومەت دروستدەکات، لەکاتێکدا نرخەکانی نەوت لە چاو دوو ساڵ لەمەوبەر بە ڕێژەی 50% دابەزیوە. حکومەتی کوێت لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک هەنگاوی ناوە بۆ کەمترکردنەوەی ئەم گوشارە کە یەکێکیان سنووردانان بۆ کرێکار و فەرمانبەرانی بیانییە، بۆ ئەوەی شوێنی بەتاڵ بۆ هێزی کاری نێوخۆیی بمێنێتەوە، ئەگەرچی کێشەی کوێت لەمەشیاندا ئەوەیە کە ژمارەی کرێکار و فەرمانبەرە بیانییەکانی ئەم وڵاتە زۆر کەمترە لە وڵاتانی دیکەی وەکوو سعودیە و ئیمارات، هەر بۆیەش لادانی بیانییەکان شوێنێکی ئەوتۆ ناکاتەوە.

نارەزایەتییەکانی کەرتی نەوتی کوێت دەکرێت زەنگێکی هۆشداریش بێت بۆ وڵاتانی دیکەی کەنداو، لە کاتێکدا فەرمانبەرانی کەرتی نەوتی ئەو وڵاتانەش دەکرێت هەست بە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بڕیارەکانی حکومەت بکەن، بەڵام دیار نییە ئایا وڵاتێکی وەکوو سعودیەش هەروا ئاسان دەچێتە ژێر باری گوشاری هێزی کاری نەوت، یان ئاخۆ ئەسڵەن ڕێگە بەمجۆرە هەوڵانە دەدەن.

کوێت وڵاتێکی بچووکە و کێشەکانیشی هێندەی کێشەی وڵاتانی دیکەی دراوسێی خۆی لە کەنداو کوشندە نین، ئەمە جگە لەوەی سیستەمی سیاسیی دانسقەی ئەم وڵاتە توانای جێبەجێکردنی چاکسازییە ئابووری و ئیدارییەکان بەم وڵاتە دەدات، بە تایبەتیش بەشێوازێک کە دانوستاندن لەگەڵ سەندیکا و یەکێتییە پەیوەندیدارەکاندا کرابێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هێزی کار نەتوانێت مانگرتن وەکوو وەرەقەی گوشار بەکاربهێنێ.

## فرانسیس ریچاردۆنی، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەنقەرە بۆ (ڕووداو):

# دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان نامانگەیەنێتە شتێکی باش

فرانسیس ریچاردۆنی دیپلۆماتکار و باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە چەندین وڵات، لەوانەش میسر، فیلیپین، ئەفغانستان و دواتریش لە 2011 بۆ 2014 لە تورکیا. هەر بۆیە شارەزای کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ریچاردۆنی یەکێک بوو لە میوانانی ئاهەنگی دەرچوونی خولێکی نوێی قوتابیانی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی کە هەفتەی کۆتایی مانگی رابردوو لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. (تۆڕی میدیایی ڕووداو) لەوێ ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد کە شەوی سێشەممە لە کەناڵی ڕووداو بڵاو دەبێتەوە.

هەڤپەیڤین: شاهۆ ئەمین
ڕووداو- سلێمانی



ئێوە هەرچی هەڵبژێرن ئەمریکا مامەڵە لەگەڵ ئەوە دەکات

هێشتاش عێراق دەتوانێت یەکێتیی خۆی بپارێزێ

کێشانەوەی سنوورەکان هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی شەڕ دەبێت

**ڕووداو: لەوکاتەی کە تۆ لێرەی، عێراق بەناو ژمارەیەک کێشەدا دەڕوات، ژمارەیەک کەسیش پێیانوایە یەکێتیی عێراق بە کردەوە نەماوە، ئایا پێتوایە عێراق هێشتاش دەتوانێت یەکێتی خۆی بپارێزێت؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** بەڵێ، بە وشەیەکی سادە بەڵێ، بەڵام ئێوەی عێراقی، جا لە کوردستانی عێراق بن یان بەشەکانی دیکە، دەبێ روونی بکەنەوە مەبەستتان لەوە چییە، دەبێ خۆتان داهاتووتان دەستنیشان بکەن و بونیادی بنێن. وەک گوتت، ماوەی چەندین ساڵ وەک دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی لە ناوچەکەدا کارم کردووە. پێویستە بڵێم ئێستا چیدی دیپلۆماتکاری ئەمریکی نیم. هەر قسەیەک بکەم لەبارەی سیاسەتی ئەمریکا، بەناوی ئەمریکاوە قسە ناکەم. بەڵام بۆ چەندین ساڵ لەگەڵ عێراقییەکان کارم کردووە، بەتایبەت کوردی عێراق، هەروەها لەگەڵ کوردی پارچەکانی دیکەش کارم کردووە. پێموایە ئێستا لە ساتەوەختێکی مێژوویی سەرنجڕاکێشداین، سەختە، تەنانەت مەترسیداریشە، چەندین هەڕەشە هەن، بەڵام لەهەمانکاتدا ساتەوەختی هەلی گەورەیە. ئێوە بڕیار دەدەن لەوەی مەبەستتان چییە لە کوردستان و لە عێراق و لە یەکگرتوویی و هاوسەنگیی هێز لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە. کەس ناتوانێ ئەوەتان بۆ بکات، ئێران ناتوانێ ئەوەتان بۆ بکات، تورکیا ناتوانێ و ئەمریکاش ناتوانێ.

**ڕووداو: ژمارەیەکی زۆر کێشە لە ناوچەکەدا هەن، باشترین چارەسەر لەم قۆناغەدا بۆ عێراق چییە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** بڕوام وانییە دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان بمانگەیەنێتە هیچ شوێنێکی باش، هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی شەڕ دەبێت. پێموایە پێویستە ئێمە لەدەرەوە و ئێوە لە ناوەوە لەوە بڕوانین بزانین چیمان پێدەکرێت بۆ بنیاتنان و وەبەرهێنان. بۆ من وا دەردەکەوێت بوونی یەکەیەکی سیاسی و ئابووریی گەورەتر لە عێراق، ڕەنگە ڕێگەیەکی باشتر بێت بەرەو سەرکەوتن، بەرەو بووژانەوە و برەودان بە سەرچاوەکانی ئاو و نەوت و کشتوکاڵ و کارگەکان، هەروەها سەرچاوە مرۆییەکان. بەلای منەوە ئەوە ڕێگەیەکی ڕۆشنترە بەرەو سەرکەوتن. بەڵام بەپێی ئەمە، ئێوە چەندین بژارەتان لەبەردەمە، پێناسەی بکەن واتای کوردبوون چییە، مەسیحیبوون، موسڵمانبوون، شیعەبوون یان سوننەبوون چییە. چەندین بژارەی ئەرێنیتان لەبەردەمن، پێویستتان بەوە نییە بە چەک شتەکان یەکلایی بکەنەوە. من زۆر ڕێگە دەبینم بەرەو داهاتوویەکی ڕۆشن.

**ڕووداو: مەبەستت لە یەکەیەکی سیاسی و ئابووریی گەورەتر لە عێراق چییە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** داوا لە ئەمریکییەک مەکە بڕیارت بۆ بدات، تەنیا خۆتان دەتوانن باشترین بژارە هەڵبژێرن. بژارەکان ئاسان نابن. پێکهاتەی جیاواز هەن کە داهاتووی جیاوازیان دەوێت، بەڵام بۆ من وا دەردەکەوێت زۆربەی خەڵک دەیانەوێ شتێک بنیات بنێن نەک لەسەر شتێک شەڕ بکەن. ئەوان بەدوای ئیش و کار و بزنس و ئەو شتانەوەن کە دەیانەوێ بیکەن. نایانەوێ وەک یەکەیەکی بچووک ئەو کارە بکەن، دەیانەوێ لەگەڵ جیهان بیکەن. چۆن تێکەڵی جیهانی دەرەوە دەبن؟ ئایا وەک وڵاتێکی بچووکی قوفڵدراو باشتر دەتوانن لەگەڵ دەرەوە تێکەڵ بن یان وەک وڵاتێکی فرەڕەنگ و گەورە کە بەهێزترە.

ئیدارەی تازەی ئەمریکا هاوسۆزی گرووپێک نابێت شەڕ لە دژی تورکیا بکات

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەبێ بنیاتنانی کوردستان، کارێکی هەڵەیە

ئەمریکا هەمیشە بەشێوەیەکی زیرەکانە دەستێوەردانی نەکردووە

**ڕووداو: ئەمە لەسەر وەرەقە دەشێت بکرێت، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە ئەوە چەندین ساڵە ناکرێت، کێشەی تایفی هەیە، لایەنەکان لە جەنگدان، شیعە و سوننە یەکدی و دەسەڵاتی یەکدی قەبوڵ ناکەن. لەڕووی پراکتیکییەوە باشترین چارەسەر بۆ عێراق و نەتەوەکانی عێراق چییە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** وەکو عێراق، عێراق دەکرێ وابێت، یان لە رابردوودا دەکرا وای لێهاتبا، ئێستاش دەکرێ وای لێبێت. چەندین کولتووری جیاواز، زمانی جیاواز، باوەڕی ئاینیی جیاواز، جیۆگرافیای جیاواز لەخۆدەگرێ. ئەمریکییەکان فرەڕەنگی و جیاوازی وەک مایەی هێز دەبینن نەک لاوازی. دەتوانن لەیەک کاتدا خاوەنی یەکگرتوویی و فرەڕەنگی بن. ئەوە پارادۆکسێکە، بەڵام پێمانوایە ئەگەر بتوانن لەیەک کاتدا خاوەنی هەردووکیان بن لەبری هەڵبژاردنی یەکێکیان، بەهێزتر و دەوڵەمەندتر دەبن.

**ڕووداو: مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند کە دوای سەد ساڵ لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، سنوورەکان دەبێت بگۆڕدرێن و ئەمریکی و ئەورووپییەکان دەبێ بیر لە سەربەخۆیی کورد بکەنەوە، رای تۆ لەوبارەوە چییە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** وەک گوتم تەنیا ئێوە خۆتان دەتوانن بڕیاری لەبارەوە بدەن. من تەواو ئاگادارم، نامەوێ وەک کەسێکی کورتبین و ئایدیاڵیستی دەربکەوم کە چاو لە ئاست کێشە گەورەکان دەنوقێنێ. خەڵکی ئەم هەرێمە خوێنی زۆریان ڕشتووە و قوربانیی زۆریان داوە، مەبەستم نییە لە بەهای بنیاتنانی شتێکی هاوبەش کەم بکەمەوە. یەکێک لە کێشە گەورەکانتان لەم ناوچەیە ئەوەیە کە من ناوی دەنێم "بە ئەویدی کردن". ناساندنی بەرامبەر وەک بڵێی لە خۆمان نییە، یەکێک لە ڤێرژنەکانی ئەوە ناوی تەکفیرە. کەسانی توندئاژۆ کە دەڵێن: "تەنیا من ڕاستی دەزانم. تەنیا من خوا دەناسم، من ڕاستم و ئێوە هەڵەن. ئەوەی من دەیکەم ڕاستەو من هیچ تاوانێک ناکەم"، وەک ئەمریکی، پێمانوایە ئەمە مایەی کارەساتە. ئەگەر بە ئەویدی کردن هەڵبژێرن و پێناسەیەکی بەرتەسک بۆ کۆمەڵگاکەتان بکەن، خوا ڕەحمەتان پێبکا و بەختێکی باش. ئێوە هەرچی هەڵبژێرن ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەگەر ئێوە بتوانن فرەڕەنگی و جیاوازیی هەڵبژێرن ئەگەری سەرکەوتنتان زۆرترە. من هاوسۆزم لەگەڵ خواستی هەر گەلێک بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی خۆی، بۆ ئەوەی وەک ئەوەی هەن دانیان پێدابنرێت. تەنیا خوا دەزانێ کورد، بەتایبەتی کوردی عێراق، چەندە ئازاریان چەشتووە. پێویستە هەمووان هاوسۆزی ئەو هەستەیان بین. بەڵام لەبارەی سەربەخۆیی سیاسی و ماناکەی، ئێوە دەتوانن بڕیاری لێبدەن. ئایا گشتپرسی واتای هەیە؟ پێویستە بە قووڵی بیری لێبکەنەوە، ئەگەر گشتپرسی بکەن چی ڕوودەدات؟ هەمووان دەزانن ئەنجامەکەی چی دەبێت، زۆربەی خەڵک دەڵێن بێگومان دەوڵەتی سەربەخۆمان دەوێت. باشە، ئەی دواتر چی؟ پلانتان چییە و هەنگاوی داهاتووتان چییە بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە لە گەشەکردن و ئاشتیدا بژی لە نێوخۆ و لەگەڵ دراوسێکانی. ڕەنگە ئەنجامدانی گشتپرسی یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی بەبێ بنیاتنانی کوردستان کارێکی هەڵە بێت. ڕەنگە ڕێگەیەکی کرداری ئەوەبێت سەرەتا بنیات بنێن، قەیرانی دارایی ئێستا چارەسەر بکەن. بۆ نموونە چارەسەرکردنی کێشە سیاسییە ناوخۆییەکانی ئێستا لەڕێی بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان. پەیوەندییەکانتان لەگەڵ دراوسێ سەرسەختەکان باش بکەن. کەس ناڵێ شتێکی ئاسانە کەوتبیتە ئەم ناوچەیەوە و ئێران لەلایەک و تورکیا لەلایەکی دیکەتەوە بن. ئەو پەیوەندییە ناخۆشانەت لەگەڵ بەغدا هەبن بەدرێژایی چەندین ساڵ. ئەمانە ئاسان نین. ئایا ئەنجامدانی گشتپرسی ئاسانکاری دەکات یان ڕەوشەکە سەختتر دەکات؟ بۆ من وا دەردەکەوێ کە پێویستە بیری لێبکەنەوە. ئەمریکییەکان ناتوانن وەڵامی ئەمە بدەنەوە. ناشبێ وەڵام بدەنەوە.

**ڕووداو: بەڵام ئەمریکا یاریکەری سەرەکییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمریکا دەتوانێت لەم ئامانجە ستراتیژییەدا هاوکاری و یارمەتی کورد بدات؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** هاوڕام، هیوا بۆ چەند شتێکیش دەخوازم، سەرەتا دەڵێم ئەمریکا هەمیشە بەشێوەیەکی زیرەکانە دەستێوەردانی نەکردووە. بڕوام وایە ئێمە هەڵەمان کردووە، بەجۆرێک دەستێوەردانمان کردووە کە پشتی بە زانیاری دروست و بیرکردنەوەی باش و ستراتیژی نەبەستووە. کەواتە با ئەوە بخەینە لاوە و مشتومڕی لەسەر نەکەین.

**ڕووداو: هەڵەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان چی بوون؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** پێموایە شتێکی دروست بوو کە ئەمریکا پشتگیری لە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادبوونی خەڵک لەژێر ستەم و چەوساندنەوەی سەددام حوسێن کرد، بەڵام دروست نەبوو کە ئەمریکییەکان پێیانوابوو بە چارەسەری لە ئەمریکا دروستکراو دەتوانن بچنە عێراق، یان لەناوبردنی سەددام بەخێرایی و ئۆتۆماتیکی دەبێتە هۆی دروستبوونی عێراقێکی سەقامگیر و گەشەسەندوو. بەڕای من دەبووایە بەر لە جەنگ ئامادەکاری زۆرتر لەگەڵ خەڵکی عێراق بکرێت بەتایبەتی کوردستان. من خۆم لەسەردەمی سەدامدا بەشداریم کرد لە قسەکردن لەگەڵ کورد، کوردی عێراق و عێراقییەکانی دیکەش، قسەم لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کرد. دەزانم کە کاری خۆمان تەواو نەکرد و پلانێکی هێندە تۆکمەمان دانەڕشت بۆ عێراقی دوای سەددام، نە هێندەش گوێمان لە عێراقییەکان گرت دوای ڕووخانی سەددام. پێموایە هەڵە بوو کە واماندەزانی ئەمریکا دەتوانێ بە هێزێکی سەربازیی زۆرەوە بچێتە عێراق و ڕژێمی سەددام تێکبشکێنێ، دواتریش حوکمی عێراق بکەین، یان بەجێیبێڵین. پێویست بوو باشتر بیرمان لەوە کردبایەوە.

**ڕووداو: ئایا کوردستان بۆ ئەمریکا هاوپەیمانێکی ستراتیژییە یان تەنیا تەکتیکییە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** پێدەچێت ئەمە جیاکارییەکی ئەکادیمیانەی بوێت، من خۆم حەز دەکەم ئەمریکا لە هەموو ئاستەکاندا هاوکاریی کوردستان بکات، مەبەستم ئەوەیە تەنیا لە نێوان حکومەتەکاندا نەبێت، حەز دەکەم بازرگانی و وەبەرهێنانی دوولایەنەی زیاتریش ببینم، حەز دەکەم هاتوچۆی خەڵکی هەردوو لایەن زیاتر بێت، یەکێک لە هۆکارەکانی هاتنی من پێشاندانی پشتگیریی خۆم بوو بۆ عێراقییەکان و کورد، کە کارێکی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەروەردەوە وڵاتەکەیان بنیات بنێن.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەمریکا لە جەنگی دژی داعشدا بەپێی پێویست هاوکاریی کوردی کردبێت؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** شتێکی زۆر پێویستە کە هەموومان پێکەوە شکست بەو توندوتیژی، دڕەندەیی و تاوانکارییانە بهێنین کە داعش نوێنەرایەتی دەکات. ئەمەش هەم کاتێکی زۆری دەوێت و هەمیش پێویستی بە هاوپەیمانێتیی گەورەی هەموو ئەوانەیە کە بەرژەوەندییان لە شکستی داعشدایە، ئەمە زیاتر لە هەموو کەسێک ئەو خەڵکە دەگرێتەوە کە لێرە دەژین و قوربانیی سەرەکی داعش و دڕەندەییەکانی ئەوانن.

**ڕووداو: تۆ بۆ ماوەی نزیکەی چوار ساڵ باڵیۆزی ئەمریکا بووی لە تورکیا، داهاتووی تورکیا چۆن دەبینی، پێتوایە لە تورکیا چانسێک بۆ کورد هەیە بۆ ئەوەی بە دەستکەوتێک بگەن؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** بەڵێ، زۆر زیاتر لە چانسێکیشیان هەیە و ئەمەش حاشاهەڵنەگرە. حەز دەکەم بڵێم پرسیارەکە زیاتر پەیوەندی بە کات و شێوەی چانسەکەوە هەیە. ئەو کاتەی من لەوێ بووم ساتەوەختێکی هیوابەخش بوو بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی و بەهێزکردنی دیموکراسیی تورکیا و دانی مافی هەموو خەڵکی تورکیا، تەنانەت ئەوانەش کە کورد نەبوون بەم شێوەیە باسی پرۆسەکەیان بۆ من دەکرد، ئەمەش هی ساڵی 2013یە، لە هاوینی 2013 لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم چووین بۆ ئەوێ و بە شاخی ئاراراتدا سەرکەوتین، ئەمە بەشێکی بۆ خۆشی خۆمان بوو، بەشێکیشی بۆ هاندانی ئەمریکییەکان بوو بۆ ئەوەی بێن و لە کەرتی گەشتیاریی ئەو بەشە جوانەی جیهاندا بەشداری بکەن، ئێمە چووینە ئامەد، یەکێک لە گەورەترین شارەکانی کورد. من هیوایەکی زۆرم بۆ تورکیا هەیە، وەکوو وڵاتێکی کۆماری و هاوپەیمانێکی نێو ناتۆ، وەکو خۆم پێموانییە دابەشکردنی تورکیا ڕوویدات یانیش لەجێی خۆی بێت، نە بۆ تورکیا و نە بۆ هاووڵاتییانی ئەم وڵاتە، لەوانەش کوردی تورکیا.

**ڕووداو: هەتا ئێستاش هەمان هیوات بۆ تورکیا هەیە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** من متمانەیەکی تەواوم بە تورکیا هەیە، ڕاستە تورکیا بە کاتێکی سەخت و ناخۆشدا دەڕوات، هەست بە ئازارێکی قووڵ دەکەم کاتێک بینیم ئەو پرۆسە سیاسییە بەو دەردە چوو، لە کاتێکدا وادیار بوو بەرەو چارەسەر دەچێت و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی بۆ هەموو خەڵکی تورکیا باشتر دەکات. من بینیم ئەو پرۆسەیە چەندە بەرەوپێش چووبوو، دواتریش بینیم هاوینی ساڵی پار لە نێو ئاگردا دەسووتا. ئێستاش دەبینم ڕاپۆرتەکان باسی سەرهەڵدانەوەی پێکدادانی توندوتیژ دەکەن و پێدەچێت پرۆسەی سیاسی گەڕابێتەوە دۆخی پێش چارەسەری.

پلانێکی تۆکمەمان دانەڕشت بۆ عێراقی دوای سەددام

کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە چەک دابنێت

**ڕووداو: ئەو هەڵانە چی بوون کە تورکیایان گێڕایەوە ئەم دۆخەی ئێستا؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** وابزانم ڕووداوەکە هاوینی پارساڵ لە سروچ تەقییەوە، بەڵام بەدەر لەمە ئەمە شکستی پرۆسەی سیاسی بوو، پێموایە حکومەتی تورکیا خۆڕاگرە و تورکیا کۆمارێکی بەهێزە و خاوەن یاسایە، هاووڵاتیانی تورکیا سەبارەت بە هەستیان بەرامبەر سەرکردەی ئێستایان مشتومڕیانە، من وەکوو ئەمریکییەک ناتوانم لەسەر ئەمە تێبینیم هەبێت، بەڵام هیچ گومانێکم نییە کە کۆماری تورکیا دەمێنێتەوە، ئەمە فاکتە، لە ناتۆشدا هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

**ڕووداو: باشە پەکەکە دەبێت چی بکات؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** پەکەکە دەتوانێت دان بەوەدا بنێت لە جیهاندا هاوسۆزییەکی زۆر بۆ کورد بەگشتی هەیە، واتە کورد لە عێراق، کورد لە ئێران، کوردەکانی سووریا و کوردی تورکیا. بەڵام بە لایەنی کەم لە ئەمریکا، من هیچ هاووڵاتییەکم نەبینیوە کە هاوسۆزی دەربڕێت بۆ گرووپێک لەدژی هاوپەیمانێکی ناتۆ دەستی دابێتە چەک، جا ئەمریکییەکە کۆماری بێت یان دیموکرات. چ بەڕێز ترامپ یان خاتوو کلینتن هەڵبژاردنەکان ببەنەوە، من هەست ناکەم ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا هاوسۆز بێت لەگەڵ هەر گرووپێک کە لە دژی کۆماری تورکیا چەکی هەڵگرتبێ، هەر بۆیە بەڕای من پەکەکە کە لە دژی هاوپەیمانێکی ناتۆ دەستی داوەتە چەک، تەنیا کوشتار و وێرانی بەسەر هەموو لایەنەکانی تورکیادا دەهێنێ.

**ڕووداو: بەڵام ئێستا ئەمریکا پشتگیری لە یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دەکات، ئەوانیش بە بەشێک لە پەکەکە دەزانرێن، ئەمەش تورکیای زۆر دڵگران کردووە؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** ئەم بەشە لە جیهان زۆر ئاڵۆزە. ڕاستە ئەمە تورکیا دڵگران دەکات، بەڵام پەکەکە زیاتر لە دڵگرانیمان پێدەدات. ئێمەش وەکوو تورکیا تووڕەین لەوەی کە پەکەکە لە دژی هاوپەیمانێکی ناتۆ دەیکات، بە بۆچوونی ئێمە کاتی ئەوە هاتووە پەکەکە چەک دابنێ و بزانێت کە بەهێزکردنی دیموکراسی لە تورکیا و باشترکردنی مافەکانی هەموو لایەک تاکە ڕێگەی بەرەوپێشچوونە. لە پەیوەندی لەگەڵ سووریا، حەز دەکەین داعش کۆتایی بێت، یەپەگەش گرووپێکی چەکداری بەهێزە لەدژی داعش. ئەوەی هەتا ئێستا کراوە بەس نییە، داعش دەبێ دەربکرێت، ئەمەش بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی سووریا بەس نییە، ئێمە پێمانوانییە سووریا لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئەسەد بگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی، لەمەدا لەگەڵ حکومەتی تورکیا هاوڕاین. ئەمە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزە. ڕاستە لێکدژییەک هەیە، بەڵام چی بکەین جیهان ئاوهایە. ئێمەش لە ڕەوشە ئاڵۆزەکاندا لەگەڵ هاوپەیمانانماندا کار دەکەین.

**ڕووداو: باسی سووریات کرد، ڕات سەبارەت بە داهاتووی کورد لە سووریا چییە؟ پێتوایە لە سووریای نوێدا شتێکیان دەستبکەوێ؟**

**فرانسیس ریچاردۆنی:** وابزانم هیچ کەس و لایەنێک لە سووریا هێندەی کوردی سووریا مکوڕ نەبووە لەسەر ئەوەی بۆ پاراستنی کۆمەڵگەکەی خۆیان لە دژی داعش بجەنگن، بەڵام بە بۆچوونی من ئێستا تەحەداکە ئەوەیە کورد و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە دژی ڕژێمی ئەسەد کۆبکەینەوە. ئەمە کارێکی سەختە، بەڕای من ئەمە هێندەی یان زیاتر لە هەوڵەکانی یەکخستنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی سەدام حوسێن سەختە کە من ساڵانێک پێش ئێستا تێیدا بەشدار بووم، نازانم ئەمە چۆن دەکرێت، بەڵام هەر دەبێ بکرێت. ئەمە بە شێوازێک لەو پرسیارە دەچێت کە پێشتر لە بارەی عێراقەوە کردت، واتە ئایا بۆ خەڵکی سووریا وەها باشترە بەسەر کۆمەڵێک پارچەی بچووکدا دابەش ببن، کە هەر کۆمەڵگەیەک چاوی لەسەر ناوچەکەی خۆی و بەرژەوەندییە بەرتەسکە ناوچەییەکانی خۆی بێت، یان بڕیار بدەن لە نێو سنوورەکانی سووریایەکدا بمێننەوە کە بەهێزتر، ئارامتر و گەشەسەندووترە و تێیدا بە کەرامەتەوە بژین، هەڵبەت ئەگەر بتوانن لەگەڵ کۆمەڵگە دراوسێکانی خۆیان لە نێو سنوورەکانی سووریا دۆزێکی هاوبەش بدۆزنەوە. ئەمە بڕیارێکە ئێمە لە دەرەوە ناتوانین بیدەین، بەڵام ئەگەر سوورییەکان خۆیان بڕیار بدەن کە دەیانەوێت وڵاتەکەیان بگەڕێننەوە، ئەوە جیهانی دەرەوەش هەموویان دەیانەوێت ئەمە ڕووبدات.

ژمارە (411) دووشەممە 2016/6/6



### یوئێن کوردێکی سوێد خەڵات دەکات

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، خەڵاتی مافی مرۆڤ دەداتە ژنێکی کوردی نیشتەجێی سوێد. خەڵاتی مافی مرۆڤ، هەموو ساڵێ بەو کەس و لایەنانە دەبەخشرێ کە جێپەنجەیان لە پرسەکانی مافی مرۆڤدا دیاربێ. ئەمساڵیش ئەم خەڵاتە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە سوید (Svenska FN-förbundet) بە سارا محەممەد بەخشرا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سوید ڕایانگەیاندووە کە ژنە چالاکڤان سارا محەممەد لەبەر ئەوەی پارێزگاری لە پرسی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی کچان و ژنان بەتایبەتی دەکات. هاوکات بەردەوام لە هەوڵدایە بۆ ڕێگرتن لە هاوسەرگیریی زۆرەملێ، هاوسەرگیریی منداڵان و توندوتیژی بە پاساوی شەرف، ئەوا ئەم خەڵاتەی پێبەخشراوە.

# کۆچبەرانی کورد لە تالین گیریان خواردووە



کۆچبەران سوود لە کەشتی ئاوەکانی ئیستۆنیا وەردەگرن بۆ پەڕینەوە بەرەو سوێد و فینلاند

## کۆچبەرێک: ڤیزای رووسیام هەبوو کەچی وەکو زیندانییەک دیپۆرت کرامەوە

**ڕووداو – تالین، هەولێر**

دوای ئەوەی هاوکار بە 1400 دۆلار ڤیزای روسیای دەستکەوت، بەمەرجی ئەوەی پەنجەمۆری وەرنەگیرابێت، ماڵەکەی فرۆشت و لە هەولێر سواری فڕۆکە بوو. بەڵێنی پێدرابوو لە تالینەوە رەوانەی فینلاند بکرێت، وەک زامنترین و سەلامەتترین رێگا، بەڵام هەر لە کەوانتەری پێشوازیی فڕۆکەخانەی مۆسکۆ دەگیرێت و دیپۆرت دەکرێتەوە.

خەونی هاوکار ئەوە بوو لەرێگەی مۆسکۆوە بگاتە ستۆکهۆڵم یان هێلسنکی "لەگەڵ ئەوەی پارەکەم رۆیشت، ئیهانەیەکی زۆر و ئازارێکی زۆری دەروونی درام".

(رووداو) پەردە لەسەر چیرۆکی هاوکار مەریوان و دەیان گەنجی دیکەی ئەو رێگەیە هەڵدەداتەوە، بەشێکیان لە رێگایەکدا گیریان خواردووە کە پێشتر پێیانگوترابوو سەرکەوتووترین و سەلامەتترین رێگەیە.

### توریستەکانی تالین دەبنە رێبەر

تالین، پایتەختی ئیستۆنیا بەدرێژایی 87،4 کیلۆمەتر سنووری ئاویی لەگەڵ فینلاند و 432 کیلۆمەتریشی لەگەڵ سوێد هەیە و گەشتێکی زۆری رۆژانەی ئاوی لەنێوان ئەو وڵاتە لەگەڵ سوێد و فینلاند هەیە.

سنوورەکە خەسڵەتێکی بازرگانیی هەیە، بەتایبەت لە بواری خواردنەوە کهولییەکان. سکەندناڤیا و یەکێتیی ئەوروپا بە رووسیا و وڵاتانی یەکێتی سۆڤێتی پێشووەوە دەبەستێتەوە، بۆیە لە هاویناندا گەشتیارێکی زۆر سەردانی دەکەن.

لەبەرئەوەی ئیستۆنیا ئەندامێکی تازەی یەکێتیی ئەوروپایە، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاو بگرێ. ئەمەش وەک قاچاخچییەکی کورد دەڵێت، ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی کۆچبەرە نایاساییەکان کردووە.

(س.ئەحمەدی) کە لە سنوورەکانی ئیستۆنیا کاری قاچاخچێتی دەکات، دەڵێت "ئیستۆنیا و لاتڤیای دراوسێی، پێیانخۆشە کۆچبەرەکان لەخۆیان دووربخەنەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی رەوشی گەشتیاری تێکنەچێت. رێگاکەمان قورس نییە، بەڵام کێشەی ئێستامان لە نێوان مۆسکۆ و گەیشتنیانە بە فینلاند".

ئەحمەدی باسی ئەو رێگا تازەیەی گواستنەوەی کۆچبەران دەکات و دەڵێت "ئەم رێگا قاچاخە، دوای توندکردنی سنوورە زەمینییەکانی نێوان رووسیا و نەرویج و رێگا شەمەندەفەرییەکەی مۆسکۆ و فینلاند و هەروەها رێی وشکانیی نێوان لینینگراد و هێلسنکی پەیدا بووە". پێشتر رووسیا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سنوورەکانی بەرووی کۆچبەراندا بۆ وڵاتانی ئەوروپا کردبووەوە.

لەبارەی رێگاکانی گواستنەوەی کۆچبەرانیش، ئەو قاچاخچییە کوردە دەڵێت "هاوشێوەی رێگەی نێوان سوێد و فینلاند، سوود لەو گەشتە رۆژانەییانەی کەشتییەکان وەردەگیرێن کە رۆژانە بۆ گەشت و باری گەورە و گواستنەوەی خەڵک لە نێوان ئەو سنوورانە دێن و دەچن".

بە گوتەی ئەم قاچاخچییە کوردە، زۆرینەی کۆچبەران لە تورکیاوە دەچنە مۆسکۆ، لەوێوە دەچنە ئیستۆنیا و لاتڤیا. تێچووی ئەو رێگایەش 3000 دۆلارە. لەوێشەوە لە رێگەی کەشتییەکانەوە بڕی هەزار یورۆیان لێ وەردەگیرێ بۆ گەیاندنیان بە هێلسنکی و 1،500 یورۆش بۆ ستۆکهۆڵم.

ئەوە لەکاتێکدایە، نرخی گواستنەوەی کەسێکی ئاسایی بەو کەشتیانە کە بۆ شارە دوورەکان ژووری خەوتنیشی لەگەڵە، لە 50 یورۆ تێناپەڕێ و هەندێکجار بە 5 تاوەکو 10 یورۆش دەستدەکەوێت.

### هەر لە مۆسکۆ دیپۆرت کرایەوە

هاوکار مەریوان، 29 ساڵ، لەگەڵ هاوژینەکەی و منداڵەکەیان لە هەولێرەوە بە ترانزێتی ئیستەنبوڵ چوونە مۆسکۆ. هاوکار دەڵێت "بۆ نرخی ڤیزا، هەر کەسێک بڕی 1.400 دۆلارمان دا کە کێشەی پەنجەمۆر و کێشەی فڕۆکەخانەمان نەبێ، بەڵام لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ دەستگیریان کردین و گوتیان ئێوە مافی هاتنە نێو رووسیاتان نییە، وەک بەندکراوێک سواری فڕۆکەیان کردین بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ هەولێر".

پلانەکەی هاوکار ئەوە بوو کە لە مۆسکۆ چەند رۆژێک بمێنێتەوە و پاشان لە رێگەی تالینەوە بچێتە سوێد، یان فینلاند. هاوکار هەموو مەرجە یاساییەکانیشی هەبووە و لە هەولێرەوە لەرێگەی نووسینگەیەک کاروبارە یاساییەکانی تەواو کردووە.

هاوکار نموونەی دەیان گەنجە کە لە فڕۆکەخانەکانی مۆسکۆ و رێگەی نێوان مۆسکۆ و تالین و هێلسنکی، تووشی کێشە بوون، بگرە لەوانی دی ئاسانتر رزگاری بووە.

ئەحمەد رواندزی کۆچبەرێکی کوردە و ئێستا لە تالینە، دەڵێت "سێ جار گیراوم و دوایین جار پاسپۆرتەکەم لەدەست چوو، چونکە رامکرد". ئەو لە چاوەڕوانیی ئەوەدایە پاسپۆرتێکی عێراقی بۆ دروست بکرێت تەنیا بۆ ئەوەی بتوانێ بگەڕێتەوە "لەبەر ئەوەی رامکردووە، ناتوانم لەرێگەی خۆتەسلیمکردنەوە بگەڕێمەوە".

نەبوونی باڵیۆزخانەی عێراقی لەو وڵاتانە ئێستا کێشەی گەڕانەوەی بۆ ئەو کەسانە دروستکردووە و تەنانەت ناتوانن خۆشیان دیپۆرت بکەنەوە.

رواندزی لەڕێی براکەیەوە کە نیشتەجێی فینلاندە، هەوڵی رێگەی یاسایی داوە "ویستمان لەڕێی باڵیۆزخانەی عێراق لە هێلسنکی شتێک بکەین، بەڵام نەمانتوانی".

زۆربەی ئەو کۆچبەرە کورد و عێراقییانەی حاڵەتی لەم شێوەیەیان هەیە، لەڕێی (Traveldocument)، دەگەڕێنەوە. رواندزی دەڵێت "باڵیۆزخانە پێیانگوتین، ناتوانین لە غیابی کەسەکە تەنانەت بەڵگەنامەی گەڕانەوەشتان بۆ دروست بکەین".

ئێستا ئەحمەد تەنیا داوای ئەوە دەکات کە بگاتە هێلسنکی یان پایەختێکی ئەورووپی "بۆئەوەی دەستم بگاتە باڵیۆزخانەیەکی عێراق و بگەڕێمەوە و نەجاتم ببێت لەم دەردەسەرییە".

ئەوان بەڕۆژ خۆیان دەشارنەوە و شەوانەش لەسەر شەقام و کووچە و کۆڵانەکان دەخەون، بەڵام لەبەرئەوەی ئێستا وەرزی گەشتیارییە، ئەحمەد و هاوڕێکانی هیوای ئەوەیان هەیە، رێگەیەک بدۆزنەوە و لێوەی بگەنە یەکێک لە وڵاتانی سکەندەناڤیا.

# لە سوێد 4000 کتێبی کوردی چاپ کراون



نووسەرێکی کورد لەکاتی چاپکردنی پەرتووکەکەیدا لە چاپخانەیەکی سوێد

**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

ئەو رۆژانەی کە دەرفەتی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە لە کوردستان زۆر سنووردار بوو، سوید ئەو بۆشاییەی پڕکردەوە و بووە ناوەندەی گەشەی ئەدەب و کولتووری کوردی. نووسەرێکی کوردی نیشتەجێی سوید دەڵێت تا ئێستا لەم وڵاتە پتر لە چوار هەزار ناونیشان بە هەموو شێوەزارەکانی کوردی چاپ کراون.

کوردۆ باکسی، نووسەر و سیاسەتڤانی کورد کە خەڵکی باکووری کوردستانە، بە زمانی ژمارە قسە دەکات و دەڵێت "ئەگەر تورکیا وەک ئەزموونی چاپ بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو بە نموونە وەربگرین، دەبینین لە 1923 تا 1975 تەنیا نزیکەی 30 دانە کتێب چاپ کراون، کەچی لە سوێد لەنێوان ساڵانی 1975 تاوەکو 2015 نزیکەی چوار هەزار ناونیشان بە شێوەزارە جیاوازەکانی کرمانجی و سۆرانی و زازاکی و هەورامی و فەیلی چاپکراون".

رزگار شێخانی کە خەڵکی باشووری کوردستانە و زیاتر لە 30 ساڵە لە سوێد نیشتەجێیە و خاوەنی زیاتر لە 10 کتێبە، قسەکانی باکسی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "ئەو کاتەی لەهەموو باشووری کوردستان، ساڵی 10 کتێب چاپ نەدەکرا و چەند رۆژنامەیەکی کارتۆنیی کوردی هەبوون کە بەعسییەکان دەریاندەکرد، لەو کاتەدا بزووتنەوەیەکی رۆژنامەوانی و هاوچەرخی کوردی لە سوێد سەری هەڵدا و گەشەی کرد، سەدان کتێب و گۆڤار چاپ و بڵاوکرانەوە". گوتیشی: "پارەی خەیاڵی بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن دەوڵەتی سوێدەوە خەرج کراوە".

هەر لەوبارەوە مەحموود لەوەندی کە لە ئامەدی باکووری کوردستان لەدایک بووە و 35 ساڵی تەمەنی لە سوێد بەسەر بردووە، دەڵێت "سوێد لانکەی گەشەی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی بوو، شوێنێک بوو لە دەرەوەی گوشار و هەستیارییە سیاسییەکان".

لەوەندی هەشت کتێبی لە زمانی سوێدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجیی سەروو، هەروەها خاوەنی دوو لێکۆڵینەوەیە لەسەر رۆژنامەڤانیی کوردی.

لەوەندی باس لە نموونەکانی ئەو لەدایکبوون و گەشەسەندنەی بڵاوکراوەی کوردی لە سوێد دەکات و دەڵێت "یەکەم گۆڤاری تەنزئامێزی کوردی لە 1982 بەناوی میرکۆت لە سوێد دەرچوو. یەکەم گۆڤاری سینەما بە کوردی لە سوێد دەرچوو، یەکەم گۆڤاری منداڵان و لاوانیش هەر لە سوێد دەرچوو".

ستۆکهۆڵم لە فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبی سوێدیدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەناو ئەم پێگەیەدا کوردیش بەگوێرەیپ قەبارەی خۆیان چالاکن. زیاتر لە 200 نووسەر و ئەدیبی کورد لە ستۆکهۆڵم ژیاون، یان هێشتاش لەوێ دەژین و بەردەوامن.

بەڵام هەریەک لە کوردۆ باکسی و مەحموود لەوەندی و رزگار شێخانی کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم بزاڤە چالاکە چەند ساڵێکە رووی لە کزی و سستییە و بەهۆی کەمبوونەوەی خوێنەری کورد. ئەوان دەڵێن، بازاڕێکی گەرم نییە کە کتێب و بڵاوکراوەی کوردیی تێدا ساخ ببێتەوە "چونکە بڵاوکراوەی کوردی کەمترین کڕیاری هەیە". مەحموود لەوەندی هەروەها گوتی "تەنانەت لە دیجیتاڵکردنیش وەکو پێویست کار نەکراوە".

رزگار شێخانی، لەڕێگەی وەرگێڕانی ژمارەیەک بەرهەمی شیعرییەوە لە کوردی بۆ سویدی، دەیەوێ ئەدەبیاتی نوێی کوردی بە خوێنەرانی سوێدی بناسێنێ. ئەو دەڵێت "باوەڕم بەم هەوڵە هەیە و نووسەرانی ناوداری سوێدی لە رۆژنامە ناسراوەکاندا لەسەریان نووسیوە".

شێخانی بە وەرگێڕانی شیعرەکانی کەریم دەشتی بۆ سویدی دەستی بەم کارە کردووە، ئەگەرچی پێشتریش کاری لەم جۆرە کراوە. کوردۆ باکسی دەڵێت "ئەدەبیاتی کوردی پێگەیەکی لەنێو کتێبخانەی سوێدیدا هەیە. شوانی کورد لە 1935 چاپکراوە، هەڵبەستەکانی فەقێ تەیران و هێمن و جگەرخوین و گۆران، لە شەستەکان و حەفتاکاندا چاپکراون". گوتیشی "رۆڵی هەردوو زانکۆکانی ئۆپسالا و ستۆکهۆڵمیش نابێت لەبەرچاو نەگرین، ئەوان رۆڵێکی دیاریان هەبووە".

### نووسین بە سوێدی.. لەپێناو ئەرکێکی گەورەتر

ئەوان بە کوردی نووسییان و پاشان کردیانە سوێدی و بڵاویان کردەوە. ئێستا وەرگێڕەکان ئەو بەرهەمانە دەکەنەوە کوردی و چاپ و بڵاوی دەکەنەوە. مەحموود باکسی و محەممەد ئۆزۆن لەو نووسەرانەن. کوردۆ باکسی لەبارەی ئەو دوو نووسەرە دەڵێت "ئەوان لەماڵ بە کوردی و تەنانەت هەندێک جار بە تورکیش دەیاننووسی و پاشان کردیانە سوێدی، تەنیا لەبەرئەوەی بە سوێدی بڵاوببێتەوە".

کوردۆ باکسی دەیان ئەزموونی لەم شێوەیە باس دەکات کە زیاتر لەو نەوەیەن لە حەفتاکانی سەدەدەی رابردوودا روویان لە سوێد کردووە "لەڕووی پرۆفیشناڵێتی لە کار رەنگە سەرکەوتوو نەبووبن، چونکە بیرکردنەوە و نووسینیان لە بنەماوە بە سوێدی نەبووە، سەرەڕای ئەوەش پێگەیەکیان بەناوی کورد، لە ئەدەبیاتی سوێدیدا دروست کرد. ئێستا هێدی هێدی ئەو بڵاوکراوانە دووبارە بە کوردی چاپ دەکرێنەوە".

لەدوای ساڵانی 2000 جوڵانەوەیەکی نوێ دروست بوو، چەندین نووسەری کورد پەیدابوون کە بە سوێدی دەنووسن. کوردۆ باکسی لەم بارەیەوە باس لە چەند ئەزموونێکی گەنجانی کورد دەکات، وەک مستەفا جان و دڵشاد دەمیرتاش و ئەرکان ئەسعەد.

ئەوان وەک نووسەری کورد پێگەیەکی بەهێزیان لە نووسین و ئەدەبیاتی سوێدیدا دروستکردووە، ئێستا تیراژی کتێبەکانیان زۆرتر لە نیو ملیۆن دانە تێدەپەڕێنێ.



## شیرین و فەرهاد لە هەولێرن

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

بێری شەڵماشی، کچە دەرهێنەری کورد، بۆ وێنەگرتنی کورتەفیلمێکی بەناوی هاوارێک لەسەربانەوە لەگەڵ ستافێکی نێودەوڵەتی لە هەولێرن کە کوڕ و کچێک بەناوی شیرین و فەرهاد ڕۆڵی تێدا دەگێڕن. بێری شەڵماشی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ گرووپێکی نێودوڵەتی ماوەی چەند ڕۆژێکە لە هەولێرین، بۆ وێنەگرتنی فیلمێکی نوێ، فیلمەکە چیرۆکی خۆشەویستییەکی کارەساتباری کوڕ و کچێکە کە جەنگ لە یەکی دابڕاندوون، فیلمەکەش بەناوی شیرین و فەرهادە".

بێری باسی ناوەڕۆکی فیلمەکە دەکات و دەڵێت "ئەم فیلمە چیرۆکی کچێک بەناوی شیرین دەگێڕێتەوە کە دەچێتە بەرەکانی جەنگ و خەبات دەکات، فەرهادیش بەردەوام لەسەربان چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکات". هونەرمەند ئیسماعیل زاگرۆس کە دانیشتووی ئەڵمانیایە، ڕۆڵی فەرهاد بەرجەستە دەکات، کارەکتەری شیرینیش گۆنجا کاراسو ئەکتەری تورک بەرجەستەی دەکات.

## نزار زێوەیی، سەرپەرشتیاری گرووپی موزیکی لوڕ:

# ئەم قەیرانە داراییە سوودی بۆ هونەر هەبوو

نزار زێوەیی سەرپەرشتیاری گرووپی موزیکی لوڕ قەیرانی دارایی بە هێڵەکێک نێودەبات کە قولی ڕەش و سپی دەرخست و ئەو گرووپانەی مەبەستیان پەیداکردنی داهات بوو لە کارکەوتن و دەڵێت "ساڵانی پێش قەیرانەکە کاری هونەری وەکو بەڵێندەرایەتی لێهاتبوو".
گرووپی موزیکی لوڕ ساڵی 2008 لە شاری سلێمانی دامەزراوە و لە 11 ئەندام پێکهاتووە و خاوەنی ستۆدیۆی خۆیانن. ئەو گرووپە بەپێچەوانەی گرووپەکانی دیکەی موزیکەوە قەیرانی دارایی کۆڵی پێ نەداون. بەڵکو دوو ئەلبووم و چەند کلیپێکیشیان بڵاوکردووەتەوە. نزار زێوەیی سەرپەرشتیاری ئەو گرووپە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارەکانی خۆیان دەکات.
هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی



### دەمانەوێ ببینە قوتابخانەیەکی هونەری

### ئەو هونەرمەندانەی فوویان تێکراوە خۆمانیان لێ بەدوور دەگرین

### لەم جەنگەدا بە هونەر ڕووبەڕووی فیکری توندڕەوی دەبینەوە

**ڕووداو: هەشت ساڵە دامەزراون، بەڵام لەم چەند ساڵەی دوایی زۆرتر ناسران، هۆیەکەی چییە؟**

**نزار زێوەیی:** ئێمە ئیشی خۆمان بەپێی قۆناغەکان دیاری کردووە و لە هەر قۆناغێکیشدا لە فێستیڤاڵ و کۆنسێرتەکاندا بەشی خۆمان بینەرمان هەبووە و هەستمان کردووە پەیامەکەمان گەیشتووە بە گوێگر، سەرەتا کارمان لەسەر دیاریکردنی سیستەمی ئیش کرد، لەگەڵ سەنتەری لوڕ فێستیڤاڵمان دەکرد و پاشان کۆنسێرت لە ناوەوە و دەرەوە و پاشانیش دروستکردنی کلیپ بۆ گرووپەکە و لەو ڕێگایانەشەوە زیاتر ناساندمان.

**ڕووداو: وەکو دەزانین لە دوو ساڵی ڕابردوودا قەیرانی دارایی کاریگەریی زۆری لەسەر هونەرمەندان دانا، بەڵام ئێوە بەردەوامن، چۆن توانیتان بەردەوام بن؟**

**نزار زێوەیی:** بێگومان قەیرانەکە فشارێکی زۆر گەورەی خستە سەرمان، من ساڵانی کارکردنی پێش قەیرانەکەم ناوم نابوو بەڵێندەرایەتی هونەری، واتە گرووپێک دروست دەکرا و لەگەڵ لایەنێکی پەیوەندیدار ڕێکدەکەوتن و بەرنامەیان دەکرد بۆ ئەوەی داهاتێکیان دەستبکەوێ بێ ئەوەی پەیامێکی دیاریکراویان هەبێت، بۆیە لەگەڵ قەیرانەکەدا ئەو گرووپانەش کۆتاییان هات، ڕاستە قەیرانەکە سەخت بوو، بەڵام سوودیشی ئەوە بوو زۆربەی گرووپەکانی لە هێڵەک داو وەکو کورد دەڵێت: قولی ڕەش و سپی لە بواردا دەرخست، وەکو چۆن پێشمەرگە هێزێکی واقیعی بوو بۆ پاراستنی سنوور، ئەوانەشی لە هونەردا مانەوە پێشمەرگەئاسا کاریان کرد.

**ڕووداو: سەرچاوەی دارایی ئێوە چی بوو؟**

**نزار زێوەیی:** سەرچاوەی دارایی، خۆمان و ستۆدیۆ و بەرهەمەکانمان بوو، بەڵام دەمانزانی لە قۆناغەکاندا بەرپرسیارێتییەکان زیاتر دەبن، واتە لە چ کاتێکدا دەکرێت ئامادەییمان هەبێت و لە چ کاتێکدا پێویست ناکات، لەم قۆناغی جەنگەدا بە پێویستمان زانی بە هونەر ڕووبەڕووی ئەو فیکرە توندڕەوە ببینەوە و گەورەترین ئەرکیشمان خستە سەرشانمان و توانیمان دوو سیدی و زیاتر لە 10 کلیپ بکەین و بڵێین ژیان بەردەوامە، چونکە بە وەستانی هونەر، ژیانیش دەوەستێ.

**ڕووداو: بەڵام خۆ کلیپ و بەرهەمیش پارەی دەوێت؟**

**نزار زێوەیی:** کلیپەکان لەلایەن کەناڵەکانەوە بێ بەرامبەر کراون، هەروەها ستۆدیۆی خۆمان هەیە و ئەندامەکانیشمان خۆبەخشانە کاریان کردووە، چاپ و دیزاینی بەرهەمەکانیش ستافی خۆمان کردوویانە، ڕاستە سوودمەندی ماددیی نەبووین، بەڵام سوودمەندی گەورەی مەعنەوی بووین.

**ڕووداو: ئێوە زیاتر بە ستایڵی سوننەتی کار دەکەن و بێ جیاوازیش کارتان کردووە، کارکردنتان لەسەر داوای هونەرمەندان یاخود ئێوە بووە؟**

**نزار زێوەیی:** زۆرینە لەسەر داوای ئەوان بووە، بەڵام کارێکی ئاساییە ئەگەر خۆشمان داوا لە هونەرمەندێک بکەین کاری لەگەڵ بکەین.

**ڕووداو: پێتان باشە کار لەگەڵ چ هونەرمەندێک بکەن؟**

**نزار زێوەیی:** وەکو گوتم ئێمە پەیام و ئامانجمان هەیە، لەلایەک دەمانەوێت پەیامی ئاشتی بگەیەنین، هەروەها دەیان موزیسیان و هونەرمەند لە ڕێگەی گرووپەکەمانەوە دروستبوون، واتە گرنگیدان بەو لاوانەی بەهرەیان هەیە و دەرنەکەوتوون، ڕاستە دەنگخۆش و ئەکادیمیمان زۆرە، بەڵام هەلیان بۆ نەڕەخساوە، بۆیە ئەو هونەرمەندانەی فوویان تێکراوە خۆمانیان لێ بەدوور دەگرین، چونکە مەبەستمان بازرگانیکردن بە هونەر نییە.

**ڕووداو: ئەی ئەو هونەرمەندانەی کە ئێوە بۆ کارکردن داواتان لێکردوون، هۆکار چی بووە، چونکە هەندێکیان خۆیان بەنێوبانگ بوون؟**

**نزار زێوەیی:** ئێمە بە ستایڵی سوننەتی مۆدێرن کار دەکەین و شێوازەکەشمان لە باشووردا کەمە، بۆ نموونە هاوشێوەی گرووپی کامکاران هەیە، بەڵام ئەو جۆرە دابەشکارییەی ئێمە دەیکەین هاوشێوەی نییە و دەمانەوێت بیکەینە قوتابخانە، هەر هونەرمەندێکیش ئەو شێوازەی هەبووبێت کارمان لەگەڵ کردووە، واتە کار لەگەڵ هەر هونەرمەندێک بکەین بە شێوازی خۆمان بێت نەک هونەرمەندەکە.

**ڕووداو: پڕۆژەی نوێتان چییە؟**

**نزار زێوەیی:** پڕۆژەی نوێمان جگە لە بەرهەمێک بۆ هونەرمەند سەعدون کاکەیی، خۆمان ئامادە دەکەین لە چەند مانگی داهاتوودا کۆنسێرتێکی موزیک و گۆرانی بکەین.

## (ڕووداو) لە مۆزەخانەی لۆڤەر

# "ساڵانە نزیکەی 10 ملیۆن کەس سەردانمان دەکەن"

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- پاریس**

بەڕێوەبەرایەتی مۆزەخانەی لۆڤەر لە پایتەختی فەرەنسا دەڵێن بەهۆی تەقینەوە و هێرشەکانی سەر پاریس، ژمارەی سەردانیکەرانی ئەو مۆزەخانەیە کەمتر بووە.

مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس بە یەکێک لە گرنگترین مۆزەخانەکانی دنیا دادەنرێت و بەناوبانگترین مۆزەخانەی ئەورووپایە. بەناوبانگترین شاکارەکانی ئەم مۆزەخانەیە بریتین لە تابلۆی مۆنالیزا-ی لیۆناردۆ داڤینچی و پەیکەری ڤینۆسی خودای جوانی لای ڕۆمانییەکان و پەیکەری ئافرۆدێتی یۆنانی، لەگەڵ چەندین شاکاری دیکە و مۆزەی جیهانی کە لە لۆڤەری پاریس کۆکراونەتەوە.

نرخی چوونە ژوورەوە بۆ ئەم مۆزەخانەکە 15 یورۆیە و ڕۆژانە هەزاران کەس سەردانی دەکەن بەو مەبەستەی کەلوپەلە دانسقەکانی ببینن کە مێژووی هەندێکیان بۆ زیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

لویس جازۆ، بەرپرسی ئاماری فرۆشتنی بلیتی ڕۆژانە لە مۆزەخانەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لۆڤەر لەساڵی 1792 دروستکراوە، لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا کەلوپەل و پەیکەر و کاری هونەریی وڵاتانی جیهانی تێدا کۆکراوەتەوە. جازۆ گوتی "هەندێکجار ئەو پارەیەی بۆ هێنانی یەک تابلۆ بۆ لۆڤەر خەرج دەکرێت، سەدان ملیۆن دۆلارە".

بە گوتەی جازۆ، ڕۆژانە 15 — 25 هەزار کەس سەردانی لۆڤەر دەکەن کە زۆربەیان گەشتیارن و کەمتر فەرەنسین، چونکە زۆربەی فەرەنسییەکان چەندینجار ئەو مۆزەخانەیە گەڕاون.

ئەو بەرپرسەی لۆڤەر زانیاریی زیاتر لەبارەی مۆزەخانەکە دەداتە (ڕووداو) و دەڵێت "ئەم مۆزەخانەیە پڕیەتی لە شاکار و کەلوپەلی دانسقە و دەگمەنی وڵاتانی جیهان، هەندێ کەلوپەل هی پاشا و میرنشینەکانی هەزاران ساڵ بەر لە زایینە. کەم وڵاتی دونیا هەیە کەلوپەلی لە لۆڤەر نەبێت".

لەنێو ئەم مۆزەخانەیەدا چەندین شاکاری جیهانی هەن، لویس دەڵێت "خەڵکی زیاتر بۆ شاکارە بەناوبانگەکان دێن، بۆ نموونە تابلۆی مۆنالیزا هەمیشە زۆرترین گەشتیار لە بەردەمی کۆدەبنەوە، یاخود هەردوو پەیکەری ئافرۆدێت و ڤینۆس-ی خودای جوانی لای ڕۆمانییەکان و یۆنانییەکان".

بەپێی ئاماری فەرمی مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس، لە ساڵی 2014دا زیاتر لە نۆ ملیۆن و 250 هەزار میوان سەردانی مۆزەخانەی لۆڤەریان کردووە، واتە ڕۆژانە زیاتر لە 24 هەزار کەس. بەوپێیە داهاتی ئەو ساڵەی مۆزەخانەکە زیاتر لە 138 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بووە.

لویس دەڵێت، زۆرینەی میوانانی مۆزەخانەکە ئەمەریکین، دوای ئەوانیش چینییەکان و ئیتاڵییەکان لەڕیزی پێشەوەی میوانانی مۆزەخانەی لۆڤەردا دێن، کەمترینی ئەوانەشی سەردانی ئەم مۆزەخانەیەیان کردووە، خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. لویس دەڵێت "شەڕی داعش و هێرشەکانی سەر پاریس کاریگەریی زۆریان لەسەر ژمارەی گەشتیاران و سەردانیکەرانی لۆڤەر هەبووە، ئێستا بەشێک لە گەشتیاران یان نایەنە پاریس، یان کە دێن خۆیان لە شوێنە زۆر گشتییەکان بەدوور دەگرن".

ئیلهام محەممەد، کچە گەشتیارێکی سوێدی بەڕەگەز ئەفغانییە، ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکی لە سوێدەوە هاتووە بۆ پاریس و چوار ڕۆژ دەمێننەوە، ئیلهام بە (ڕووداو)ی گوت "لە پلانەکەماندا کە بۆ پاریس دامانابوو، سەرەکیترین شوێن کە گوتمان دەبێت سەردانی بکەین لۆڤەر بوو، لێرە هەندێ شت دەبینی کە پێشتر تەنیا لە فیلمەکاندابینیومانە".

ئیلهام دەشڵێت "من کە هاتمە پاریس دەمزانی تابلۆی مۆنالیزا لێرەیە، ئەو تابلۆیە لە دوایین نهۆمی مۆزەخانەکە دانراوە، مۆزەخانەکەش ئەسانسۆری نییە و ئێمە زیاتر لە سێ کاژێرمان پێویست بوو تا بە قادرمەکاندا گەیشتینە بەردەم تابلۆی مۆنالیزا، بەڵام کارمەندانی پاراستنی مۆزەخانەکە نەیانهێشت زۆر نزیکی ببینەوە، بە دووریی 3- 5 مەتر شریتیان داناوە، بۆیە ناتوانی بەباشی تابلۆکە ببینی".

لویس وەک وەڵامێک بۆ گلەییەکەی ئیلهام و چۆنیەتی پاراستنی کەلوپەلەکانی مۆزەخانەی لۆڤەر، گوتی "بەهێزترین سیستەمی پاراستن لە دەرەوە و ناوەوەی لۆڤەر دانراوە، وەک سیستەمی سکانی لێزەری و ئاگادارکردنەوەی بەپەلە، سەدان کارمەندیش تەنیا ئەرکیان پاراستنی مۆزەخانەی لۆڤەر و ڕێنوێنیی گەشتیارانە لە دەرەوە و ژوورەوە، تەواوی کارمەندانی مۆزەخانەکە بە هەموو بەشەکانەوە زیاتر لە 2000 کارمەندن".

لویس هەروەها گوتی "هەندێ کەلوپەل هەن زۆر ناسکن، ناکرێت گەشتیاران زۆر لێی نزیک ببنەوە، وەک تابلۆکەی مۆنالیزا کە لە نێو جام پاراستوومانە، چوونە پێش بۆ هەموو پەیکەرێک دیاری کراوەو بە شریت پارێزراوە، گەشتیاران دەبێت تێبگەن کە ئەم کەلوپەلانە دەبێت بەهەموو شێوەیەک بپارێزرێن".

ناتاشا لاورێ، گەشتیارێکی دیکەیە و لە ئەمەریکاوە هاتووە، ئەو لەگەڵ کەلوپەلە دانسقەکانی لۆڤەر وێنەی دەگرت، ناتاشا بە (ڕووداو)ی گوت "ساڵانێکە خەون بە لۆڤەرەوە دەبینم، ئەمساڵ بۆم ڕێکەوت بێم، من خەریکی مێژووناسیم و ئێستا بۆم ڕێکەوتووە لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی زانکۆ بەیەکەوە بێینە لۆڤەر، سوپاسی خودا دەکەم کە ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم".

ئەم مۆزەخانەیە ساڵی 1792 کراوەتەوە و ئێستا جیان لویس مارتینێز بەڕێوەی دەبات کە لەساڵی 1997ەوە وەک کارمەند لەو مۆزەخانەیە دەستبەکار بووە. ساڵانە بە ملیۆنان گەشتیار سەردانی مۆزەخانەکە دەکەن و بەیەکێک لە گرنگترین و گەورەترین مۆزەخانەکانی جیهان دادەنرێ.



شەڕی داعش و هێرشەکانی سەر پاریس کاریگەریی زۆریان لەسەر ژمارەی گەشتیاران و سەردانیکەرانی لۆڤەر هەبووە

(فۆتۆ: ڕووداو)


Gulanpark
T: +964 750 444 1414 T: +964 750 444 1515
Email: sales@gulanpark.net
www.gulanpark.net
Adress: Gulan Street Ankawa Cross
Block No: 2163/40/44 Kurdistan
WORLD TRADE CENTER®
ERBIL
sbözelgroup
KOREK


+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333
DANIA CITY
better life style
daniacity
info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد



## کچێکی سێ ساڵان خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- سلێمانی**

مولازم ئاسۆ مەجید، لێپرسراوی کارگێڕی بەشی پۆلیسی دوکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێشنیوەڕۆی 2-6-2016 بەبوونی حاڵەتێکی کوشتن لە نەخۆشخانەی پیرەمەگرون ئاگادارکراونەتەوە و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە کچێکی تەمەن سێ ساڵ لە گوندی سوسێ بە دەمانچەی باوکی خۆی کوشتووە و گوتی "باوکی منداڵەکە گوتوویەتی شەو میلی دەمانچەکەی ڕاکێشاوە و لای خۆی دایناوە و بەیانی کە هەستاوە و چووەتە دەرەوە بیری چووە فیشەکەکە دەربهێنێت، دواتر کچەکەی یاری پێکردووە و فیشەکێک تەقیوە و بەر سەری کەوتووە، بەو هۆیەوە گیانی لەدەستداوە"، هەروەها گوتی "بە فەرمانی دادوەر دەست بەسەر دەمانچەکەدا گیراوە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

ژمارە (411) دووشـــەممە 2016/6/6

# لە بەریتانیا گەڕایەوە و خوشکەکەی خۆی کوشت

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

جوان، ئامۆژگاریی براکەی دەکرد کە چیدی کێشە دروست نەکات و ڕێگە بە خەڵک نەگرێت و مەی نەخواتەوە و بلۆک نەکێشێ بە ئۆتۆمبێلی خەڵکدا، بەڵام براکەی نەک ئامۆژگارییەکانی جوانی لە گوێ نەگرت، بەڵکو زۆری پێنەچوو دەستڕێژی گوللەی لێکرد و کوشتی.

ڕۆژی 2016/5/28 ژنێکی تەمەن 28 ساڵ بەنێوی جوانە شەمسەدین، دایکی دوو منداڵ، لە ماڵی باوکی لە گەڕەکی برایەتیی شاری هەولێر لەلایەن برایەکی خۆیەوە بەنێوی (ف.شەمسەدین) کوژرا. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر ڕووداوەکەدا، بکوژ خۆی ڕادەستی پۆلیس کرد.

ئەو ڕووداوە لەلایەن نووسینگەی قەڵای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێ. نەقیب ڕێباز زێوەر، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنە بە سەردان چووەتەوە ماڵی باوکی و لەلایەن براکەیەوە کوژراوە "بکوژ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بە تاوانەکەدا ناوە کە بە چەکی کلاشینکۆف دوو گوللەی لە خوشکەکەی داوە و هۆکارەکەشی بۆ جێگیرنەبوونی باری دەروونی گەڕاندووەتەوە و گوتوویەتی لەوکاتەدا شتێک لە مێشکمدا دروست بوو، دەمویست هەموویان بکوژم، بەڵام ئێمە ناتوانین ئەو قسەیە بسەلمێنین تاوەکو ڕەوانەی لیژنەی پزیشکی دەکەین کە ئاخۆ باری دەروونیی تەواوە یان نا".

بە گوتەی نەقیب ڕێباز، بکوژ دوای ڕووداوەکە خۆی ڕادەستی بنکەی ئاسایشی ڕاپەڕین لە شاری هەولێر کردووە و دواتریش ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان کراوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێ. نەقیب ڕێباز گوتیشی "بەهۆی پرسەوە نەتوانراوە گوتەی کەسوکاری وەربگیرێت و سکاڵاشیان تۆمار نەکردووە، بەڵام وەکو داواکاری مافی کەسێتی و بە بڕیاری دادوەر، لێپرسینەوە لەگەڵ بکوژەکەدا کراوە".



### لە بەریتانیاش کەسێکی کوشتووە

کەسوکاری بکوژەکە دەڵێن باری دەروونیی (ف) ناجێگیر بووە. شیمال شەمسەدین برای بکوژەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، براکەیان پێشتر لە بەریتانیا بووە و بەهۆی کوشتنی کەسێکەوە 13 ساڵ سزادراوە، دوای تەواوکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی کوردستان کراوەتەوە. شیمال گوتی "نازانین هۆکاری ڕووداوەکەی بەریتانیا چی بووە، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکەوە سزا درا و لەو ماوەیەشدا کە لە زیندانا بووە باری دەروونیی تێکچووە".

بە گوتەی شیمال، براکەیان ماوەی سێ مانگە لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە دیپۆرتی کوردستان کراوەتەوە و گوتی "لەو ماوەیەی لە بەریتانیا بوو، نزیکەی پێنج تاوەکو شەش ساڵ لە نەخۆشخانە بووە و بەردەوام دەرزییان لێداوە و کەسوکارمان سەردانیان دەکرد، لێرەش ئەگەر دوو ڕۆژ باش بووایە، سێ ڕۆژی دیکە قسەی بە ئێمە و خەڵکی دەگوت و مەی دەخواردەوە و جارجارەش پەلاماری خەڵکی دەدا و بلۆکی بە ئۆتۆمبێلی خەڵکیدا دەکێشا، هەندێجاریش کە لەگەڵی دادەنیشتین باش بوو، هەندێجاریش هەر ئەو کەسەی لەگەڵی بوو، لەبەرچاوی دەبووە دوژمن".

سەبارەت بە چارەسەری نەخۆشییەکەی، شیمال گوتی "بردمان بۆ لای پزیشکی دەروونی چارەسەری بۆ نووسی، بەڵام دەرمانەکانی بەکارنەدەهێنا، بردمانە نەخۆشخانەی دەروونی، لەوێش نەمایەوە".

### خوشکەکەی ئامۆژگاریی کرد

ماڵی شیمال کە لە تەنیشت ماڵی باوکێتی، شاهیدحاڵی ڕووداوەکەش بووە "خوشکەکەم و (ف)ی برام لە باخچەی ماڵی باوکم دانیشتبوون قسەیان دەکرد، جوان ئامۆژگاریی دەکرد و دەیگوت قسە بە خەڵک مەڵێ و واز لە مەیخواردنەوە بێنە و پەلاماری ئۆتۆمبێلی خەڵک مەدە، (ف)یش پێدەکەنی و دەیگوت من نیم. دواتر ڕۆیشت چەکی برایەکی دیکەمانی دۆزیبووەوە و دەستدرێژی گوللەی کرد و ئەو خوشکەمان بەرکەوت".

دوای دەستگیرکردنی (ف)، تاوەکو ئێستا کەسوکاری سەردانیان نەکردووە و بەهۆی پرسەی جوانەشەوە هێشتا بڕیاریان نەداوە کە ئایا لە (ف) خۆش دەبن یان سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەن.

# ژنێکی دووگیان دەبێتە قوربانیی شەڕی خزمەکانی

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژاڵە هەشت ڕۆژی مابوو منداڵی دووەمی لە ئامێز بگرێ، بەڵام بەهۆی دەستڕێژی گوللەی خزمێکییەوە کوژرا، برای تۆمەتبارەکە دەڵێت "لە هەردوولامان تەقە کراوە و گومانمان هەیە ئەو ژنە بەهۆی تەقەی چەکی براکەمەوە کوژرابێت".

سەرلەبەیانی ڕۆژی 2016/5/26 ژنێکی دووگیانی تەمەن 18 ساڵ بەنێوی ژاڵە لەنێو ماڵەکەی خۆیدا لە گوندی دارەتووی سەر بە ناحیەی تاسڵوجەی شاری سلێمانی بەهۆی دەستڕێژی گوللەوە کوژرا.

نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ژنە بەهۆی دەمەقاڵێی نێوان دوو کەس کە خزمی یەکدین، کوژراوە و گوتی "یەکێک لەو دوو کەسە دوای دەمەقاڵێیەکە چووە کلاشینکۆفی هێناوە و لەبەردەم ماڵی کەسەکەی دیکە دەستڕێژی تەقەی کردووە و بەو هۆیەوە ژاڵە کوژراوە، بکوژەکەش دەستگیر کراوە، بەڵام ژنەکە هیچ پەیوەندییەکی بە شەڕی خزمەکانەوە نەبووە و ماڵی کوژراوەکە سکاڵایان تۆمار کردووە".

ماڵی ژاڵە لە گوندی دارەتوو لەسەر بەرزاییەکە و ماڵی خەزووریشی لەخوار ماڵی ئەوانە. ستار حەمەتاڵ، خەزووری ژاڵە کە شاهیدحاڵی ڕووداوەکەیە، بە (ڕووداو)ی گوت، سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لە شاخ دەمەقاڵێ و شەڕ لەنێوان کوڕێکی خۆی و ئامۆزایەکی خۆیدا کە هەردووکیان 18 ساڵن، دروست بووە. ستار گوتی "دیارە لەو شەڕەدا کوڕەکەم لە ئامۆزاکەمی داوە، ئەویش خۆی بە مەغدور زانیوە و ویستی تۆڵەی خۆی بکاتەوە و بە ماڵی باوکی گوتبوو".

وەکو ستار گوتی، دواتر ماڵی ئامۆزاکەی بەبێ ئەوەی لە ڕووداوەکە حاڵی بووبن، هاتوونەتە سەریان "کە هاتن قسەیان پێگوتین و سووکایەتییان پێکردین وەکو ئەوەی لەسەر هەق بن، ئیدی ئاگایان لە کوڕەکەیان نەما، ئەویش لە پشتی ئەوانەوە کلاشینکۆفی هێنا و دەستڕێژی بە نێوماندا کرد و بەو هۆیەوە فیشەکێک بەر ژاڵە کەوت، لە کاتێکدا ژاڵە لە ماڵی خۆیان لە مەتبەخ خەریکی کاری خۆی بوو".

بەپێی قسەکانی خەزوورەکەی، دوای نزیکەی 15 خولەک لە تەقاندنی فیشەکەکان و نەمانی قەرەباڵغییەکە بە کوژرانی ژاڵەیان زانیوە و گوتی "جگە لە بووکەکەم هیچ کەسێکی دیکە بەرنەکەوت، بەڵام ئەگەر ماڵی ئامۆزایەکەم سووکایەتییان نەکردایە، کوڕەکەشیان دڵی گەرم نەدەبوو بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە".

ژاڵە و هاوژینەکەی ماوەی مانگ و نیوێک بووە چووبوونە خانووە نوێیەکەیانەوە کە هێشتا تەواویان نەکردووە. ستار ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی "خانووەکەشیان هێشتا تەواو نەبووە و ژاڵە تێیدا نەحەسایەوە و هەشت ڕۆژی مابوو، منداڵی دووەمیان ببێت".

بە گوتەی ستار، ماڵی تۆمەتبارەکە بەشداری پرسەی ژاڵەیان نەکردووە، ئەوانیش دۆسیەکەیان داوەتە دەست یاسا. ستار گوتی "ئەوان گوتوویانە ئامادەین سوڵح بکەین، بەڵام لەبەر پرسەکەمان هێشتا وەڵاممان نەداونەتەوە و پێدەچێت هەر لێشی خۆش ببین، چونکە بە کوشتنی دیکە کێشەکە چارەسەر ناکرێت، ماڵی باوکی ژنەکەش هەڵوێستیان وەکو ئێمەیە".

بەڵام شیروان محەممەد کە برای (س)ی تۆمەتبارە، بەجۆرێکی دیکە باسی ڕووداوەکەی کرد و گوتی "دوو هەفتە پێش ئەو ڕووداوە، برایەکی دیکەم کە لە (س) بچووکترە، لەگەڵ برازایەکی کاک ستاردا شەڕیان کردووە، دواتر ئەو کوڕەیان چووە بانگی کوڕێکی کاک ستار و دوو ئامۆزای دیکەی کردووە بۆ ئەوەی لە براکەم بدەن، براکەشم تەلەفۆنی بۆ (س) کردووە. (س) لە کاتی شەڕەکەدا لەو کوڕەی ئەوانی دابوو، بەڵام دواتر سوڵحمان کرد".

شیروان هەروەها گوتیشی "ئەو بەیانییە (س)ی برام لەلای ئاژەڵەکانیان بووە لە دەشت، کوڕەکەی ئەوان لەناکاو چووەتە لای و لە پشتەوە دوو گۆچانی لێداوە، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە". شیروان ڕەتیکردەوە ئەو ڕۆژە کەسوکاری چووبنە سەر ماڵی ستار و سووکایەتییان پێکردبن.

هەرچەندە پۆلیس و کەسوکاری ژاڵەش (س) بە بکوژ دەزانن، بەڵام شیروان گومانی لە تۆمەتبارکردنی براکەی هەیە و گوتی "لەهەردوولا تەقە کراوە و دوای ڕووداوەکە زانراوە ئەو ژنە کوژراوە، ئێمەش نازانین کێ کوشتوویەتی و تائێستا گومانمان هەیە براکەمان بێت، چاوەڕێی لێکۆڵینەوەین". ئەگەر دەرکەوت براکەیان بکوژە هەڵوێستیان چی دەبێت؟ شیروان گوتی "ملکەچی یاساین".



# کچە قوتابییەک خۆی دەخنکێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

نەواس کتێبەکانی هەڵدەگرێت و بەناوی خوێندنەوە دەچێتە نهۆمی دووەمی ماڵەکەیان، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم کەسوکارەکەی جەستە بێ گیانەکەی لە پەت دەکەنەوە. باوکی نەواس دەڵێت باری ئابوورییان خراپ بووە، بۆیە کچەکەی، خۆی خنکاندووە، بەڵام پۆلیس قسەیەکی دیکە دەکات.

ڕۆژی 2016/5/17 لە کاتێکدا قوتابیانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی سەرقاڵی خۆئامادەکردن بوون بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، کچێکی تەمەن 18 ساڵ بەنێوی نەواس سلێمان، پۆلی 12ی وێژەیی لە نێو ماڵەکەیاندا خۆی خنکاند.

مەلا سلێمان باوکی نەواس کە لە کاتی ڕووداوەکەدا لە مزگەوت بووە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کە لە مزگەوت گەڕامەوە قەرەباڵغییەکی زۆر لەبەردەم ماڵەکەم بوو، کاتێک نزیک بوومەوە زانیم کچەکەم خۆی خنکاندووە".

دوای پشکنینی پزیشکی، مەلا سلێمان تەرمی کچەکەی لە پۆلیس وەردەگرێتەوە. ئەو باسی هۆکاری خۆخنکاندنی کچەکەی دەکات و دەڵێت "ئێمە خێزانێکین باری ئابووریمان خراپە، من خۆم فەرمانبەری حکومەتم، چاوەڕێی دابەشکردنی مووچە دەکەم، مووچەکە بەشمان ناکات، بۆیە لەو باوەڕەدام کچەکەم بەهۆی خراپیی باری ئابووریمانەوە خۆی خنکاندبێ، جگە لەو هۆکارە باسی هەر شتێکی دیکە لەبارەی کچەکەمەوە بکرێ، بە توندی ڕەتیدەکەمەوە".

نەواس هەشت خوشکی هەبوو، خوشکێکی کە مامۆستایە زۆر پەسنی نەواس دەدات و لەو ڕۆژەوەی نەواس خۆی خنکاندووە تووشی شۆک بووە و ناتوانێت باوەڕ بەوە بکات کە ئیدی جارێکی دیکە خوشکی نابینێتەوە.

مامۆستا ئاریان سلێمان، خوشکی نەواس بە (ڕووداو)ی گوت "من لە کاتی ڕووداوەکە لە دەوام بووم، بەڵام دایکم بۆی گێڕامەوە کە نەواس گوتوویەتی دەچمە سەرەوە دەخوێنم، ئیدی نازانم بۆچی خۆی خنکاندووە".

مامۆستا ئاریان هەروەها گوتی "بەڕاستی بە زانینی هەواڵەکە تووشی شۆک بووین، چونکە خوشکەکەم هیچ کێشەیەکی نەبوو، نەخۆشیی دەروونی نەبوو، کێشەی کۆمەڵایەتی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێت کە باری ئابووریمان کەمێک خراپە. جگە لەوەش نەواس زۆر دڵی بە خوێندنەکەی خۆش بوو، بەردەوام سەعی دەکرد بۆ ئەوەی نمرەیەکی بەرز بەدەستبێنێ، بۆیە پێمان سەیرە کە خۆی خنکاندووە".

بەڵام پۆلیس بە پێچەوانەی قسەی کەسوکارەکەی باسی هۆکارێکی دیکە دەکات کە وای لە نەواس کردووە خۆی بخنکێنێ.



ملازم ڕێباز، گوتەبێژی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕانیە لەبارەی خۆخنکاندنی ئەو کچەوە بە (ڕووداو)ی گوت "بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان و ئەو گوتانەی کە وەرگیراون، ئەو کچە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە و داوای لە کوڕەکە کردووە بچێتە خوازبێنی، بەڵام کوڕەکە نەچووە، ئەویش لە داخان خۆی خنکاندووە".

گوتیشی "پۆلیس دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردووەتەوە و لێکۆڵینەوەی تێدا دەکات بۆ ئەوەی بزانرێ ڕاستی ڕووداوەکە و هۆکاری خۆخنکاندنی ئەو کچە تەنیا مەسەلەی سۆزدارییە یان کێشەی دیکەی هەبووە".

هەر لەوبارەوە تەها محەممەد، لێپرسراوی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی تەندروستی ڕاپەڕین گوتی "بەپێی پشکنین و توێکاری کە بۆ تەرمی نەواس کراوە، دەرکەوتووە ئەو کچە بە دەستی خۆی، خۆی خنکاندووە و کەس دەستی لە ڕووداوەکەدا نییە".



## باوکێک منداڵەکەی دەڕفێنێ

**رووداو- گەرمیان**

لە شاری کەلار منداڵێک لەلایەن باوکییەوە رفێندراوە و دواتریش لەلایەن پۆلیسەوە دۆزراوەتەوە. رائید عەلی جەمال قەدوری، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان بە (رووداو)ی راگەیاند ئێوارەی 2016/6/2 لە گەڕەکی فەرمانبەرانی کەلار، منداڵێکی کوڕی تەمەن حەوت ساڵان رفێندراوە و دواتریش مەفرەزەکانیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە و گەڕان بە دوای منداڵەکەدا کردووە و هەمان شەو دۆزیویانەتەوە. قەدووری گوتی "رفێنەرەکە، باوکی منداڵەکە بووە بەنێوی (س.م) تەمەن 46 ساڵە. بە گوتەی خۆی، دوو ساڵ لەمەوبەر لە ژنەکەی جیابووەتەوە، ئێستاش بەپێی ماددەی 421ی تایبەت بە رفاندن لە یاسای سزادانی عێراقی بەندکراوە، بەڵام پێدەچێت دواتر ماددەکەی بگۆڕدرێت".

" 17 ساڵ بوو نەخۆشیی دەروونی هەبوو"

# هەولێر... پیاوێک خۆی دەخنکێنێ



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- هەولێر**

پیاوێکی دانیشتووی هەولێر لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لەڕێگەی خۆهەڵواسین بە پەتێکەوە خۆی خنکاند. برایەکی ئەو پیاوە دەڵێت براکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە و بەردەوام دەرمانی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی بەکارهێناوە، بەڵام لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بخنکێنێ.

ئیسماعیل عەزیز، تەمەن 46 ساڵ، دانیشتووی گەڕەکی بەهاری نوێ لە شاری هەولێر کە خاوەنی شەش منداڵ بوو، شەوی 2016/5/25 بە پەت خۆی خنکاند. نەقیب هۆگر عەزیز گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەو پیاوە بە گوتەی کەسوکاری نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی خنکاندووە و لێکۆڵینەوەش لەڕووداوەکە بەردەوامە.

هاوسێیەکی ماڵی ئەو پیاوە کە لەگەڵ هێزە ئەمنییەکاندا چووەتە سەر تەرمی ئیسماعیل، بە (رووداو)ی گوت ئەو کاتەی پیاوەکە خۆی خنکاندووە ژن و منداڵەکانی لە ماڵی خوشکێکی پیاوەکە بوون و گوتی "لەو کاتەدا کەسیان لە ماڵەوە نەبووە، کوڕێکی مێرمنداڵی هاتووەتەوە کە سەیری کردووە کەس لە ماڵەوە نییە، بەڵام کاتێک چووەتە نهۆمی دووەمی خانووەکەیان بینیویەتی باوکی بە پەتێکەوە شۆڕ بووەتەوە و خۆی خنکاندووە، ئەویش هاواری بۆ دراوسێکانی بردووە".

ئیسماعیل کورسییەکی لەژێر پێی خۆی داناوە و دوو بالیفیشی خستووەتە سەر، پاشان پەتێکی بە شیشی پانکەی ژوورەکەدا هەڵواسیوە و بەهۆی ئەو پەتەوە خۆی خنکاندووە.

دراوسێکەی ئیسماعیل زۆر پەسنی ئەو پیاوەی دا و گوتی "لە نزیکەوە دەمناسی، کێشەی خێزانی و دارایی نەبوو. کەسێکی کاسبکار بوو، دەستگێڕ بوو، بەڵام ئەوەندەی بزانم نەخۆشیی دەروونی هەبوو، جاروباریش بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە تووشی پەرکەم دەبوو، بۆیە پێدەچێ هەر لەبەر ئەو نەخۆشییە خۆی کوشتبێ".

نەجمەدین عەزیز، برای ئیسماعیل پشتڕاستی کردەوە کە براکەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە. نەجمەدین بە (رووداو)ی گوت "براکەم نزیکەی 17 ساڵ بوو تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو بوو، بەردەوام سەردانی پزیشکی دەکرد و دەرمانی هەبوو". گوتیشی "براکەم زۆر حەزی لە شوێنی قەرەباڵغ نەبوو، پزیشکیش رێنمایی کردبوو کە زۆر نەچێتە شوێنی قەرەباڵغ، تەنانەت کە لە مەجلیسێکیش دادەنیشت زۆر ئاگای لە مەجلیسەکە نەبوو، هەمیشە دەیگوت نازانم باسی چی دەکەن، ئاگام لە کەستان نییە".

نەجمەددین دەڵێت براکەی تەواو شپرزە ببوو بەدەست نەخۆشییەکەیەوە، بەڵام قەت لەو باوەڕەدا نەبوون خۆی بخنکێنێ. نەجمەددین گوتی "نەخۆشییەکەی تەواو تەنگی پێهەڵچنیبوو، تا وای لێکردبوو هیوای بە ژیان نەمێنێت، زۆرجار دەیگوت ئاگام لەم دنیایە نەماوە و بێزار بووم و قەت چاک نابمەوە، رۆژانەش نزیکەی چوار تا پێنج حەبی دەخوارد".

بەپێی ئاماری پۆلیسی هەولێر، لە ساڵی رابردوودا 50 پیاو خۆیان کوشتووە، بەڵام جۆری خۆکوشتنەکەیان روون نەکراوەتەوە. بە گوتەی نەقیب هۆگریش لە ماوەی ئەمساڵدا لە سنووری شاری هەولێر، سێ پیاو خۆیان خنکاندووە کە دوویان پێشمەرگە بوون.

# سزادراوان لە زینداندا خێزان پێکەوە دەنێن

بەڕێوەبەری چاکسازییەکی ژنان:

## ئەوانەی بە لەسێدارەدان سزا دراون بۆیان نییە منداڵیان ببێ

## بۆ خەڵوەتی شەرعیی زیندانیان پاداشت و سزامان هەیە



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

عەلی لە پرسگەی چاکسازیی ژنان و نەوجەوانانی سلێمانی دانیشتبوو بۆ ئەوەی ئەو ژنە ببینێ کە بەنیازە بیکاتە هاوژینی داهاتووی خۆی. هەرچەندە ژنەکە بە بەندکردنی هەتا هەتایی سزا دراوە، بەڵام عەلی سوورە لەسەر ئەوەی بیخوازێت و دەڵێت "سوڵحی بۆ دەکەم و ماڵی باوکیشم رازی دەکەم بیخوازم".

عەلی ناوی خوازراوی پیاوێکی تەمەن 30 ساڵە، قژ رەشێکی ئەسمەرە و خێزاندارە. پێشتر خۆی لەو بەڕێوەبەرایەتییە پاسەوان بووە، بەڵام دواتر بە تاوانی دزی سزادراوە. ئەو گوتی "تائێستا منداڵمان نەبووە و ژنەکەشم بەلایەوە ئاساییە ژنی دووەم بهێنم. ئەو ماوەیەی لێرە پاسەوان بووم، سەرنجی هەڵسوکەوتی ئەو ژنەم داوە، زۆرم بەلاوە پەسەندە و دەمەوێ بیخوازم".

عەلی و ژنەکە لە ژووری بەرپرسی ژنانی بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ چەند خولەکێک گفتوگۆیان کرد، بەڵام عەلی نەیتوانی لە یەکەم بینینیدا رەزامەندیی ژنەکە وەربگرێ و ژنەکە پێیگوت "برۆ پەنجەمۆری ژنەکەتم بۆ بێنە کە رازییە، ئەوکات شووت پێدەکەم".

ژنەکە مەرجەکانی خۆی بۆ شووکردن بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "دەمەوێت شوو بە کەسێک بکەم کە لە زینداندا بێت نەوەک دواتر بیانوو بگرێت و جارێکی دیکە داوای جیابوونەوەم لێبکات، جگە لەوەش بەخێوم بکات نەک بەخێوی بکەم".

لە چاکسازییەکانی گەوراندا لە هەرێمی کوردستان چەندین حاڵەتی پێکەوەنانی خێزان هەبووە کە هەندێکیان لە نێوان خودی زیندانییەکاندا بووە، هەندێکیشیان لەگەڵ کەسانی دەرەوەی زیندان بووە.

### لە زیندان کەپڵی پەیدا کرد

یەکێکی دیکە لە سزادراوانی چاکسازیی گەوران گەنجێکی تەمەن سی ساڵە کە باڵا مامناوەندێکی کەمێک قەڵەوە و بە تاوانی رێگری بە شەش ساڵ بەندکردن سزا دراوە. ئەو گەنجە خوشکی هاوڕێیەکی سزادراوی خۆی خواستووە و گوتی "ئەو کچە لەگەڵ کەسوکاری سەردانی براکەیان دەکرد، لەوەوە پەیوەندی لەنێوانماندا دروست بوو، پاشان بەرپرسانی چاکسازی کارئاسانییان بۆ کردین و مارەم کردووە و دوای ئازادبوونیشم ئاهەنگی بۆ ساز دەکەم".

سزادراوێکی دیکەش کە بە هەمانشێوە خوشکی هاوڕێیەکی خۆی خواستووە، دەیگوت "پێشتریش ژنم هێناوە، بەڵام لە قۆناغی دەستگیرانیدا جیابووینەوە، ئەمجارەش هەر لە زینداندا خوشکی هاوڕێیەکی خۆم مارە کردووە، بەڵام چوار ساڵی دیکە ئازاد دەکرێم، ئەویش بەڵێنی داوە چاوەڕێم بکات".

### 50 حاڵەتی هاوژینی لە زیندانەکانی سلێمانی

خەسرەو سلێمان توێژەری کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی گەورانی سلێمانی کە چەند ساڵێکە لەو بەڕێوەبەرایەتییە کارئاسانی بۆ زۆربەی هاوسەرگیرییەکان کردووە، دەڵێت لە ماوەی هەشت ساڵدا نزیکەی 80 کەسیان بە یەکتر گەیاندووە، هەندێکیان پێشتر پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە، بەڵام کاتێک هاتوونەتە زیندان ئاسانکارییان بۆ کردوون کە بەیەک بگەن، هەندێکی دیکەشیان لەزینداندا و کاتێک کەسوکاری سزادراوانی دیکە هاتوون، کەوتوونەتە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ یەکێکیان و ئەمان بە یەکیان گەیاندوون.

خەسرەو گوتی جۆرێکی دیکەی هاوسەرگیریی نێو سزادراوەکان ئەوانەن کە پێشتر بە تاوانی ناپاکی هاوسەرێتی سزادراون و پاشان لە زیندان بەیەک گەیشتوون.

کوێستان ئەنوەر توێژەری کۆمەڵایەتی و لێپرسراوی هۆبەی ژنان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی ژنان و منداڵانی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت، تاوەکو ئێستا نزیکەی 10 حاڵەتی هاوسەرگیری لە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان تۆمار کراوە و گوتی "سەرەتا کەسی خوازبێنیکار کە دێتە لای ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین و ئەگەر بەدڵمان بوو کارئاسانییان بۆ دەکەین، بەڵام ئەگەر ئێمە تێبینیمان لەسەر هاوسەرگیرییەکە هەبێت و ئافرەتەکەش هەر سوور بوو لەسەر شووکردن، داواکارییەکەی بۆ دادوەری سەرپەرشتیاری چاکسازی بەرز دەکەینەوە، ئەو بڕیاری لێدەدات".

لە چاکسازیی ژنان و منداڵانی هەولێریش چەند پرۆسەیەکی هاوسەرگیری هەبووە. دیمەن محەممەد بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کە ساڵێک و سێ مانگە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دەڵێت تاوەکو ئێستا هەشت حاڵەتی هاوسەرگیری لای ئەوان تۆمار کراوە و سەرجەمیشیان لەگەڵ سزادراوانی پیاواندا بووە، باسی دوایین هاوسەرگیریشی کرد کە لەم ماوەیەدا بووە.

ئەو گوتی "لەم ماوەیەدا کچێکی تەمەن 30 ساڵ کە بە تاوانی کوشتنی دایکی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دراوە، لەڕێگەی ژنە سزادراوێکی دیکەمانەوە کە مێردەکەی لە چاکسازیی پیاوانە، شووی بە سزادراوێک کرد، ئێمەش دوای وەرگرتنی رەزامەندیی ماڵی باوکی، لەڕێی پارێزەرێکەوە مامەڵە یاساییەکانمان بۆ کرد".

هەر لەوبارەوە موقەدەم محەممەد حەسەن، بەڕێوەبەری چاکسازیی گەورانی دهۆک بە (رووداو)ی گوت، تائێستا دوو هاوسەرگیری لەنێو چاکسازییەکەیاندا کراوە و گوتی "یەکێکیان لەم ماوەیەی رابردوودا بوو سزادراوێکمان لەگەڵ ژنە سزادراوێکدا خێزانیان پێکەوە نا. دووەمیش سزادراوێکمان کە پێشتر ژنیشی هەبوو، جارێکی دیکە لەگەڵ کچێکی دەرەوەی چاکسازی، خێزانی پێکەوە نا".

بەڵام لە هەموو هەورێکیش باران نابارێت، هەموو خوازبێنی نێو چاکسازییەکانیش سەریان نەگرتووە و هەندێکیان رەتکراونەتەوە. ژنە سزادراوێکی چاکسازیی ژنانی سلێمانی کە بە تاوانی کوشتن سزادراوە و لەلایەن سزادراوێکی پیاوانەوە داوای هاوسەرگیریی لێکراوە، داواکەی رەتکردەوە.

ئەو ژنە گوتی "دوای ماوەیەک لە پەیوەندی و قسەکردن بۆم دەرکەوت کەسێکی رەزیل و دڵپیسە و لە قسەکردندا راستگۆ نەبوو، بۆیە شووم پێنەکرد".

### پاداشت و سزای خەڵوەتی شەرعی

بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، چەند مەرجێک بۆ خەڵوەتی شەرعیی سزادراوان هەیە. دیمەن محەممەد گوتی "لەمانگێکدا جارێک دەتوانن پێکەوە بن، هەروەها سزا و پاداشتیش هەیە، ئەگەر ئافرەتەکە پابەندی رێنماییەکانی چاکسازی بێت، لە مانگێکدا دەتوانێت دووجار لەگەڵ هاوژینەکەیدا لە خەڵوەتی شەرعیدا بن و ئەگەریش رێنماییەکان جێبەجێ نەکات، سەردانەکە دەبێتە دوو مانگ جارێک".

بەڵام وەکو دیمەن گوتی، مەرج نییە خەڵوەتی شەرعی هەموو جارێک لە کاتی خۆیدا بێت و گوتی "دەبێت لەسەر داواکاری بێت، واتە ژنەکە یاخود پیاوەکەی داواکاری پێکەوەبوون پێشکەش بکەن".

هەر بەپێی رێنماییەکان ئەو تاوانبارانەی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و هاوسەرگیری دەکەن، بۆیان نییە منداڵیان ببێت، دیمەن گوتی "هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو سزادراوانە ئازاد ناکرێن، ئەوانەی دیکەش دەبێت یەک منداڵیان ببێت و تا سێ ساڵ لای خۆیان دەبێت، دواتر دەبرێنە لای کەسوکاریان یاخود رەوانەی چاودێریی کۆمەڵایەتی دەکرێن، ئەو رێنماییەش هەموو سزادراوان دەگرێتەوە".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## DNA ئاشکرای کرد

ئافرەتێک سەردانی کردین، راپۆرتێکی پزیشکی و چەند وێنەی کوڕێکی پێبوو، بەپێی راپۆرتە پزیشکییەکە ئافرەتەکە دووگیان بوو، سکەکەشی چوار مانگ بوو، وێنەکانیش بە گوتەی خۆی وێنەی ئەو کوڕە بوون کە لێی دووگیان بووە.

داوا لە ئافرەتەکە کرا بەسەرهاتی خۆی بگێڕێتەوە. ئەویش گوتی "ئەو کوڕە دەبینن لە وێنەکاندا لەگەڵ منە، پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانماندا هەبوو. چەند جارێک بە یەکەوە چووینە دەرەوە، وێنەمان گرتووە، نامەمان گۆڕیوەتەوە. من متمانەی تەواوم پێی هەبوو کە ئەو دەبێتە هاوژینی داهاتووم، بۆیە جەستەی خۆمم پێشکەش کرد، رۆژێکیان لەگەڵم جووت بوو، دواتر بەرەبەرە لێم دوورکەوتەوە. پێمگوت بمخوازە، بەڵام رەتیکردەوە. رۆژێکیان تەندروستیم تێکچوو، کە سەردانی پزیشکم کرد گوتیان دووگیانی، کە گوێم لەو قسەیە بوو تووشی شۆک بووم. ئێستا ناوێرم بگەڕێمەوە ماڵەوە چونکە سکەکەم بەرە بەرە بەرز دەبێتەوە و خێزانەکەم هەستی پێدەکەن".

دۆسیەی ئافرەتەکە رەوانەی بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە کرا، دادوەر بڕیاری دا گەنجەکە بەپێی ماددە 395 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر بکرێ. ئەو ماددەیە دەڵێت "هەر یەکێک بەڵێن بە کچێک بدات (کچەکە 18 ساڵی تەواوکردبێ) بیکاتە هاوژینی خۆی و لەگەڵی جووت ببێ، بەڵام دواتر پەشیمان ببێتەوە، بە حەپسکردن سزا دەدرێت".

کوڕەکە لە لێکۆڵینەوەدا نەیشاردەوە کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو کچە هەبووە و دواتریش داوای لە کچەکە کردووە کۆتایی بە پەیوەندییەکەیان بهێنن و وێنە و نامەکان لەنێو ببات، بەس کچەکە زوو زوو هەڕەشەی لێکردووە کە ئەگەر نەیخوازێت سکاڵای لەسەر تۆمار دەکات، بەڵام بەهەموو شێوەیەک رەتیکردەوە کە لەگەڵ ئەو کچە جووت بووبێ. بۆیە کچەکە رەوانەی ماڵی داڵدەدانی ژنان کرا، کوڕەکەش زیندانی کرا، تا ئەو کاتەی ئافرەتەکە منداڵەکەی بوو. دواتر لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەڵگە و تاوانەوە، پشکنینی DNA بۆ منداڵەکە و گەنجەکە کرا، دەرکەوت منداڵەکە لەو گەنجە نییە، بۆیە دادگا یەکسەر گەنجەکەی ئازاد کرد.

بەڵام کێ قەرەبووی ماددی و مەعنەویی ئەم کوڕە دەکاتەوە؟ بێگومان یاسا. یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2010 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە بەنێوی (یاسای قەرەبووکردنەوەی راگیراوان و حوکمدراوان لەکاتی بێ تاوان دەرچوونیان)، لە ماددەی دووەمیدا دەڵێت: "هەرکەسێک بە نارەوا گلدرایەوە یان گیرا، یان ماوەی گیرانەکەی لە رادەی یاسایی رەتبووبێ، یان بە سزایەکی وا حوکمدرابێ کە ئازادیی لێ سەندبێتەوە لەلایەن لایەنە دادوەریە تایبەتییەکانەوە بەبێ بەڵگەی یاسایی، لە دواییدا بڕیارێک بە رەتکردنەوەی سکاڵاکەی یان ئازادکردنەکەی دەرچووبێ، داواکارییەکەی داخرا یاخود بەبێ تاوان حوکمدرا و بڕیارەکەش رادەی (بنەبڕ) بەپێی یاسا جێبەجێکراوەکان وەربگرێت، ئەوا ئەو کەسە بۆی هەیە داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو زەرەر و زیانانەی بکات کە لە ئەنجامی گرتن و حوکمدانی پێیکەوتووە".

بۆ لایەنە مەعنەوییەکە یاسا ئەمەشی چارەسەر کردووە، بەپێی یاساکە دەبێت حوکمی بێتاوانی ئەو کەسە لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێمی کوردستاندا بڵاوبکرێتەوە. بۆ ئەوەی هەموو کەس بزانێ ئەو کەسە بێ تاوانە.

دادگاکانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەو جۆرە کەیسانەدا کەمتر تووشی ئەو کێشەیە دەبن، چونکە کەسەکە ناگرن تاوەکو بەڵگەی تەواوی لەسەر کۆدەکەنەوە، بەڵام لە کوردستان بە پێچەوانەوە کەسەکە دەگیرێ، لە هەندێک حاڵەتدا بە کەفالەتیش ئازاد ناکرێ، ئینجا بەڵگەی لەسەر کۆدەکەنەوە. بۆیە ئەگەر گۆڕانکارییەک لەو بارەیەوە بکرێ، بۆ هاووڵاتی و بۆ حکومەتیش باشە، حکومەت ناچار بە قەرەبووکردنەوەی کەسی بێ تاوان نابێت، هاووڵاتیش لەلایەنی ماددی و مەعنەوییەوە زیانی پێناگات.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## لە بۆسنەوە بۆ عێراق..

# شکستی پڕۆژەی فیدراڵی و پێکەوەژیانی زۆرەملێ




رووداو- The National Interest

هێرشە نێودەوڵەتییەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا- لە یۆگوسلاڤیا، ئەفغانستان و عێراق- ئەو راستییەیان ئاشکرا کرد کە واشنتن مەیلێکی ئەوتۆی بۆ گۆڕینی رژێم و بەدیموکراتیکردن بەهۆی گوشاری دەرەکی نییە، بەڵکو بەردەوام پێی باشتر بووە دۆخە باوە نێودەوڵەتییەکەی سنوورەکان بپارێزێت (کە رەنگە جودابوونەوەی کۆسۆڤۆ لە سربیا تاکە حاڵەتی بەدەر لەم رێسایە بێت).

لە سێ لەسەر چواری حاڵەتەکانی دەستێوەردانی دەرەکیدا هیچ سنوورێک دەستکاری نەکراوە و دانیش بە داواکاریی جیابوونەوەدا نەنراوە. لەم چوار حاڵەتە، لە دوو حاڵەتیاندا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی (بە سەرکردایەتی ئەمریکا) جۆرێک لە سیستەمی فیدراڵییان بەسەر وڵاتاندا سەپاندووە کە ئەمەش خۆی بەشێکە لە پێکەوە ژیانی زۆرەملێی کۆمەڵگا ئاینی و ئیتنیکە جیاوازەکان.

ساڵی 1995، بۆسنی هێرزگۆڤینا بووە وڵاتێکی کۆنفیدراڵی کە تێیدا سێ گەلی جیاواز بەسەر دوو هەرێمدا دابەش بوون، ئەگەرچی سربەکانی بۆسنە لە گشتپرسییەکەی 1991دا خواستی خۆیان بۆ مانەوە لە چوارچێوەی یۆگوسلاڤیادا دەربڕی، ساڵی 1992یش بەفەرمی بایکۆتی گشتپرسی سەربەخۆیی بۆسنەیان کرد.

یەک دەیە دوای ئەمە، عێراقیش بووە وڵاتێکی فیدراڵی، بەڵام لەوێش سوننەکان کە دووەم گەورەترین پێکهاتەن، لە گشتپرسیی دەستووری نوێی عێراقدا دژی دەستوورەکە وەستان- بۆ نموونە لە پارێزگای ئەنبار نزیکەی 97%ی خەڵک بە "نەخێر" لە دژی دۆکیومێنتە یاساییەکە دەنگیان دا.

کورد و سوننە ناتوانن وەفای سیاسیان بۆ حکومەتی نوێی عێراق هەبێت کە شیعەکان تێیدا دەسەڵاتداری سەرەکین، ئەمە بەڕوونی لە 2014دا بەدەرکەوت، کاتێک حکومەت بە کردەوە هەڵوەشایەوە و دواتریش رێگە بۆ دەرکەوتنی داعش خۆش بوو، دەوڵەتی کوردستانیش جارێکی دیکە بووە دیفاکتۆ. ئەگەرچی عێراق بە کردەوە دابەش ببوو، بەڵام ئەمریکا سوور بوو لەسەر ئەوەی پشتگیری لە یەکگرتوویی عێراق بکات.

بۆسنە و هێرزگۆڤیناش هەر وەکوو یەک قەوارەی سیاسی یەکگرتوو ماوەتەوە، هەرچەندە لە ساڵی 2010ەوە میلۆراد دۆدیک، سەرۆکی یەکەی ئیداریی سربەکان، بەردەوام هەڕەشەی جودابوونەوەی کردووە. ئەگەرچی ئەم وڵاتەی ناوچەی باڵکان وەکوو وڵاتێکی ئارام ماوەتەوە، بەڵام بەدەست گەندەڵییەکانی کەرتی گشتی و مۆدێلی دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای پێکهاتەکان دەناڵێنێ، پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم وڵاتە بریتین لە بۆسنیا کە موسڵمانەکانن، سربیە ئۆرتۆدۆکسەکان و کرواتە کاتۆلیکەکان.

دەوڵەتی بۆسنیایی هیچکات پڕۆژەیەکی جیدی نەبووە، لەبەر ئەوەی هەرکام لە پارت و لایەنە سیاسییەکان دەنگ و پشتگیریی خۆیان لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار بەخۆیان وەردەگرن، ئەمە جگە لەوەی کرواتەکان بەردەوام خۆیان لەگەڵ خەڵکی کرواتیا و سربەکانیش لەگەڵ خەڵکی سربیا بە یەک گەل دەزانن و بیرەوەرییە نەتەوەییەکانیان لەگەڵ ئەوان بەش دەکەن نەک لەگەڵ بۆسنیەکان. هەموو ئەمانە و ناکارامەیی حکومەت و رێژەی بێکاریی 40% لەم وڵاتە، زەمینەی سەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆییان خۆش کردووە. بە کورتی بۆسنە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە دەوڵەتە، بەڵام لەڕووی شەرعیەتی سیاسییەوە کەموکوڕیی زۆری هەیە.

لەپاڵ ئەم کەموکوڕییە، خاڵێکی دیکەی لێکچوو لە نێوان عێراق و بۆسنە سیستەمی فیدراڵییە. لە هەردوو نموونەکەدا دابەشکردنی خاک دادپەروەرانە نییە، بۆئەوەی رێ لە دابەشبوونی وڵاتەکە لە داهاتوودا بگرن.

لە بۆسنە تەنیا سربەکان مافی ئەوەیان پێدراوە کە کۆماریان هەبێ، کرواتەکان و بۆسنیەکانیش پێکەوە لە فیدراسیۆنی بۆسنە و هێرزگۆڤیندا پێکەوە دەژین، بەمە کرواتەکان لە مافی هەرێمی خۆیان بێبەش کراون. لە باکووری رۆژهەڵاتی بۆسنەش پارێزگای برچکۆ دروستکراوە کە ئامانج لێی دابەشکردنی سربەکانە بەسەر دوو ناوچەی جیاوازدا.

لە عێراق، کورد تاکە پێکهاتەیە کە نیمچە دەوڵەتێکی پێ براوە، شیعە و سوننەکان هەتا ئێستاش لەسەر بنەمای پارێزگاکان ناوچەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. بەڵام هەرێمی کوردستانیش وەکوو سربەکانی بۆسنە لە بەشێکی خاکی خۆیان بێبەش کراون، چونکە دەیانزانی کورد بەبێ کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو کەرکووک هەوڵی جیابوونەوە نادات. پاش هێرشەکانی داعش لە 2014 و تێکشکانی سوپای عێراق، کورد هێزی رەوانەی زۆربەی ناوچە کێشە لەسەرەکان کرد. ئێستا مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە ریفراندۆمێک بۆ سەربەخۆیی سازبکرێ کە ئەگەری هەیە ئەمساڵ 2016، واتە سەد ساڵ دوای واژۆکردنی رێککەوتننامەی سایکس پیکۆ، بەڕێوەبچێ.

بۆسنە و هێرزگۆڤینا وڵاتێکی لەرزۆکە و عێراق وڵاتێکی شکستخواردووە، لە پشت ئەم جیاوازییەشەوە کۆمەڵێک هۆکار هەن. عێراق لەلایەن عێراقییەکانەوە بەڕێوەدەبردرێت، بەڵام بۆسنە لەلایەن نوێنەرایەتییەکی باڵاوە حوکم دەکرێت کە جۆرێکە لە دەسەڵاتی هاوشێوەی بریکاری پاشاکان لە کۆندا، نوێنەرە باڵاکە لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە دیاری دەکرێت و کۆمەڵێک دەسەڵاتی یەکلاکەرەوەی هەیە، لەوانەش دانانی یاسا بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان، لادانی بەرپرسانی حکومەت، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دادگای باڵا و تەنانەت دانانی سیمبۆلە نیشتمانییەکانی وەکوو ئاڵا و جلی سەربازی.

عێراق هیوای ئەندامبوونی لە هیچ یەکێتییەکی سیاسی-ئابووریدا نییە، بەڵام بۆسنە هەلی بوونە ئەندامی لە یەکێتیی ئەوروپادا لەپێشە. ئەگەرچی بۆسنە هەتا تەنانەت مەرجە بەراییەکانی ئەندامبوون لە یەکێتییەکەشی تێدا نییە، بەڵام دانیشتووانی ئەم وڵاتە پشتگیریی تەواو لە بەئەندامبوونی وڵاتەکەیان لە یەکێتییە 28 وڵاتییەکەدا دەکەن، نیو ملیۆن لە دانیشتووانی ئەم وڵاتە هەر ئێستا بەهۆی جووت-رەگەزنامەییەوە (واتە رەگەزنامەی بۆسنە و کرواتیا) وەکوو ئەندامی یەکێتییەکە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەم هیوایە و بوونی نوێنەرایەتی باڵا هۆکاری سەرەکین بۆئەوەی بۆسنە و هێرزگۆڤینا وەکوو عێراق بە کردەوە دابەش نەبێت. ئەگەر ئەم دوو هۆکارە لابدەین، بۆسنە جارێکی دیکە تووشی جەنگێکی ناوخۆیی هاوشێوەی جەنگی ساڵانی 1992-1995 دەبێتەوە.

پڕۆژەی فیدراڵی و پێکەوە ژیانی زۆرەملێ هەم لە عێراق و هەمیش لە بۆسنە شکستی هێناوە. لە بۆسنە هێشتاش دەرفەتی راستکردنەوەی هەنگاوە هەڵەکان ماوە، بە تایبەتیش ئەگەر هەوڵ بدرێت هەر سێ کۆمەڵگا سەرەکییەکەی ئەم وڵاتە خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن، بۆ ئەمەش دەبێت سێ یەکەی کۆنفیدراڵی دابمەزرێنرێت، ژمارەی دامەزراوەکانی کەرتی گشتیش کەم بکرێتەوە. تاکە رێگە بۆ پێکەوە هێشتنەوەی پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتێکی وەکوو بۆسنە ئەوەیە پێکهاتەکان دەسەڵاتی تەواویان لە ئیدارەکردنی کاروباری خۆیاندا هەبێت. بە مانایەکی دیکە بۆسنە و وڵاتانی بەشدار لە رێککەوتننامەی دایتن (کە راگرتنی جەنگی بۆسنە و دامەزرانی بۆسنە و هێرزگۆڤینای لێکەوتەوە) خۆیان بۆ قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتننامەیە ئامادە بکەن.

لە عێراق ئەم شانسە نزیکی سفرە، لەبەرئەوەی پەیوەندییەکانی شیعە و سوننە لەوپەڕی خراپیدایە و پێناچێت کوردیش وەها بە ئاسانی دەستبەرداری خەونی سەربەخۆیی ببێت. عێراق تەنیا دوو رێگەی لەبەردەمدا ماوە، یەکەمیان ئەوەیە جارێکی دیکە دەرفەتی دانوستاندن و رێککەوتن لەگەڵ کورد برەخسێنێ و ئەگەر ئەمەش سەرکەوتوو نەبوو ئەوە رێگەچارەیەکی باشتریان لەبەردەستە کە بریتییە لەوەی رێگە بە کورد و پێکهاتە سەرەکییەکانی دیکە بدەن لە عێراق جیاببنەوە و قەوارەی سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن.

# ناتۆ خۆی بۆ بەرەوڕووبوونەوەی رووسیا ئامادە دەکات

رووداو- ئاژانسەکان

تەنیا مانگێکی ماوە بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندامی پەیمانی باکووری ئەتڵانتیک (ناتۆ) لە وارشۆی پایتەختی پۆڵەندا کۆببنەوە، ئامانجی سەرەکیی کۆبوونەوەکە بەهێزکردنی پەرژینی سەربازییە لە بەرامبەر دەستدرێژییەکانی رووسیا لە رۆژهەڵات و باکووری رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بۆ ئەم مەبەستە ناتۆ کۆمەڵێک بەربەستی سەختی لە پێشە کە یەکەمیان دۆزینەوەی وڵاتێکە بۆ ئەوەی پێشەنگ بێت لە دانانی دوایین چوار یەکەی سەربازی لە پۆڵەندا و سێ وڵاتەکەی ناوچەی باڵتیک.

### سەرەتای دەرکەوتنەوەی رووسیا:

لە دوای شۆڕشی یورۆمەیدان لە ئۆکراینا لە سەرەتای 2014 و لەسەر کارلادانی ڤیکتۆر یانوکۆڤیچ، رووسیا هەوڵەکانی بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی ئۆکراینا و کۆنترۆڵکردنی ناڕاستەوخۆی حکومەتی کاتیی دوای شۆڕشەکە چڕکردەوە، ئەزموونی هێرشکردنە سەر خاکی ئۆسیتیا و ئەبخازیا لە 2008 و دەستەوەستانبوونی ناتۆ جۆرێک لە دڵنیایی بە رووسیا دا کە ناتۆ و ئەمریکا پلانێکی ئەوتۆیان بۆ بەرگریکردن لە ئۆکراینا و وەرگرتنەوەی نیمچە دوورگەی کریمیا نییە. ئەگەرچی پلانی دەستگرتن بەسەر کریمیا دەمودەست بوو، بەڵام دەستەوەستانبوونی ئەمریکا و ناتۆ کاتی پێویستی بە رووسیا دا بۆ ئەوەی بتوانێت پێی خۆی لەسەر ئەو هەرێمە قایم بکات و دواتریش وەکوو وەرەقەیەکی ستراتیژی سوودی لێ وەربگرێ.

لە پاش جەنگی جۆرجیا لە 2008 و بە تایبەتی پاش جیابوونەوەی دیفاکتۆی کریمیا لە ئۆکراینا لە 2014، خەونی رۆژئاوا لە پاش جەنگی سارد کۆتایی هات، واتە نە ئەوروپا چیدی لەڕووی ئەمنییەوە سەقامگیرە و نە رووسیاش دەکرێت وەکوو هێزێکی دروستکەری سەقامگیری، یانیش هاوبەشێکی جێی متمانە سەیر بکرێت، بەپێچەوانەوە رووسیا بە مەترسییەکی جیدی لەسەر رۆژهەڵاتی ئەوروپا و وڵاتانی سەر بە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو دەبینرێت.

دوایین نموونەی نیگەرانیی وڵاتانی ئەوروپی بەرامبەر بە هەوڵەکانی رووسیا لە بڕیارەکەی پەرلەمانی سوید بەدی دەکرێت کە تێیدا رێگە بە ناتۆ دەدات لەکاتی سەرهەڵدانی جەنگ لە ناوچەکەدا خاکی سوید بەکاربهێنێ. سوید ئەندامی ناتۆ نییە، بەڵام دووەمجارە رێگە بەهێزێکی دەرەکی دەدات خاکەکەی بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مۆسکۆ بەکاربهێنێ، پێشتریش لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا رێگەی بە هێزەکانی ئەڵمانیا دا هێرش بکەنە سەر فینلاند و لەوێشەوە خاکی یەکێتیی سۆڤیەت. بڕیارەکەی پەرلەمانی سوید دوای ئەوە هات کە لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا فڕۆکە رووسییەکان چەندین جار ئاسمانی سوییدیان بەزاند و کەشتیی ژێردەریایی رووسیاش لە ئاوەکانی نزیک ستۆکهۆڵم بەدی کرا.

### کێشە ناوخۆییەکانی ئەوروپا و ساردبوونەوەی ئەمریکا:

پاش برانەوەی جەنگی سارد، هیچ کاتێک ناتۆ و ئەمریکا هێندەی ئێستا لە نیگەرانیدا نەبوون، هۆکاری ئەمەش تەنیا بۆ هەوڵەکانی رووسیا ناگەڕێتەوە، بەڵکو زۆربەیان ناکۆکیی ناوخۆیین. قەیرانی کۆچبەران و دیدی جیاوازی وڵاتانی ئەوروپی بۆ چارەسەری قەیرانەکە ناکۆکییەکی بەرچاوی لەنێوان وڵاتانی ئەوروپادا دروست کردووە کە زۆربەشیان ئەندامی ناتۆن.

لەسەر ئاستی بەشداریی کردەییش بۆچوون و پلانی جیاواز لە نێوان ئەندامانی ناتۆدا بەدی دەکرێت، ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان ئامادە نین لەسەر داوای ناتۆ بودجەی سەربازییان زیاد بکەن، وڵاتێکی وەکوو ئیتاڵیا بودجەی سەربازیی کەم کردووەتەوە، ئەگەرچی لیبیا (دراوسێی دەریایی ناتۆ و یەکێک لە بنکەکانی داعش) لە کێشەی ئەمنی و سیاسیدا گلاوە. هەروەها فەرەنساش کە بیانووەکەی ئەوەیە ناتۆ ئامرازێکە بەدەست ئەمریکاوە و رێگەیەکە بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی لە هاوپەیمانێتییەکەدا ئەندامن. جەنگی ناوخۆیی سووریا و بەشداریی چالاکانەی رووسیا لەم جەنگەدا لە بەرژەوەندی حکومەتی سووریا و کێشەکانی قەرەباخ بوونە هۆی ئەوەی تەرکیزی سەربازی و ئەمنیی ناتۆ هێندەی دیکە دابەش بێت و نەتوانێت هەموو هەوڵەکانی لەسەر رۆژهەڵاتی ئەوروپا چڕ بکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، لێدوانەکانی دۆناڵد ترامپ، کاندیدی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، سەبارەت بە ناتۆ و لەقەڵەمدانی وەکوو دامەزراوەیەکی "بێکەڵک" گومانی لای ئەوروپییەکان دروستکردووە. ترامپ تەنانەت راشیگەیاندووە کە زۆر بۆی گرنگ نییە ناتۆ هەڵوەشێتەوە. ئەگەرچی دەشێت ئەم لێدوانەی ترامپ تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێت، بەڵام ئەندامانی ناتۆ گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئەمریکا چیدی ئامادە نییە لە هەڵگرتنی باری سەربازی و دارایی ناتۆدا قورساییەکی لەڕادەبەر بخاتە سەر شانی خۆی.

ئەم نیگەرانییە بەڕوونی لە لێدوانەکەی یەنس ستۆڵتەنبەری، ئەمینداری گشتی ناتۆدا، دەبینرا کاتێک گوتی "ئێمە دەزانین واشنتن دڵگرانە، ئەمریکییەکان دەیانەوێت ئەوروپا هەوڵی زیاتر بدات، من ئەمەم لە هەموو پایتەختە ئەوروپییەکان باسکردووە". بەپێی رێنمایی ناتۆ بودجەی سەربازیی هەرکام لە وڵاتانی ئەندام نابێت لە 2%ی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکە کەمتر بێت.

لە کۆبوونەوەی لوتکەی ناتۆدا کە بڕیارە رۆژی هەشتی مانگی داهاتوو لە وارشۆ ببەسترێت، یەکێک لە پرسە کێشەسازەکان دانانی چوار بەتالیۆنی ناتۆیە لەسەر سنووری وڵاتانی دراوسێی رووسیا. ئەمریکا، بەریتانیا و ئەڵمانیا رەزامەندییان دەربڕیوە بۆ ئەوەی هەرکامیان یەکێک لە چوار بەتالیۆنەکە لەئەستۆ بگرن، بەڵام هەتا ئێستا دیار نییە بەتالیۆنی چوارەم دەکەوێتە سەرشانی کام وڵات.

دۆگلاس لوت، نوێنەری ئەمریکا لە ناتۆ، بە رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمزی راگەیاند "ئەمریکا بیر لەوە ناکاتەوە دوو بەتالیۆن لەئەستۆ بگرێت، پلانی ئێمە وەهایە یەکێک لە چوار بەتالیۆنەکە هەڵگرین و هاوپەیمانەکانمان سێ بەتالیۆنەکەی دیکە". ئەمەش وادەکات گەڕان بە دوای لایەنی چوارەم هەتا کاتی کۆبوونەوە دوو رۆژییەکەی وارشۆ بەردەوام بێت.

دانانی ئەم بەتالیۆنانە گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەم هێزانە تەنیا کۆمەڵێک هێزی بچووکی نمایشی نین، بەڵکو هەم لەڕووی ژمارەوە و هەمیش لەڕووی تەقەمەنی و توانای لۆجیستیکییەوە توانای رووبەڕووبوونەوەی جیدییان هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەم هێزانە بە جۆرێک رێکخراون کە دەکرێت لە کاتی هێرشی لایەنی بەرامبەردا بە خێرایی فراوانتر بکرێن.

لوتکەی 8ی تەمووزی ناتۆ پەیامێکی دڵنیاکەرەوە بۆ وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتییەکە و پەیامێکی هەڕەشەئامێز بۆ رووسیا لەخۆدەگرێت، بەڵام مۆسکۆ دوای جەنگی جۆرجیا، سووریا و ئۆکراینا چیدی قەناعەت بە هۆشدارییەکان ناکات، هەر بۆیە سەیر نییە لە ماوەی رابردوودا باسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی وەکوو ئامرازێکی تەکتیکی کردووە. هەوڵەکانی مۆسکۆ لە چەندین ساڵی رابردوودا ئەو راستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە مۆسکۆ زۆر بە وردی چاودێری سستیی ناتۆ لە کێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا دەکات، هەر بۆیە بۆ ئەوەی پەیامەکان جێی خۆیان بگرن، پێش هەموو شتێک ناتۆ دەبێت کێشە نێوخۆییەکانی چارەسەر بکات.





دلاوەر عەلائەدین*

# لێکترازان و بەدەوڵەتبوون

## کورد بۆ لەدەستدانی دەرفەت هەرگیز پێویستی بە دوژمنی دەرەکی نەبووە

لە دەرئەنجامی شڵەقانی سەرجەم هاوکێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خەریکە زەمینەی دەرەکی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی باشووری کوردستان خێرا ئامادە دەبێ. چاودێرە دەرەکییە دۆست و نەیارەکان خەریکن خۆیان لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی لەدایکبوونی یەکەم دەوڵەتی کوردی ڕادەهێنن. لەوەدا ڕەنگە هەرێمی کوردستانی باشوور تاکە کاندید بێ بۆ بەدەوڵەتبوون لەو چەرخەی ئێستادا، ئەگینا ئەو زەمینەیە بۆ هیچ نەتەوە و کیانێکی دیکە جاری ساز نەبووە.

ئەوە بەو مانایە نییە کە بەدەوڵەتبوونی هەرێمی کوردستان بووەتە ئەمری واقیع و دەرئەنجامێکی مسۆگەر، چونکە هێشتا بەربەستی دەرەکی و ناوەکیی گەورە لەئارادانە و بە ئاسانی لاناچن. گەورەترینیان بریتییە لە لێکترازانی ناوەکیی هەرێم کە لەوانەیە دواجار ببێتە هەڕەشەیەکی مەزن لەسەر پرۆسەی سەربەخۆبوون لە پێش و پاش بەدەوڵەتبوون. واتە، کاروانی سەربەخۆیی بە ڕاگەیاندنی دەوڵەت کۆتایی نایەت، بەڵکو لەوێوە دەستپێدەکات، چونکە بەدەوڵەتبوون بۆ ئەوەیە کە سەقامگیری لەسەر ئەو پارچە نیشتیمانە بۆ هاووڵاتیان مسۆگەر بکات، بەڵام ئێستا ترسی ئەوە هەیە کاروانی سەربەخۆبوون بەهۆی سیاسەتی ناوەکیی کوردی ڕووبەڕەو هەڵدێر بەلاڕێدا بچێ. مێژووش سەلماندوویەتی کە کورد بۆ لەدەستدانی دەرفەت هەرگیز پێویستی بە دوژمنی دەرەکی نەبووە.

### بیست ساڵ لە لێکترازان

ئەمساڵ بیست ساڵ بەسەر یەکەم لێکترازان و جێگیربوونی سنووری نێوان زۆنی زەرد و سەوزدا تێدەپەڕێ. لە بیری کەسدا نەبوو کە دوایین هێڵی تەماسی نێوان هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە کۆتایی ساڵی 1996، دەبێتە سنوورێکی هەمیشەیی جیاکەرەوە لە نێوان دوو سیستەمی حوکمڕانی (سیاسی و ئیداری و ئابووری و ئەمنی). ئەو سنوورەی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی هاوکێشە سیاسییەکان کاڵ نەبووەوە، بەڵکو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکانیش بەسەر ئەو دوو زۆنەدا دابەش بوون.

ئێستاش لەوە ناچێ لە ئایندەیەکی نزیکدا موعجیزەی نوێ ڕووبدات و دامەزراوەکانی حوکمڕانی بەنیشتیمانی بکرێن و ئەو دوو زۆنە لە هەناودا تێکەڵ ببنەوە. بە پێچەوانەوە، دەستکەوتەکانی کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا وەدەستهێنراون، قابیلی گەڕانەوە بۆ دواوەن، جا بە ویستی- یان بە هەڵەی- خودی سەرکردەکان بێ و یاخود بە هاندانی نەیاران. خۆ لەکاتی ناکۆکیەکاندا سەرکردەکان (هی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن) بژارەی دوو ئیدارەییان هەمیشە وەک کارتی فشار، یان وەک هەڕەشە لە گفتوگۆکانیاندا بەکارهێناوە.

### قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم و زیدە لێکترازان

ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان ڕیشەی مێژوویان هەیە و کێشەی زۆریان بۆ دۆزی کورد دروستکردووە. لەدوای پێکهێنانی حکومەتی بنکەفراوانی کابینەی هەشتەم، هیوا وابوو کە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵدەدرێتەوە و لەڕێگەی بەدامەزراوەییکردنی هەرێمەوە، کەلێنەکان پڕبکرێنەوە. کەچی زۆری نەبرد، قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێم هێزە سیاسییە سەرەکیەکانی کردە دوو بەرە، پارتی لە بەرەیەکیان بەتەنیا و چوار حیزبە سەرەکیەکەی دیکەش لە بەرەی بەرامبەر.

ئەگەرچی دەبووایە دابەشبوون بەسەر ئەو دوو بەرەیە لە ئاستێکی نیشتیمانیدا بووایە بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری جوگرافی، بەڵام کاتێ کە گفتوگۆکان گەیشتنە بنبەست، کاروکاردانەوەی نێوان گۆڕان و پارتی بەوە کۆتایی هات کە سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان ئاودیوی زۆنی سەوز کران، سەرباری ئەوەی کە گۆڕان خۆی لە ململانێدا بووە لەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەو زۆنە. ئەوەش بیرهێنەرەوەیەکە کەوا، **یەکەم:** سیستەمی دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان زیندووە و بزووتنەوەی گۆڕانیش وەک یەکێتی لە زۆنی زەرددا میوانە.

**دووەم:** دامەزراوە نیشتیمانیە هاوبەشەکانی وەک پەرلەمان و حکومەت ئامرازی دەسەڵاتن نەک دامەزراوەی دەسەڵات.

**سێیەم:** کاروانی نیشتیمانسازی هەمیشە قابیلی گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی یەکەم.

### ڕێککەوتنی یەکێتی و گۆڕان.. خولێکی نوێی هەمان یاری

لە 17ی مایسی ئەمساڵدا بزووتنەوەی گۆڕان، لە دوای ماوەیەک لە بێدەنگی و گۆشەگیری، پرۆژەیەکی پێشتر لەبیرکراوی لەگەڵ یەکێتی نیشتیمانی زیندوو کردەوە و ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی لەگەڵدا واژوو کرد. لەو ڕێککەوتنەدا، جەخت لەسەر زۆربەی ئەو ئامانجانە کراوەتەوە کە پارساڵ بەشێک بوون لە پێداگیرییەکانی بەرەی چوار حیزبەکە لە بەرامبەر پارتیدا. ئەگەرچی لە چوارچێوە و چەندین بڕگەی نووسراودا ڕێککەوتننامەکە گشتگیر و دوورمەودایە، بەڵام لە ڕوح و ناوەڕۆکدا دیارە کە بە ڕەچاوکردنی خولێکی نوێی گفتوگۆ لەگەڵ پارتیدا نووسراوەتەوە. گرنگیی ئەو بابەتە لەوەدایە کە یەکێتی (دەسەڵاتدارەکەی زۆنی سەوز) لەگەڵ نەیارە سەرسەختەکەی دوێنێی (گۆڕان) هاوڕایە و ڕێککەوتننامەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا دەبینێ.

پارتیش لەبەرامبەردا، وەک چاوەڕوانکراو بوو، پێشوازییەکی پۆزەتیڤی لەو ڕێککەوتنە نەکرد، بەڵکو زوو ڕایگەیاند کە هێشتا ئامادە نییە پەرلەمان بە پێشمەرجەکانی گۆڕان کارا بکاتەوە و سازش لەسەر دەسەڵاتەکانی بەردەستی بکات. بەو پێیە، دیارە کە بنبەستە سیاسییەکەی ئێستا جاری بەردەوام دەبێ و ماڵجوداییەکە بۆ ماوەیەکی درێژتریش دەق دەگرێ.

### دەرئەنجامەکانی بنبەست

تا ئێستا، بنبەستی سیاسی و حوکمڕانی بە زیادەوە درێژەی کێشاوە. ئەگەرچی حکومەت و دامەزراوەکانی لە کارەکانیان بەردەوامن، بەڵام ئەو درێژەپێدانە گەورەترین زیانی بە پرۆسەی حوکمڕانی گەیاندووە. لە ئاستی ناوەکیدا خەڵکی هەرێمی بێهیوا کردووە و متمانەی بە سەرکردەکان زۆر لاواز کردووە. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا پێگەی هەرێمی لاواز کردووە و دیپلۆماتە بیانییەکان نایشارنەوە کە ئەگەر شەڕی داعش نەبووایە ئەو سۆزەی جاران لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەدەما. بەڵام دەرەنجامی زۆر لەوە خراپتر بەڕێوەیە، ئەگەر بنبەستەکە چارەسەر نەکرێ.

### گرێکۆرەی پەرلەمان

سەرکردنی هەر پەرلەمانێک، لە باشترین حاڵەتدا، دەبێتە مایەی لاوازبوونی پاڵپشتییە یاسایی و شەرعییەکانی حوکمڕانی، چجای پرۆسە چارەنووسسازەکانی وەک هەڵبژاردنی گشتی و ریفراندۆم و بەدەوڵەتبوون.

هەڵبژاردنی گشتی لە ئێستادا بە بەشێکی گرنگی چارەسەرکردنی بارودۆخ دادەنرێ بەو هیوایەی لە ڕێگەیەوە پارسەنگەکان و هاوپەیمانێتییەکان، هەروەک کاراکتەرەکانی ناو پەرلەمان و حکومەت، گۆڕانکارییان بەسەردا بێت. بەڵام هەڵبژاردنی گشتی، هەروەک ریفراندۆم، پێویستی بە دانانی یاسایەکی نوێ دەبێ کە ئەوەش تەنیا لە پەرلەمانێکی کارادا دەردەکرێت.

لە ڕاستیشدا، لەوە ناچێ کە هەڵبژاردنی پێشوەختە یان هی ئاسایی ببێتە بەشێک لە چارەسەر چونکە لەلایەکەوە پێکهاتەی پەرلەمان و ئاستی ئەدای پەرلەمانتاران هەمیشە ڕەنگدانەوەی قۆناغی گەشەکردنی توێژە حوکمڕانەکە بوونە و چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێت لەو ماوەیەدا گۆڕانکاریی گەورە بەسەر بیرکردنەوەی سیاسی سەرکردەکاندا بێت، یان ڕێژەی دەنگەکان لە خولەکانی داهاتوودا لە هی ئێستا زۆر جیاواز بن.

لەلایەکی دیکەوە، پەرلەمانی کوردستان هێشتا نەبووەتە چەق یان سەرچاوەی بڕیاری حوکمڕانی، بەڵکو بووەتە ئامرازێکی بەردەستی دەسەڵاتداران بۆ بەکارهێنان، یەکتر سزادان یان ئیفلیجکردنی کاری حوکمڕانی. ئەگەر خولی ئێستای پەرلەمان وا بە ئاسانی ئیفلیج بکرێ و پرۆسەی حوکمڕانیش هەر بەردەوام بێت، ئیتر چی وا دەکات چارەنووسی پەرلەمانی داهاتوو لەمە باشتر بێت.

### لێکدابڕانی زۆنی سەوز و زەرد

دەرئەنجامێکی نەخوازراوی درێژەپێدانی بنبەست ئەوەیە کە هەردوو زۆنی سەوز و زەرد بە شێوازی ئێستایان بمێننەوە، بەڵام بە هاوتەریبی و لێکدابڕاوی گەشە بکەن، بەوە سیستەمی دوو ئیدارەیی لە ناخدا ڕەگوڕیشە دابکوتێ و بەدامەزراوەیی بکرێ. واتە هەردوو زۆن وەک دوو هەرێمی لێکدابڕاو بەڵام بە پەرلەمان و حکومەتێکی لاوازکراو لێک ببەسترێنەوە. ڕەنگە ئەوە وەک جۆرێک لە شۆڕکردنەوەی دەسەڵات سەیر بکرێت، بەڵام ئەوە کاتێک ڕاستە ئەگەر بەپێی یاسا و ڕێککەوتنی سیاسی گشتگیر بێت و بەمەبەستی زیاتر کاراکردنی پرۆسەی حوکمڕانی بێت. لە کەشی بنبەستی سیاسی و غیابی پەرلەماندا ئەو جۆرە پرۆسەیە ئاراستەیەکی سەرلێشێواو وەردەگرێ و دوور نییە دواتر ببێتە هەوێنی دروستبوونی دوو هەرێمی زۆر جیاواز و لێکدابڕاو.

### دوو هەرێمی کوردستان لە باشوور

دروستکردنی دوو هەرێم لە کوردستانی باشوور بیرۆکەیەکی نوێ نییە. دەمێکە خەڵکانێک لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بۆچوونیان وابووە کە باشترین چارەسەر بۆ کێشە و پرسی کەرکووک ئەوەیە ئەو پارێزگایە بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. دیارە ئەو بیرۆکەیە زیاتر لەلایەن ئەو کەسانەوە پشتگیری لێ دەکرا کە نەیاندەویست هەرێم ببێتە دەوڵەت یان بەبێ کەرکووک ببێتە دەوڵەتێکی لاواز. بۆیەش ئەو بیرۆکەیە پێشتر لەنێو کورددا ڕەواجی نەبوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتی پڕ لە هەڵەی پێشتری حیزبە سەرەکییەکان لە کەرکووک و بەهۆی حاڵەتی بنبەستی سیاسی و قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان، ئێستا کوردی کەرکووک وەک غەیرە کوردەکان کەوتوونەتە دڵەڕاوکێ لە کولتوری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان.

بێگومان دروستبوونی هەرێمی کەرکووک دەبێتە گورزێکی کوشندە لە پرۆژەی سەربەخۆکردن و بەدەوڵەتکردنی هەرێمی کوردستان، چونکە دواتر یەکگرتنەوەی دوو هەرێمی لێکدابڕاو نزیکە مەحاڵە. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە بنبەستی سیاسی و دەقگرتنی دوو زۆنی سەوز و زەرد زەمینە بۆ دروستبوونی هەرێمی سەوز بە کەرکووک و سلێمانی و گەرمیانەوە خۆش بکات.

بێگومان دروستبوونی هەرێمی سەوز بەبێ دەسپێشخەریی توێژی سیاسەتمەدار و حوکمڕانی زۆنی سەوز نایەتە کایەوە، ئەوانیش ئەگەر بیکەن دوور نییە بڕیارەکەیان بە کاردانەوە لەقەڵەم بدەن بەوەی کە لە 10 ساڵی ڕابردوودا نەیانتوانیوە هەژموونی پارتی بەسەر دەسەڵاتی بڕیاردان لە هەرێمی کوردستان کاڵ بکەنەوە و دوای سەربەخۆییش ڕەنگە توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزی پارتییان نەمێنێ. ڕەنگە بەلاشیانەوە ئەو جۆرە سیناریۆیە ڕێگر نەبێ لەبەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی و دواتر دەکرێ پرۆژەیەکی هاوبەش لەنێوان دوو هەرێمی هاوتا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردستانی پیادە بکرێت. تەنانەت دەکرێت بگوترێ کە ئەو جۆرە دەوڵەتە سەقامگیرتر دەبێ لەوەی بە پەلە و لە دۆخی لێکترازاویی ئێستادا ببێتە ئاراوە.

بەڵام کاتێ کە دوو هەرێم دەبنە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی و سیستەمێکی دادوەریی سەربەخۆ، ئیتر ڕەوتی گەشەسەندنیان لەگەڵ یەکتر هەرگیز هەماهەنگ نابێ. هەر کەسێک مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی کورد یان وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە ئاگادار بێ، دەزانێ کە کێشەی ململانێی بەرژەوەندی لەسەر خاک و سامانی سروشتی و بازرگانیی نێوان براکان، ڕەنگە دوو هەرێمەکە بکاتە دوو دراوسێی نەیار و لەوانەیە یەکتر نەگرنەوە و بگرە ڕێگە لە سەربەخۆبوونی یەکتریش بگرن. ئەگەر سەرکردەکانی زۆنی سەوز لە دروستکردنی هەرێمێکی نوێدا دەستپێشخەر بن، ئەوا چەندین هێز و زلهێزی دەرەکی (عێراقی و غەیرە عێراقی) چاوەڕوانی دەرفەتێکن بۆ هاندانی ئەوجۆرە دەرئەنجامە بۆ خاتری پاراستنی یەکپارچەیی عێراق. سیاسەتی دەوڵەتی ئێران و تورکیاش ڕەنگە لەگەڵ ئەو جۆرە بۆچوونە هەماهەنگ بێ و ئەوانە ببنە هاندەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. زانراوە سیاسەتی ئێران لە کۆنەوە بەو ئاراستەیە بووە کە دەبێ هاوکێشەی دەسەڵات لە نێوان پارتی و یەکێتیدا هەمیشە هاوسەنگ بێ و هیچ کام لەو دووانە نەبنە باڵادەست یان تاکە حوکمڕانی هەرێمی کوردستان. هاوکات ئێستا باس لە ڕاکێشانی بۆڕی نەوت لە زۆنی سەوزەوە بۆ ئێران دەکرێت، بە هەمان شێوەی بۆڕی نەوتی زۆنی زەرد بۆ ناو تورکیا. دەنگۆی هاوکاریی ستراتیژی دوولایەنەی نێوان زۆنی سەوز و ئێران هەیە، بەهەمان شێوازی هاوپەیمانێتییە ستراتیژییە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەکەی زۆنی زەرد لەگەڵ تورکیا.

### سازان تاکە ڕێگاچارەیە

نەخشەڕێگای سەربەخۆیی لە ناوماڵەوە دەست پێ دەکات و لەوێش کۆتایی دێت. ئەزموونی وڵاتان سەلماندوویەتی ئەگەر نیشتیمانێکی هەمەڕەنگ لە هەناودا تۆکمە و یەکڕیز بێ، دەتوانێ بەدەوڵەتبوونی خۆی بەسەر دەوروبەردا فەرز بکات. بە دیوەکەی دیکەدا، هیچ کۆمەڵگایەکی لێکترازاو نەیتوانیوە بە هێزی هەناو ببێتە دەوڵەت و دواتر بەرگەی هەڕەشە ناوەکی و دەرەکییەکان بگرێ. ئەو دەوڵەتانەی کە پێشتر لێکترازاو بوونە و بە بڕیاری زلهێزەکان کراونەتە دەوڵەت، ئەوانە یان لە ڕێگەی دیموکراسیەتەوە خۆیان پتەوکردووە و درێژەیان بە پێکەوەژیانی پێکهاتەکانیان داوە، یان بە زۆری زۆردار و حوکمی ئۆتۆکراتی پێکەوە لکێنراون و کۆمەڵگا زۆرلێکراوەکانیشیان لە خەباتی ئازادیخوازی نەوەستاون و هەردەم چاوەڕێی دەرفەتی مێژوویی بوونە بۆ هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکان.

ئەگەر سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان لە بەدەوڵەتکردنی هەرێم جددی بن، دەبێ جاری ڕێگە لە لێکترازانی هەمیشەیی ئەم هەرێمە بگرن کە ئەوەش کارێکی زەحمەت نییە و تەنیا پێویستی بە نیەت و ئیرادەیەکی بەهێز و بڕیاری لەخۆبوردووانەی سەرکردەکان هەیە. دیارە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی لە ئەستۆی سەرکردەکانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی هەرێمە کە لە ئاستی هەستیاری و ئاڵۆزیی تەحەداکاندا ڕەفتار بکەن و دوور لە عاتیفە و شەخسەنەکردن و موزایەداتی سیاسی بڕیار بدەن. حیسابی زۆر ورد بۆ بڕیار و دەرئەنجامەکانیان بکەن و ڕێگە نەدەن بنبەستی سیاسی ئیمڕۆ چانسی بەدەوڵەتبوون لەدەست نەوەکانی ئایندە بدات.

پێویستە بە زووترین کات بنبەستی ئێستا کۆتایی پێ بهێنرێت و سەرجەم حیزبەکان دەست بە خولێکی نوێی گفتوگۆ بکەنەوە. بە هەنگاوی مەلموس و دڵنیاکەرەوە پردی متمانە لە نێوانیاندا بەهێز بکەنەوە. ئەگەر نیەت هەبێ ڕێگەیەکی گونجاویش دەدۆزرێتەوە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و لەوێشەوە دەکرێ ئاسۆیەکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی باقی کێشەکان بهێنرێتە کایەوە.

ئەگەر پێکەوە کارکردن لەنێو پەرلەمانی ئێستادا زەحمەت بووبێ، دەکرێ تەنیا بۆ دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن یان چەند یاسایەکی هەنووکەیی کارا بکرێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕابگەیەنرێت. دەشکرێ هەمان پەرلەمان بە ڕێککەوتنێکی نوێوە کارەکانی بەردەوام بکات هەتا کاتی هەڵبژاردنی ئاسایی.

لە قۆناغی دووەمدا، پێویستە ڕێککەوتنێکی گشتگیر و شەفاف لە نێوان حیزبەکان سەبارەت بە ریفراندۆم و پرۆژەی سەربەخۆبوون بکرێت. ئەو پرۆژەیە زۆر لەوە گرنگترە کە دیبەیتی لەسەر نەکرێ یان ڕوانگەکان هاوبەش نەبن. پێویستە پرسیاری ریفراندۆم و کات و سات و شوێنی جوگرافیی ریفراندۆم بەپێی ڕوانگەی هەموو لایەک بڕیاریان لەسەر بدرێ و گەورەترین پشتگیری بۆ مسۆگەر بکرێ تاوەکو گەورەترین چانسی سەرکەوتنی بۆ بڕەخسێنرێ.

مەسەلەی دابەشکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و نووسینەوەی دەستوور و یەکلاکردنەوەی سیستەمی حوکمڕانی کێشەی گرنگ و ئاڵۆزن. باشتر وایە لە ئێستاوە خەڵکانێکی ئەکادیمی و پسپۆڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ سیاسەتمەدارانی سەرجەم لایەنەکان دەست بە دیراسەتێکی زانستیانە و واقیعبینانە بکەن و دواتر وەک چەندین پرۆژەی چارەسەر بیانخەنە بەردەم بڕیاردەران بۆ دیبەیتکردن و دواتر ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی هەموویان بە براوە لێی هەڵسن. هەر ڕێککەوتنێک کە میللەت و نیشتیمان تێیدا براوەی یەکەم بێ ئەوە هەموو لایەک لەگەڵیدا براوە دەبن.

*سەرۆکی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە (مێری)

## وا دیارە کە بنبەستە سیاسییەکەی ئێستای هەرێمی کوردستان جاری بەردەوام دەبێ

## ئەگەر بنبەستی سیاسی چارەسەر نەکرێ دەرئەنجامی زۆر خراپتر بەڕێوەیە

## دروستبوونی هەرێمی کەرکووک دەبێتە گورزێکی کوشندە لە پرۆژەی سەربەخۆیی



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## ڕێککەوتننامەی یەکێتی و گۆڕان لە ڕوح و ناوەڕۆکدا دیارە کە بە ڕەچاوکردنی خولێکی نوێی گفتوگۆ لەگەڵ پارتیدا نووسراوەتەوە

پزیشکێک:

# 20%ی منداڵان نەخۆشیی دەروونییان هەیە

## "لە منداڵدا دەرکەوتەکانی شڵەژانی دەروونی ڕەنگە بریتی بن لە میزبەخۆداکردن، پەنجەمژین، نینۆک خواردن، دابەزینی ئاستی زیرەکی، دزیکردن و زۆر جووڵان"



سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

پزیشکێکی دەروونیی کورد دەڵێت بەپێی توێژینەوە جیهانییەکان 20%ی منداڵانی جیهان نەخۆشیی دەروونییان هەیە.

تەندروستیی منداڵ بەشێوە زانستییەکەی بەو مانایە دێت کە منداڵ لە ڕووەکانی جەستەیی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە لە دۆخێکی باشدا بێت.

بەشێکی زۆری خەڵک بنەما گشتییەکانی تەندروستیی جەستەیی منداڵ دەزانن، وەکو پێدانی خواردنی دروست و سروشتی، هاندانیان بۆ چالاکی و وەرزش و دڵنیابوونەوە لەوەی خەوێکی ڕێکیان هەیە، بەڵام بەدەر لەوانە گرنگە منداڵ بەشێوەیەکی بەردەوام لەلایەن دامەزراوە تەندروستییەکانەوە چێک بکرێ بۆ دڵنیابوونەوە لە گەشەی ئاسایی و دەستنیشانکردنی هەر گرفتێکی جەستەیی لەکاتێکی زوودا، وەکوو گرفتی تەمبەڵیی چاوکە ئەگەر دەستنیشانکردنی بکەوێتە دوای تەمەنی هەشتساڵی، چارەسەری ئەستەم دەبێ و دەبێتە گرفتێکی هەمیشەیی بۆ منداڵ.

هەروەها گرنگیدان بە پشکنین و چارەسەری گرفتەکانی پووک و ددان هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی لە داهاتوودا ددانە هەمیشەییەکانی تەندروست دەبن.

چاودێریکردنی کێشی منداڵەکەت گرنگە و دەبێ هەر زیادکردن یان کەمکردنێکی لەپڕ و خێرا بە هەند وەربگیرێ و لە هۆکار و چارەسەرەکانی بکۆڵرێتەوە لەلایەن پزیشکەوە.

### منداڵ و نەخۆشیی دەروونی

جگە لە نیشانە جەستەییەکان، گرنگە سەرنجیش بخرێتە سەر گرفتە دەروونییەکانی منداڵان کە ئەگەر چارە نەکرێن کار لە توانای فێربوون و بەهرەداربوونی منداڵان دەکەن و ئەگەری ئەوە زۆرتر دەکەن لە تەمەنی منداڵی و نەوجەوانیدا لە کێشە و تاوانی جۆراوجۆردا تێوەبگلێن.

پزیشکێکی پسپۆڕی دەروونی ئاماژە بە بەربڵاویی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات. د.دانیاڵ سەعدی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد-دکتۆرا لە نەخۆشییە دەروونییەکان، بە (ڕووداو)ی گوت "لەسەر ئاستی جیهان، 20%ی منداڵان نەخۆشی دەروونییان هەیە".

ئەو پزیشکە دەڵێت دەستنیشانی ناسازیی دەروونیی منداڵان بۆ دایک و باوکی منداڵ ئاسان نییە، چونکە منداڵان وەک گەورەکان ناتوانن گوزارشت لە گرفتە دەروونییەکانیان بکەن "کاتێک منداڵێک تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت، دەرکەوتەکانی زۆر جیاواز دەبن لەو دەرکەوتانەی لە گەورەکاندا هەن، بە جۆرێک لە کەسانی گەورەدا کەسەکە خۆی دەڵێت من شڵەژان و دڵەڕاوکێم هەیە، دەمم وشک دەبێ و دڵم پەلەپەل دەکات و گیانم دەلەرزێ، کەچی لە منداڵدا دەرکەوتەکانی شڵەژانی دەروونی ڕەنگە بریتی بن لە میزبەخۆداکردن، پەنجەمژین، نینۆک خواردن، دابەزینی ئاستی زیرەکی، دزیکردن و زۆر جووڵان".

وەک پزیشکە دەروونییەکە باسی دەکات، نەخۆشییە دەروونییەکان لە منداڵاندا جیاوازن و تەنیا یەک جۆر نین، لە نەخۆشییە بڵاوە دەروونییەکانی منداڵاندا ئاماژە دەکرێت بە خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، زۆر جووڵان و کەم سەرنجدان و چەندینی دیکە. "بەشێوەیەکی گشتی، زۆر جووڵان و کەمیی تەرکیز، دواکەوتنی گەشە و توانای قسەکردن و لاوازیی تێکەڵاوییە کۆمەڵایەتییەکان لەو نیشانانەن کە دەبێ واتان لێبکەن منداڵ ببەنە لای پزیشکی دەروونی".

### سەرنجی لایەنی سۆزداری و کۆمەڵایەتییان بدەن

جگە لەلایەنی جەستەیی و دەروونی، سەرنجدان لەلایەنی کۆمەڵایەتیی منداڵانیش گرنگە و بەشێکە لە پێناسەی تەندروستی کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە داڕێژراوە.

بوونی گرفت لەڕووی توانا و بەهرە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، منداڵ و نەوجەوان پەلکێش دەکات بۆ ڕووکردنە بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و گیروگرفت نانەوە و تێوەگلان لە توندوتیژی و ڕەفتاری نەشیاو، هەروەها ئەگەری ئەوە زیاد دەکات کە تاکێکی بێ بەرهەم بێ و وەک پێویست پشت بەخۆی نەبەستێ، هەموو ئەوانەش گرفت دروست دەکەن لەسەر ئاستی تاک و خێزان و کۆمەڵگە.

پزیشکێکی پسپۆڕ ئاماژە بە گۆڕانکارییە خۆڕسکەکانی لایەنی کۆمەڵایەتی منداڵان دەکات. د.عەبدولفەتاح هەورامی، هەڵگری بڕوانامەی بۆرد-دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ دەڵێ "بۆ نموونە لە تەمەنی سێ ساڵیدا ئیدی منداڵ وەک پێشتر خۆپەرست نییە، هەوڵیش دەدا کەمتر پشت بە دایک و باوک ببەستێ، هەوڵ دەدا ئیدی منداڵانی دیکەش هاوبەش بکات لە یارییەکانیدا و ئارەزووی تەنیایی کەمتر دەبێتەوە. بە ناڕاستەوخۆ دەگاتە ئەو بڕوایەی کە هەموو منداڵان وەک ئەو بیرناکەنەوە و وردە وردە دەزانێ دەکرێ هەندێک هەڵسوکەوت بنوێنێ کە جێگەی ستایشی ئەوانی دیکە بێ".

ماڵپەڕی PBS ی تایبەت بە گەشەی دەروونی، کۆمەڵایەتی و سۆزداریی منداڵان کە لەلایەن پزیشکانی دەروونی و دەروونناسان و پسپۆڕانی پەروەردەی منداڵ بەڕێوەدەبرێ، دەڵێ جیاوازیی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و سۆزداریی منداڵان لە چەندین هۆکارەوە سەرچاوەی گرتووە، لەوانە: نەریتە بۆماوەییەکان، کاریگەریە کولتوورییەکان، چاولێکەری کەسانی لەخۆگەورەتر، ئاستی ئەو ئاسایشەی منداڵ لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەورەکان دەیبینێتەوە و ئەو بژارانەی دەخرێنە بەردەم منداڵ لە تێکەڵاوبوونە کۆمەڵایەتییەکاندا.

زانینی جیاکەرەوەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و سۆزداری گەلێ گرنگن بۆ زوو دەستنیشانکردنی ئەو حاڵەتانەی تێیاندا ئەو دوو لایەنە گەشە ناکەن، وەکوو ئۆتیزم.

#### هەندێک لە نیشانەکانی گەشەی سۆزداریی منداڵ:

- دەرکەوتنی ئاماژەی دڵخۆشی لە منداڵدا کاتێک کەسە ئاشناکانی دەبینێ.
- دەرککردن بە خود و ڕۆڵی خود: ئیدی وشەی هی من بەکاردێنێ، هەروەک ڕۆڵی خۆیشی دەزانێ، بۆ نموونە شەرم دەکات کاتێک شتێک دەشکێنێ.
- سەرنج لە سۆزی کەسانی دەوروبەر دەدات، بۆ نموونە لە زمانی جەستەی دایک و باوکی تێدەگات، تێدەگات ئایا لەسەر کردەوەیەک هانی دەدەن یان سەرزەنشتی دەکەن.
- ترس، تووڕەیی، خەمباری و نائومێدی لە ڕوخسار و هەڵسوکەوتی دەخوێندرێنەوە.

#### هەندێک لە نیشانەکانی گەشەی کۆمەڵایەتیی منداڵ:

- لە ڕۆڵی ئەوانی دیکە تێدەگا و ڕۆڵیان پێدەدا، بۆ نموونە چێژدەبینێ لە بەشداری لەگەڵ کەسانی گەورە بۆ بەدواداگەڕانی شتێک، وەک بنەمایەک بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیان.
- زمانی جەستە بەکاردێنێ، بۆ نموونە کاتێک لە بازاڕ منداڵێکی ئاشنا دەبینێ بۆی پێدەکەنێ.
- هاوسۆزی پیشان دەدا، بۆ نموونە کە دەبینێ منداڵێک دەگری، ئەمیش دەست بە گریان دەکات.
- ململانێ لەگەڵ منداڵەکانی دیکە دەکات لەسەر شتەکانی دەوروبەر.

# سوودە لەبن نەهاتووەکانی شیری دایک

د.شادمان حەمەئەمین*

بەپێی پێناسەی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ نەخۆشییەکانی منداڵا و ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی، شیری دایک باشترین سەرچاوەی خۆراکییە لە شەش مانگی یەکەمی تەمەنی منداڵدا. ئەو شیرپێدانە سروشتییە دەبێت بەردەوام بێت (لەگەڵ خواردنی دیکەدا) تاوەکو 1-2 ساڵ.

لەسەر دایکان پێویستە هەر کاژێرێک دوای لەدایکبوونی کۆرپەکەی، شیری خۆی بداتێ و منداڵەکە بە سینگی خۆیەوە بنووسێنێ، بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست ببێ.

### سوودەکانی شیری دایک:

بەپێی ئەو توێژینەوانەی تاوەکو ئێستا لەسەر شیری منداڵان کراون، لەڕووی دەوڵەمەندیی پێکهاتەوە، هیچ شیرێک جێگەی شیری دایک ناگرێتەوە. شیری دایک سوودی لەبن نەهاتووی بۆ کۆرپە هەیە. وەک:

- کەمبوونی هەوکردنەکان: سکچوون، هەوکردنی ڕێڕەوی هەناسە، هەوکردنی گوێ، هەوکردنی بەکتریایی پەردەی مێشک.
- کەمبوونی هەستەوەری (حەساسیەت): هەستەوەری بە خۆراک، بیرۆ (ئەکزیما)، هەستیاری بە گەنم، ڕەبۆ.

### ژەک بە منداڵەکەت بدە

ژەک (کۆلۆستروم)، منداڵ دوای لە دایکبوونی، یەک شت کە پێویستە تامی بکات، ژەکی مەمکی دایکیەتی، بەڵام بەداخەوە زۆر لە دایکان ئەو ژەکە بەهێند وەرناگرن، یەکسەر شەکراو دەدەنە منداڵەکانیان.

ژەک کە ڕەنگێکی (ڕوون، زەرد، یان کاڵ)ی هەیە، زۆر بەسوودە بۆ کۆئەندامی بەرگریی منداڵ، چونکە دژە تەنی تێدایە. لە سوودەکانی ژەک:

- ئەگەری تووشبوونی منداڵ بە جۆری یەکەمی شەکرە کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوونی منداڵ بە شێرپەنجەی خڕۆکە سپییەکان (لوکیمیا) کەم دەکاتەوە.
- ئەگەری تووشبوون بە قەڵەوی و بەرزەپەستانی خوێن لەکاتی گەورەبووندا کەم دەکاتەوە.

### سوودەکانی شیرپێدان بۆ دایک:

- مەترسیی خوێنبەربوونی دوای منداڵبوون کەم دەکاتەوە.
- مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی مەمک، شێرپەنجەی ناوپۆشی منداڵدان، نەخۆشییەکانی دڵ کەم دەکاتەوە.
- کەمکردنەوەی خەرجی.

### کێشەکانی شیری دایک بۆ منداڵەکە:

- بڕەکەی: ناتوانرێ دیاری بکرێت چەندی شیر خواردووە.
- هەوکردن: هەندێ ڤایرۆس لەڕێگەی شیرەوە دەگوازرێتەوە (هەوکردنی جگەر، ئایدز، ڤایرۆسی CMV) ئەگەر لە دایکەکەدا هەبن
- دەرمان: هەندێک دەرمان لە شیرەوە دەردەدرێن، نابێت دایکی شیردەر بەکاریانبهێنێ.
- زەردوویی شیری دایک: دوای دوو هەفتە دەردەکەوێ، جۆری ناڕاستەوخۆیە، مەترسی بەرچاوی نییە، دەتوانرێ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ شیری دایک بوەستێنرێ و پاشان پێی بدرێتەوە.
- کەمیی هەندێ پێکهاتە: کەمیی ڤیتامین K،E،D ، کەمیی ئاسن، باشتر وایە دوای مانگێک قەترەی ڤیتامین D وەربگرێت (٤٠٠ یەکە) ڕۆژانە، دوای شەش مانگی ئاسن و مەڵتی ڤیتامین وەربگرێت، ڕۆژانە.

### کێشەکانی شیرپێدان بۆ دایکەکە:

- گەورەبوونی مەمک (ئاوسان): پێویستە شیرەکەی زوو زوو دەربهێنرێ (گوشین بە دەست، بە پەمپ)، شتی گەرم یان ساردی لەسەر دابنرێ، بەکارهێنانی ئازارشکێن (پرۆفین).
- قڵیشانی گۆی مەمک: ئەو لایەی تووشبووە کەمتر بەکاربێت، دڵۆپە شیر بەجێبهێڵرێ لەسەر گۆ تاوەکو خۆی وشک دەبێتەوە، بەکارهێنانی گیراوەی (lanoline) دوای هەر شیرپێدانێک.
- هەوکردنی مەمک (ماستایتس): لەرز و تا، بێهێزی، ئازاری مەمک، پێویستە زوو زوو شیرەکەی بەتاڵ بکرێت و بدرێت بە منداڵەکە، بەکارهێنانی دژەبەکتریا، ئەگەر چارەسەر نەکرێ دەبێتە دوومەڵ. خڕبوونەوە، سووربوونەوەی بریقەداری ناوچەیەکی مەمک، پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە، پاشان بەکارهێنانی دژە بەکتریا.

### ئەوانەی ناتوانن شیری دایک بەکاربهێنن:

- منداڵەکە کێشەی مێشک و دەماری هەبێت کە توانای شیر مژینی نەبێت.
- منداڵی ناکام (خوار 32 هەفتە)، ئەوانەی کێشیان کەمە.
- نەخۆشی گالاکتۆسیمیا (شیرنەخواردن، زەردوویی، ئاوی سپی چاو، گەورەبوونی جگەر، دابەزینی شەکری خوێن).
- دایکەکە هەندێ نەخۆشی هەبێت (ئایدز، سیل، سفلس، دڕکەمێکوتە، هێرپس لە پێستی مەمکی دابێت)، ئەوانەشی هەندێ دەرمانی درێژخایەن بەکاردێنن.
- ئەوانەی کێشەی دەم و لێویان هەیە: دانەخرانی مەڵاشوو، دانەخرانی لێو (لێوی کەروێشکی).
- ئەوانەش کە هەر نابێت شیر بخۆن (شیری دایک و شیری قوتوو) وەکو هەناسە توندی، گیرانی ڕیخۆڵە .

### چۆن بزانین شیرپێدان تەواوە؟

- ڕۆژانە (8 – 12) جار شیر بخوات (هەموو 2-3 کاژێر جارێک) جاری 10- 15 خولەک بخایەنێت بۆ هەر لایەک و لە چوار هەفتەی یەکەمدا ..
- ڕۆژانە 6-8 جار میز بکات (داییبیەکەی بخوسێنێ، نەک تەنیا تەڕبێ).
- ڕۆژانە زیاتر لە چوار جار پیسایی بکات (شلە، ڕەنگی زەردە، شتی ورد وردی تێدایە، پێویستە بزانرێت کە ئەمە سکچوون نییە! دوای هەشت هەفتە بەچەند ڕۆژ جارێک پیسایی دەکات، پێویستە بزانرێت ئەمەش قەبزی نییە).
- زیادبوونی کێش: دوو هەفتەی یەکەم زیاد ناکات، لە هەشت هەفتەییدا دەبێتە ئەوەندە و نیوی کاتی لەدایکبوونی، لە چوار مانگیدا دەبێتە دوو ئەوەندە، کە بوو بە ساڵێک دەبێتە سێ ئەوەندە.

### شیری دایک چۆن زۆر دەبێت؟

- لایەنی دەروونی: لایەنی دەروونی دایک کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر شیردەردان، هەردوو هۆرمونی پرۆلاکتین (شیر دروستکەر) و ئۆکسیتۆسین (شیردەرهێنەر) لە ژێرمێشکەرژێنەوە دەردەدرێن، ئەو دایکانەی تووشی خەمۆکی دوای منداڵ بوون دەبن، شیریان کەمە.
- خواردن: پێویستە دایک زوو زوو نان بخوات، ئاو زۆر بخواتەوە، ئەو خواردنانەی شیر زیاد دەکەن بخوات وەک: هێلکە، بادام، ماسی سەلەمۆن، پرتەقاڵ، گێزەر، گوێز هندی، سپێناخ و ...هتد.
- دەرمان : هەندێک دەرمان شیر دەردان زیاد دەکەن وەکو: حەبی پلاسیل (10 ملگم) ڕۆژی سێ جار تا هەفتەیەک..

### کولتووری هەڵە:

- شیرم کەمە و منداڵەکەم تێری پێناخوات.
- شێوەی مەمکم تێکدەچێت.
- منداڵەکەم بە شیری خۆم تووشی سکچوون دەبێت.



* **پزیشکی گشتی**

ڕووداو
هەمەجۆر
ژمـارە ( 411 ) دووشـــەممە 2016/6/6

# ئاهورا بۆ کۆنسێرت دەچنە پاوە



**ڕووداو- سلێمانی**

گرووپی موزیکی ئاهورای پارێزگای هەڵەبجەی شەهید سەردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن و لەشاری پاوە کۆنسێرتێکی گۆرانی و میوزیک پێشکەش دەکەن.

فەرمان هەورامی، ئەندامی گرووپی موزیکی ئاهورا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەلایەن خانەی میوزیکی شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ سازکردنی کۆنسێرتێک بانگهێشت کراوین و مۆڵەتی سەردانەکەمان وەرگرتووە". گوتیشی "دوای جەژنی ڕەمەزان کۆنسێرتەکە لە شاری پاوە پێشکەش دەکەین و چوار گۆرانیبێژ لە کۆنسێرتەکەدا گۆرانی دەڵێن". گرووپی ئاهورا ساڵی 2007 دامەزراوە و تائێستا بەشداری لە چەند فێستیڤاڵێکدا لە هەرێمی کوردستان کردووە.

# فەراهانی: سینەمای کوردیم خۆشدەوێ



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

گوڵشیفتە فەراهانی، خانمە ئەکتەری بە ڕەچەڵەک ئێرانی ڕایگەیاند کە خۆشترین ئەزموونی کاری هونەری لە فیلمی کوردیدا بووە.

گوڵشیفتە فەراهانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تێکەڵبوونم وەک ئەکتەرێک لە سینەمای ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی ئەزموونێکی باشی پێ بەخشیوم، ئێستا کە من لە فیلمەکانی هۆلیوود ڕۆڵ دەبینم دەبمە ئەکتەرێکی ئەمەریکی، کە لە فیلمێکی ڕۆژهەڵاتیشدا ڕۆڵ دەبینم، دەبمەوە بە گوڵشیفتەکەی ئێران".

فەراهانی لەبارەی سینەمای کوردی و ڕۆڵبینینی لە فیلمی کوردیدا بە (ڕووداو)ی گوت "ئێستاش ئامادەم لە فیلمی کوردیدا ڕۆڵ ببینم، پەیوەندیی باشم لەگەڵ سینەماکارانی کورد هەیە و سەیری فیلمی کوردیش دەکەم، من کورد و کوردستان و سینەمای کوردیم خۆشدەوێت".

فەراهانی پێشتر لە فیلمی سینەمایی "لاپەڕە شیرینەکانم" و فیلمی دیکەی کوردیدا ڕۆڵی بینیوە. نوێترین کاریشی ڕۆڵی سەرەکییە لە فیلمێکی ئەمریکیدا بەنێوی پیتەرسۆن کە لە دەرهێنانی جیم جارمۆشە.

# شاجوانی مەزن دێتە کوردستان



**ڕووداو- سلێمانی**

وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا و بە مەبەستی گەیاندنی هاوکاری بۆ پەنابەر و ئاوارەکان، شاجوانی ئەمساڵی جیهان لەگەڵ شاجوانی کوردستان لەساڵی 2014دا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

دالیا ڕێبوار، شاجوانی 2014ی کوردستان کە کاندیدی شاجوانی نێودەوڵەتی بۆ ساڵی 2015 بوو، کارئاسانی بۆ ئەو سەردانە دەکات. دالیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیار وایە لەگەڵ کلەیر ئێلیزابێس، شاجوانی ئەمساڵی جیهان و بەڕێوەبەرایەتی هەڵبژاردنی شاجوانی جیهان سەردانی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی کۆمەک بگەیەنینە ئاوارە و پەنابەران کە لە دەرەوە کۆکراوەتەوە".

# سارا بۆ فیلمی کوردی ئامادەیە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

سارا تەکایە، خانمە ئەکتەری مەغریبی فەڕەنسی و شاجوانی کوینێ ی جیهانی ڕایدەگەیەنێ کە ئامادەیە لە فیلمێکی کوردیدا ڕۆڵ ببینێ و وەک خۆیشی دەڵێت، پڕۆژەیەکی لەو جۆرە لەئارادایە.

سارا تەکایە کە ئێستا لە هەولێرە، لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئامادەم لە فیلمێکی کوردیدا ڕۆڵی سەرەکی ببینم و پڕۆژەیەکی لەو بابەتەش ئێستا لە گۆڕێیە و لە قۆناغی گفتوگۆکردنداین، بۆیە نامەوێت هیچ شتێک لەسەر ئەو بابەتە بدرکێنم تا یەکلایی دەبێتەوە".

تەکایە دەشڵێت "ئێستا لە هەولێرم، هەولێر زۆر لەوە جوانترە کە من پێشبینیم دەکرد، من هاتووم بۆ ئەوەی پیشانی هەموو جیهانی بدەم کە هەولێر ئارامە و پڕە لە ژیان، ڕاستە کێشەی هەیە، بەڵام ئەو کێشانە لە هەموو جیهاندا هەن، ئەزموونی سەردانم بۆ هەولێر، ئەزموونێکی لەبیرنەکراو دەبێت، یەکەم جارمە دێمە هەولێر، بەڵام دڵنیام دوایین جار نابێت".

# وریا ئەحمەد دوو نەوە کلیپ دەکات



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

وریا ئەحمەد، هونەرمەندی کورد، نوێترین بەرهەمی هونەریی خۆی بەناوی دوو نەوە لە ئاواز و میلۆدی خۆی کلیپ کرد.

وریا ئەحمەد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەگەڵ دڵداری کوڕم پارچە میوزیکی دوو نەوەمان کلیپ کرد کە لە شاری کۆیە وێنەگیراوە، لە ئاوازی خۆمە و لە دابەشکردنی دڵداری کوڕمە، بەرهەمی نوێی تیپی زیروبەمی هەولێرە و بەهاوکاریی تیپی باواجی کۆیە تۆمار کراوە".

وریا ئەحمەد ماوەی زیاتر لە 40 ساڵە لە بواری گۆرانی و میوزیک کار دەکات، چەندین کتێبی لە بواری میوزیک و گۆرانی نووسیوە. دڵداری کوڕیشی ژەنیاری ئامێری پیانۆیە و مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرە.

# سۆنیا بێتووشی دەبێتە مۆدێل



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

سۆنیا بێتووشی، کچە دیزاینەر و نمایشکاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە پڕۆژەیەکی فاشیۆندا لەگەڵ گەورە دیزاینەری لوبنانی و جیهانی فوئاد سەرکیز کار دەکات و لە هەولێر دەبێتە مۆدێل.

سۆنیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "فوئاد سەرکیز دیزاینەرێکی بەناوبانگی لوبنانییە، دیزاینی تەواوی جلوبەرگەکانی نمایشەکەی کردبوو کە ستایلەکەی وەک براندێکی جیهانی سەیر دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لە شێوازی براندی ڤالانتینۆ و زوهێر موراد نزیک بوو، ئەمەش وای کرد نمایشەکە پێشوازییەکی باشی لێ بکرێت".

سۆنیا دەشڵێت "بۆیە وەک مۆدێل بەشداریم لەو نمایشەدا کرد، بۆ ئەوەی پشگیری کاری پرۆفیشناڵ لە کوردستان بکەم، چونکە پێموایە خەڵکی کوردستان زۆر پێویستیان بە زانیارییە لە بواری فاشیۆن و دیزاینی جلوبەرگ، من چوار جۆرە جلوبەرگی نوێم نمایش کرد کە بوونە جێی سەرنجی ئامادەبووان".

# بەختی ڕووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

## کاوڕ

سەرکەوتنی پلانە نوێیەکەت بەندە بە هەڵبژاردنی کاتێکی باش بۆ جێبەجێکردنی. توانای دەربڕینت باش دەبێت و دەتوانی بیروڕای بەرامبەرت بخوێنیتەوە و لە مەبەستیان تێبگەیت.

## گا

ئەگەر کارەکەت وەستاوە و هەوڵدان سوودی نییە، بیر لە ڕێگایەکی باشتر بکەرەوە یان بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو کارە ڕابگرە. لە ڕووکەشدا گرفتەکان گەورە دەبینی، بەڵام لەڕاستیدا زۆر بچوکن.

## دووانە

لەکاتی کەڵەکەبوونی کارەکاندا ترس و دوودڵیت زیاد دەبێت، ئەگەر کۆنترۆڵی خۆت نەکەیت ترسەکە دەبێتە بەربەست. لەم هەفتەیەدا کات لەهەموو شتێکی دیکە بەنرختر دەبێت بۆ تۆ.

## قرژاڵ

بەگشتی لەم مانگەدا هەر کارێک بکەیت یان هەر بڕیارێک بدەیت پشت بە توانا و ژیریی خۆت ببەستە و چاوەڕوانی بەخت مەکە. پێویستە بتوانی کارە پەرشوبڵاوەکان ڕێکبخەیتەوە.

## شێر

هەوڵ بدە هەفتەیەکی ئارام بەسەر ببەیت و کارە داراییەکانت ڕێکبخەیتەوە. هەواڵێکی خۆش دەبیستی. باری تەندروستیت ئارام دەبێت. دەستبەرداری خەم و ناخۆشی ببە و سەرەتایەکی نوێ دەست پێ بکە.

## فەریک

زۆر گوتن و دووبارەکردنەوەی بابەتەکان وا لە بەرامبەرەکەت دەکات بە گرنگییەوە گوێ نەگرێ. بەو گوروتینەی ئێستاوە بەردەوام بە لەسەر کارەکەت چونکە هەر وەستانێک پلانەکەت تێکدەدات.

## تەرازوو

ئەم هەفتەیە بڕە پارەیەکت دەست دەکەوێت، بەڵام گرفتی دارایی چارەسەر ناکات، بۆیە دەبێت بەپێی پێویست خەرجی بکەیت. ڕەشبین مەبە لەکارێک کە هێشتا سەرەتایەتی.

## دووپشک

هەفتەیەکی قورس بەڕێدەکەیت، بەڵام گەشبین دەبیت بە هیوا و ئاواتەکانی داهاتوو. زۆر هاوڕێی دڵسۆزت هەن کە دەتوانی متمانەیان پێ بکەیت. لە تووڕەیی و هەڵچوون خۆت بەدوور بگرە.

## کەوان

ئەرکەکانت زۆر بوون و هەست بە ماندووبوون دەکەیت، ناتوانی پشت بە بەڵێنی کەسێک ببەستی. پێویستت بە هاوڕێکانت هەیە و ئاسوودەییت زیاد دەکەن. بەخشندەیی کەسایەتی تۆی جوان کردووە.

## گیسک

گوێ لە هەموو پێشنیارەکان بگرە ڕەنگە بابەتی بەسوودی تێدا بێت. لە بیرکردنەوەی زۆردا ئەنجامەکان دەوەستن، بەڵام بیرکردنەوە لە تەنیا بابەتێک دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی نوێ.

## سەتڵ

دەتەوێ پلانێکی باش بۆ کارەکان دابنێی، بەڵام کارەکان پێویستیان بە جوڵەیە. ئەگەر بەنیازی ئەنجامدانی هەر کارێکی نوێیت، خێراتر لەوادەی دیاریکراو دەستبەکار بە. دارایی باش دەبێت.

## نەهەنگ

بەهۆی وەستانی کارێکەوە هەست بە نائارامی دەکەیت، هەوڵ بدە گەشبینی لەدەست نەدەیت و لە هەوڵەکانت بەردەوام بە دەرگایەکی نوێی بەخت بۆ دەکرێتەوە. سەرنجڕاکێش دەردەکەویت.

# محاسەبەی نیابەت



کامەران سوبحان

## بە موناسەبەتی تەواوبوونی نیابەتمان

(بە موناسەبەتی فەسخی مەجلیسی ئومەت و تەواوبوونی وەزیفەی نیابەتمان، وام بە موناسیب زانی بەناوی خۆم و ڕەفیقەکانمەوە حساب و کتابێکی خۆمانە لەگەڵ موەکیلە موحتەرەمەکانمانا بکەم، لە ئیش و کاری لەم دوو ساڵ و نیوەی کە ئێمە وەکیلیان بووین بە دەرەجەیەک حاڵییان بکەم، لەلام وایە کە ئەم ئسوڵە زۆر باشە و لازمە دائیمەن تەتبیق و تەعقیب بکرێ، چونکێ بە سایەی ئێمە مومکینە کە موەکیلەکان بزانن نائیبەکانیان وەزیفەی وەکالەتیان بە قەدەر ئیمکان بەجێهێناوە یان نا؟)

ئەمە پێشەکیی کتێبە بەناوبانگەکەی نووسەر و مێژوونووسی ناوداری کورد (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)ە کە لەدوای تەواوبوونی ماوەی پەرلەمانتاریی لە عێراق، وەک نوێنەری شاری سلێمانی لە ساڵی 1928 دا بەناوی (محاسەبەی نیابەت. ئەوی حسابی پاکە، لە محاسەبە بێ باکە) بڵاوی کردووەتەوە. کتێبەکە بۆ ئەو قۆناغە و ئێستاش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. بەتایبەتیش سەرجەم کار و چالاکییەکانی لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری، ئەوانەی جێبەجێ کراون و ئەوانەشی نەکراون، لەو کتێبەدا خستوویەتیە ڕوو. لەناو کتێبەکانی ئەم نووسەر و مێژوونووسە بەناوبانگەی کورددا بەدەر لە (خولاسەی تەئریخی کورد و کوردستان)، دوو کتێبی ئەوم زۆر لا گرنگە: (دوو تەقەلای بێ سوود) و (محاسەبەی نیابەت). چونکە هەردووکیان پەیوەستن بە دیوێکی دیکەی ژیانی ئەو مرۆڤەوە، بەدەر لە پیشەی نووسەری و مێژوونووسی کە کاری پەرلەمانتارییەتی لە دەوڵەتی عێراقدا.

محەممەد ئەمین زەکی بەگ، 12 جار لە حکومەتی عێراقدا پۆستی وەزیریی وەرگرتووە لە وەزارەتەکانی مەعاریف، ئەشغاڵ و نیشتەجێکردن، دارایی، گەیاندن، سەربازی..و هتد. دوو جار بووەتە نوێنەری شاری سلێمانی لە مەجلیسی ئەعیان (پەرلەمان) و هەر لەوکاتەی کە ئەو بەرپرسیارێتیانەی هەبووە توانیویەتی چەندین کتێبی گرنگ و پڕ بایەخ بنووسێت و تا ئێستاش بە یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی مێژووی کورد ئەژمار دەکرێت، لە بەرهەمەکانی: (خولاسەی تەئریخی کورد و کوردستان، دوو تەقەلای بێ سود، تەئریخی سلێمانی لە دەوری زۆر قەدیمەوە تا ئەوەلی ئیحتیلال)، ئەمە جگە لە نووسینی چەند کتێبێکی دیکەی مێژوویی و سەربازی بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی.

بایەخی (محاسەبەی نیابەت) لەوەدایە، لەماوەی ئەو خولەیدا کە نوێنەری سلێمانی بووە، سەرجەم کار و چالاکییەکانی بە ژمارە و داتا و نموونە لەم کتێبەدا نووسیوە. ڕەنگە بۆ نووسینی کتێب و کاری پەرلەمانتاریی کوردێک لە دەوڵەتێکی تازە دروستکراوی وەکوو عێراق لەو سات و قۆناغەدا کارێکی تازە و گرنگ بووبێت. ئەوەی بۆ من گرنگە وەک خوێنەرێک، دوای چەندین جار خوێندنەوەی (محاسەبەی نیابەت)، ئایا لەم سەردەمەدا نوێنەرەکانمان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم کتێبەیان خوێندووەتەوە؟ ئایا هیچ نوێنەرێک هێندەی ئەمین زەکی بەگ لەدوای تەواوبوونی خولەکەی ئامادەیە بێتە بەردەم دەنگدەرەکانی و ڕاستگۆیانە باسی کار و چالاکییەکانی خۆی بکات و لە کتێبێکدا بەم شێوەیە بە ئامار و ژمارە کارەکانی خۆی بخاتەڕوو کە چی کردووە بۆ ئەو شار و پارێزگایەی نوێنەرایەتیی کردووە؟

***

ئەمین زەکی بەگ لە کتێبی (محاسەبەی نیابەت) دا دەڵێت: ئەوەی حسابی پاکە، لە محاسەبە بێ باکە! هەر بۆیە ماوەی کارکردن و شێوازی کارکردنی لە هەموو





بوارە جیاوازەکاندا خستووەتە ڕوو، بەتایبەتیش لە بوارەکانی (سەحە، مەعاریف، ڕێگاوبان، تەلەگراف و تەلەفۆن) و چەند بوارێکی دیکە. زۆر بە وردی باسی ئەوەی کردووە کە ئەو لەو ماوەیەدا چی کردووە و سلێمانی و دەوروبەری ساڵانە چەند داهاتی هەبووە و دەوڵەت چەندی بۆ سەرف کردووە. وەک خۆیشی دەڵێت، ئامانج لە خستنەڕووی ئەم داتا و ژمارە و زانیارییانەی لەم کتێبەدا بۆ خۆهەڵکێشان نییە، هێندەی ئەوەی هاووڵاتی ئەوی کردووە بە نوێنەری خۆی، مافی ئەوەشی هەیە پاش تەواوبوونی ماوەی نوێنەرایەتیەکەی بزانێ چی کردووە. لە کۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێت: "لەسەر ئێوە لازمە تەقدیری خدمەتی نائیبەکانتان بفەرموون. چونکی ئەو تەشەکورە بە تەبیعەت، ئەو لوتف و دڵسۆزییە زیاتر و بەردەوامتر دەکات و ئەو تەقدیرەش لەلایەکەوە ئیسباتی نەجابەت و قەدر زانی ئێوە دەکات و لەلایەکی تریشەوە بۆ نائیبی تازەتان دەبێتە سەبەبی شەوق و نەشئەی خدمەت."

ئەو لە ماوەی نوێنەرایەتیدا، زۆر گرنگی بە بواری (پەروەردە و خوێندن) داوە کە لەو کاتەدا پێی گوتراوە (مەعاریف). زۆر هانی خەڵکی سلێمانی داوە منداڵەکانیان بخەنە قوتابخانە. لەو کاتەدا ژمارەی قوتابخانە لە سلێمانی تەنیا یەک قوتابخانە بووە، بەڵام بەهەوڵی ئەم، تەنیا لە سلێمانی بوونە چوار، ئەمە جگە لە قەزاکانی هەڵەبجە و پێنجوێن و چوارتا کە قوتابخانەیان لێ کرایەوە. باس لەوە دەکات کە لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی "لە حزووری موتەسەڕیفی شار و هەندێ لە منەوەرانی سلێمانی بایەخی خوێندنم بۆ خستوونەتە ڕوو. باسم لەوە کردووە لەم ماوەیەدا مامۆستای کورد وانە بڵێنەوە و قوتابییەکانیشمان فێری زمانی عەرەبی بکەن، چونکە سوودی بۆ خۆمان هەیە". هەروەها دەڵێت "بەعزێ کتێب هەیە وەکو جەبر، هەندەسەی ڕەسمی، تەئریخی تەبیعی و کیمیا ئەمە زۆر موحتەمەلە تا ئایندەیەکی دوور بە کوردی دروست نەکرێ، بەم نوعە تەلەبەکانمان لەو ئیستیفادەیە مەحروم دەمێنن و پاش دەکەون، ئەمە جگە لەوەی تەلەبەی کورد، عەرەبی بزانن دەتوانن داخلی مەکتەبی ئیختیساسی وەک هەندەسە و زەراعە و دارموعەلیمینی عولیا و حقوق و عەسکەری ببن. لەوەی بە عەرەبی فێربوون دەتوانن بەعزێکیان لەمەولا ئیستیفادە لە مەئمورییەتی لیواکانی تر بکەن."

## "لە ئیفرات و تەفریت خۆم دەپارێزم"

ئەمین زەکی بەگ، هەموو کارەکانی لەو خولەدا، بە وردی لەم کتێبەکەدا باس کردووە. تەنانەت ئەو پڕۆژانەی لەو سەردەمەی ئەودا بۆ لیوای سلێمانی و دەوروبەری جێبەجێ کراون، ئەمەش بە ئەرکی خۆی دەزانێ و پێیوایە هاووڵاتی بۆیە دەنگیان بەو داوە بۆ ئەوەی ئەو نوێنەرایەتییان بکات و کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکات بەبێ هات و هاوار.

لەباسی وەزیفەی نائیب (پەرلەمانتار)دا ئەمین زەکی بەگ دەڵێت: "وەزیفەی نائیب دوو نەوعە: (1- عومومی. 2- خسوسی). بە درێژی لەسەر هەردوو ئەم وەزیفانە دەوەستێ کە پێویستە پەرلەمانتار ڕایانپەڕێنێ. بە زمانێکی پوخت باسی وەزیفەکان دەکات و لە ئەزموونی کارکردنی خۆیەوە بۆ خوێنەر و دەنگدەرەکانی خۆی باس دەکات و دەڵێت: "ئەگەر بەعزێ فکری مناسبتری هەبێت بەیانی دەکات و حکومەت و مەجلیسی ئیرشاد، هیچ وەقتێ نە بە سوقی غەرەزی شەخسی نە بەقسەی ئەم و ئەو خۆی نەهاوێتە ناو هەراو زەنای بێ سوود و بێ مەعنا، چونکێ ئەگەر بیکا ئەوەڵەن مۆفەق بە خدمەت کردن نابێ و جگە لەمەش لەلایەکەوە خۆی پیاو خراپ دەکا، لەلایەکیشەوە ئابڕووی موەکیلەکانی و وەتەنەکەشی دەبا. لازمە لەسەری دائیمەن ملاحەزەی حاڵ و ئەحواڵ بکا و لە ئیفرات و تەفریت خۆی بپارێزێ و دائیمەن دوورەندێش و موعتەدیل بێ لە فکر و قەناعەتدا سابت بێ و فڕ فڕی نەبێ، لە پێش تەڵەبکردنی هەر شتێکدا ملاحەزەی ئیمکانی بکا". لەم بەشەی کتێبەکەدا ئەو داواکارییانەی خۆی دەخاتە ڕوو کە لە بوارە جیاوازەکاندا پێشکەشی کردووە بۆئەوەی بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری جێبەجێ بکرێن. ئەوەی گرنگە لەژیانی تایبەتی خۆیدا، ئەمین زەکی بەگ، پیاوێکی ئارام و لەسەرخۆ بووە، لە نووسین و کتێبەکانیشیدا، ئەم تایبەتمەندییە ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیە کە دوو خول نوێنەر بووە لە بەغدا و لە چەندین کابینەی حکومەتی عێراقدا وەزیری وەزارەتی جیاواز بووە، زۆر پابەندی ئەو بنەمای کارکردنەی (نە ئیفرات و نە تەفریت) بووە. بەتایبەتیش لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا هەندێ لە دەستەبژێری ڕۆشنبیر و سیاسیی کورد ڕەخنەیان لە بەشداریی ئەمین زەکی بەگ و هەندێ لە هاوڕێکانی گرتووە لە دەوڵەتی عێراقدا. بەڵام بەرهەم و کارەکانیان بۆ کورد، وەڵام بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی کە لەو سەردەمەدا لەسەر بەشداریی ئەوان لەو دەوڵەتەدا هەبوو.

بە ئامار و ژمارە و بڕی تێچوونی پارە، باسی ئەو بینا و کارە خزمەتگوزارییانەی کردووە کە لە ماوەی کارکردنی ئەودا وەک پەرلەمانتار بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری کراون. بۆ نموونە بە (ڕوپیە) کە پارەی ئەوکات بووە، بڕی تێچوونی ئەم شوێنانەی خستووەتەڕوو: (سەرای سلێمانی 30 هەزاری تێچووە و ئەمساڵ تەواو دەبێ. مەکتەبی کچان 32 هەزار، سەرای قەرەداغ 120 هەزار، سەرای پێنجوێن 110 هەزار، نوقتەی پۆلیس 140 هەزار، ئیعانە بۆ مەکتەبی هەڵەبجە 40 هەزار و بە کۆی گشتی لەو ساڵەدا 811 هەزار). ئەمە جگە لەوەی لەم کتێبەدا باسی ناردنی قوتابی بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات و غەدرکردن لە قوتابیی کورد و لیواکەی ئەو کراوە و بە دۆکیومێنت باسی کردووە. هەروەها مەسەلەی چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی و فەرامۆشکردنی ئەو بوارەی بۆ دەنگدەر و خوێنەرەکانی خستووەتە ڕوو. لە هەریەک لە بوارەکانی بەروبوومی کشتوکاڵ و تووتن ئامار و کار و چالاکیی خۆی باس کردووە. لە کۆتاییشدا بە ژمارە داهاتی سلێمانی و دەوروبەری لە ساڵانی 1925 بۆ 1928 دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەو بڕە پارانەی کە دەوڵەت بۆی سەرف کردووە. لە هەموو بوارەکاندا یەک یەک ئاشکرایان دەکات و بەراوردیان دەکات بە یەکتری.

## شەمەندەفەرەکەی سلێمانی

(قەناعەتی ئەوان وابوو کە لە کەرکوکەوە بە قەراغ چەمی خاسەدا تا لای ژووروی چەمچەماڵ سەهلە، لەوە بەدوا تا تاسڵوجە بە مەسرەفێکی زۆر مومکینە و تاسڵوجە زۆر زۆر زەحمەتە و تەرتیباتێکی تری دەوێ. حەوت ساڵ لەمەوپێش، ڕێگەیەکی تر بۆ شەمەندەفەر کەشف کراوە، ئەویش لە خانەقینەوە بە قەراغ سیرواندا تا نزیک زەڵم دەچێ و لەوێوە دەبڕێتەوە بە قەراغ چەمی تانجەڕۆدا دەچێ بۆ سلێمانی.). ئەمە بەشێکی دیکەی هەوڵەکانی ئەمین زەکی بەگە لە بواری ڕێگاوبان و هێنانی شەمەندەفەر بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری کە لە کتێبی (موحاسەبەی نیابەت) زۆر بە وردی باسی دەکات. کتێبەکە ساڵی 1928 نووسراوە، دەڵێ حەوت ساڵ لەمەوبەر، واتە ساڵی 1921 ، دەبووایە حکومەتی عێراق هێڵی شەمەندەفەر بۆ سلێمانی بهێنێت، کەچی بە ئێستاشەوە ئەو شەمەندەفەرە نەگەیشتە سلێمانی.

هاوینان یان لە کاتی پشوودا ئەمین زەکی بەگ دەهاتەوە بۆ سلێمانی، چینە جیاوازەکان و ئەشرافی شاری کۆدەکردەوەو داوای لێدەکردن پێداویستییە گرنگەکانیان بنووسن و بیدەنێ بۆ ئەوەی لە پایتەخت لەگەڵ بەرپرساندا هەوڵی جێبەجێکردنیان بدەن. هەر جارێ ئەو کۆبوونەوەیە دەکرا، خەڵک باسی کاتی گەیشتنی هێڵی شەمەندەفەریان بکردایە، ئەمین زەکی بە پێکەنینەوە کڵاوەکەی سەری دادەگرت و بە خەندەیەکی تێکەڵ لە پێکەنین و نیگەرانییەوە دەیگوت: "بەخوا من لە ئێوە زیاتر پەلەی هاتنی شەمەندەفەرم بۆ سلێمانی، چونکە شەمەندەفەر مەملەکەتەکەی ئێمە ئەحیا دەکاتەوە، ڕەنگە بە فکری ئێوەدا بێت لەو بوارەدا هیچ نەکراوە، لاکین تامینتان دەکەم کە ئەوەی مومکین بێت کراوە".

مانگ و ساڵ هاتن و ڕۆیشتن، چەندین دەوڵەت لە عێراقدا هاتن و ڕۆیشتن، بەڵام ئەو شەمەندەفەرە هەر نەهات و دەرنەکەوت. تا وای لێهات لەناو خەڵکی سلێمانی ئەم بابەتە بووە نوکتەیەک و ئەگەر کارێک زۆر دوابکەوتایە، دەیانگوت: بوو بە شەمەندەفەرەکەی سلێمانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەشی ڕێگاوباندا ئامار و داتا و بڕی تێچوونی ئەو پڕۆژانەی لەو بوارەدا بۆ سلێمانی و دەوروبەری لەو ماوەیەدا جێبەجێ کراون، بە (ڕوپیە) خستووەتەڕوو کە لە ساڵی 1925 بڕی 53 هەزار بووە. ساڵی 1926بڕی 140 هەزار بووە، ساڵی 1927 بڕی 177 هەزار بووە. ساڵی 1928 بڕی 300 هەزار بووە، کۆی ئەو پارەیە بە هەندێ تێچووی دیکەوە لەو سێ ساڵەدا گەیشتووەتە 570 هەزار ڕوپیە کە بۆ ڕێگاوبانی لیوای سلێمانی و دەوروبەری سەرف کراوە.


ئەمین زەکی بەگ لە (محاسەبەی نیابەت) دا، زۆر کار و لایەنی دیکەی گرنگی ئەوکاتی سلێمانی و کاری پەرلەمانتاریی خۆی خستووەتەڕوو. لێرەدا هەر ئەوەندە دەرفەت هەیە بڵێم هیوادارم نوێنەرەکانمان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم کتێبە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بزانن لەو سەردەمەدا ئەمین زەکی بەگ چۆن کاری کردووە و ئێستا ئەوان چۆن کار دەکەن.



ئەمین زەکی بەگ و منداڵەکانی







# ڕۆمان.. شوناس و بەردەوامی

سەنگەر زراری
sangarzrary@gmail.com

وەکو هەر چەمک و بابەتێکی دیکەی زانستە مرۆییەکان و چەمکە ئەدەبییەکان، ڕۆمانیش سەدان پێناسەی هەیە، بۆیە هیچ پێناسەیەکی ئەم جۆرە چەمکە، نە پێناسەی یەکەمە و نە کۆتایی، لەم سۆنگەیەشەوە ئەوەی لەم نووسینەدا دەخرێتەڕوو، پێناسەیەکی کۆنکرێتی نییە و بەشێکە لەو ناساندنانەی بۆ ئەم چەمکە دەکرێت.

هەندێک پێیانوایە چەمکە ئەدەبییەکان پێویستیان بە پێناسە نییە و ئەمانە دەبێ تەنیا ئەزموون بکرێن. بە بۆچوونی من، ناکرێ چەمکێکی ئەدەبیی گرنگ، بە بیانوویەکی ڕۆمانسیانەی وەکو (شیعر پێناسەی نییە!) یان (ڕۆمان پێناسە ناکرێ!) و...، هیچ ناساندن و بنەمایەک بۆ ئەم چەمکانە دانەنرێ و کەسێک حەزی لەم بابەتانە بێت، تێڕوانینی کەسانی شارەزا لەم بوارانە نەزانێ.

بەهۆی فرەجۆری و زۆریی پێناسەکانەوە، ئەوەی لێرەدا وەکو پێناسە دەخرێتەڕوو، دەشێ وەک بنەما سەرەکییەکانی هونەری ڕۆمان تەماشا بکرێ، هەروەکو دەشکرێ بەشێکی ئەم پێناسانە وەکو پێناسەیەکی ئینسایکلۆپیدیایانە بخوێنرێنەوە.

ڕۆمان لە پێناسە گشتگیرەکەیدا، بریتییە لە چیرۆکی خەیاڵیی پەخشانئامێزی درێژ، بەناوبانگترین ڕەگەزی ئەدەبیی پەخشانییە، گێڕانەوەی چیرۆک، یان چەند چیرۆکێکە کە چێژ بە خوێنەر ببەخشێ، بابەتەکانی ڕۆمان بریتین لە بابەتە کردەیی و خەیاڵییەکانی مرۆڤ، پێناسەی ڕۆمان بە گوێرەی سەردەمەکان و پێشکەوتنی کردەیی و خەیاڵیی مرۆڤ، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و دێت، بەگوێرەی پێناسەی سەردەمی نوێ و هاوچەرخ، ڕۆمان: پەخشانێکی هونەریی باڵایە، ڕۆمانێک کە بۆ خوێنەری گشتی نووسرابێ، پێویستە بە زمانی زۆرینەی خەڵک بنووسرێ، واتا ئەو زمانەی کە خەڵک لە نێوان خۆیاندا بەکاری دەهێنن و گفتوگۆی پێ دەکەن، ئەگەر زمانی زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکیش نەبێ، ئەوا زمانی دەستەبژێرێکی ناو خەڵک بێت، وەکو ئەوەی زمانێک بێت، نیوەی شیعرئامێزی جوان بێ و نیوەکەی دیکەش، زمانێکی میللیی سادە بێت، زمانێکی بەربڵاو بێت و زۆر بەکاربهێنرێ.

ڕۆمان وەکو هونەرێکی باڵای ئەدەبی چاوی لێ دەکرێ، کە بونیادێکی پتەو و ئاڵۆزی هەیە، زمان یەکەم ماددەی پێکهێنەری ڕۆمانە و خەیاڵ دووەم ماددەیە کە ڕۆمان سوودی لێ وەردەگرێ، بەڵام زمان و خەیاڵ تەنیا شت نین کە ڕۆمان سوودیان لێ وەربگرێ، یان کاریان لەسەر بکات، چونکە دەشێ ئەم دوو ڕەگەزە لە ژانری دیکەی ئەدەبیی وەکو شیعریشدا هەبن، ئەوەی ڕۆمان وەکو ڕەگەزی سێیەم، لە دوای زمان و خەیاڵ پشتی پێ دەبەستێ، بریتییە لە: گێڕانەوە (السرد)، گێڕانەوە، ئەو پێکهاتەیە کە حیکایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە و حیکایەتە لاوەکییەکان پێکدەهێنێ و شێوەیان بەدیار دەخات.

گێڕانەوە: ئامرازێکی گوزارشتکردنی مرۆڤە، نووسەر لە ڕێگایەوە کردەوە و هەڵسوکەوتە مرۆییەکان و کات و شوێنەکان دەگۆڕێت بۆ وشە و واتا. لەڕێگای گێڕانەوە، نووسەر زانیارییەکان دەگۆڕێت بۆ وشە و ڕستەی ڕێکخراو.

شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا زۆرن، لەوانە: شێوازی گێڕانەوەی کۆن کە پابەندە بە نووسینی (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی یان ئەنجام) و زۆربەی حیکایەت و بەسەرهاتە کۆنەکان و تەنانەت زۆر ڕۆمانیش بەم شێوازەی گێڕانەوە نووسراون. شێوازی گێڕانەوەی نوێ، وەکو گێڕانەوە بە زمانی قسەکەر و زمانی دوێنەر، یان بەکارهێنانی شێوازی مۆنۆلۆگ و پێشخستن و دواخستنی کات و دروستکردنی شوێنی خەیاڵی و فەنتازی.

دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم، نووسەر و بیرمەند و ڕەخنەگری عێراقی کە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی ناسراوە و نووسین و لێکۆڵینەوەی زۆری لەبارەی ڕۆمانەوە هەیە، دەڵێت: بێگومان ئێستا (ڕۆمان) ئەو هونەری گێڕانەوەیەیە کە توانای گواستنەوەی ئاڵۆزی و بارگرژییەکانی ناخی کۆمەڵگای ئێمە و بەشێوەیەکی گشتیش هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی هەیە.

ڕۆمان بەراورد بە شیعر، هونەرێکی نوێیە، تەمەنی لە چوار سەدە تێناپەڕێ، بەڵام بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەی کرد و شێوە و جۆرەکانی لق و پۆپی لێ بووەوە و وەکو ئامرازێکی سەرسوڕهێنەری گوزارشتکردن، بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە.

ڕۆمان لە ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە گونجاوترە بۆ چوونە ناو شوێنە تاریک و نادیار و داخراوەکانی دنیا، بۆ ئاشکراکردنی ئەو شوێنانەی کە لە کۆمەڵگادا پێویستە ئاشکرا بکرێن و چاوی مرۆڤ لە واقیعدا نایانبینێ، یان واقیع ناتوانێ ئاشکرایان بکات.

دیارە وەکو هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، ڕۆمانیش چەند سیما و خەسڵەتێکی سەرەکی هەیە کە پێی دەناسرێتەوە، دەکرێ چوار خەسڵەت و سیما وەکو سیمای سەرەکی ڕۆمان باس بکرێن، لەوانە:

1- شێوازێکی ئەدەبییە کە پشت بە گێڕانەوە دەبەستێ و کەسێک (وەگێڕ-الراوی) دەیگێڕێتەوە و بەوە لە شانۆ جیا دەکرێتەوە کە شانۆگەری لە میانەی قسە و کرداری کەسایەتییەکانەوە بابەتەکان دەخاتەڕوو، بەڵام ڕۆمان لەمیانەی قسە و وشەدا ڕووداوەکان دەخاتەڕوو.

2- لە چیرۆک و کورتەچیرۆک درێژترە و کاتێکی زەمەنیی زیاتر دەگرێتەوە و ژمارەی کاراکتەرەکانی زیاترن.

3- بە زمانێکی پەخشانئامێز دەنووسرێت، زمانێک کە نە هی گشت خەڵکە و نە زمانێکی شیعریی پوختیش، بەڵکو زمانێکە لەم نێوانەدایە.

4 - ڕووداوەکانی لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیا تێکەڵ دەکرێت و بەمەش لە مێژوو و یاداشتنامە جیا دەکرێتەوە، کە مێژوو و یاداشتنامە ڕووداوی ڕاستەقینە دەگێڕنەوە و باسی خەڵکی ڕاستەقینە دەکەن.

هەروەها وەکو هەر ژانرێکی دیکەی ئەدەبی، ڕۆمانیش چەند ڕەگەزێکی سەرەکی هەیە کە بەبێ ئەو ڕەگەزانە ناتەواو دەبێت، بەڵام ئەم ڕەگەزانەش جێگیر نین و ڕەخنەگر و توێژەران هەریەکە بە شێوازێک دایدەڕێژێ، بە گشتی ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆمان ئەمانەن:

### *کەسایەتی

کەسایەتی لە ڕۆماندا ئەو ڕەگەزەیە کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و ڕەوتی ڕووداوەکان دەجوڵێنێ، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕووداوەکان، لەناوکەسایەتییەکانیشدا کەسایەتی سەرەکی و کەسایەتی لاوەکی هەن، کەسایەتی سەرەکی بە پاڵەوانی ڕۆمانەکەش ناودەبرێ، پاڵەوان پەیوەست نییە بەوەی کە گوزارشت بێ لە کەسایەتییەکی بە دەسەڵات یان دەوڵەمەند و پارەدار، بەڵکو دەشێ کەسانی لاواز و بێ دەرەتان و منداڵانیش ببنە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان.

### *گرێچنی

ڕۆیشتنی ڕووداوەکانە بەرەو چارەسەری کێشە و گرفتەکان و کردنەوەی گرێیەکانی ناو ڕۆمانەکە.

### * بابەت، یان ڕووداو

ئەو بەها و کردار، یان بابەتانەیە کە لە ڕۆماندا دەخرێنەڕوو، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە لە دەوری ئەو ڕووداو و بابەتانە دەخولێتەوە.

### * کات

توێژەرانی بواری گێڕانەوە، باسی ئەوە دەکەن کە لە ڕۆماندا سێ جۆر کات و سەردەم هەن و ئەم کاتانە بەردی بناغەی ڕۆمانن:

1- سەردەمی ڕۆمانەکە و ئەو کاتەی ڕۆمانەکە باسی دەکات.

2 - سەردەمی نووسینی ڕۆمانەکە لەلایەن نووسەرەوە.

3 - سەردەمی خوێندنەوە، واتا ئەو ماوەیەی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی تەرخان دەکات.

### * شوێن

پێویستە ڕۆماننووس ورد بێ لە دیارکردن و وەسفی ئەو شوێنەی بۆ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی دیاری دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر لەگەڵ ڕووداوەکان بژێت، زۆرجار وا پێویست دەکات ڕۆماننووس سەردانی ئەو شوێنانە بکات کە دەیەوێ بیانکاتە بابەتی ڕۆمانەکەی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەک شوێنەکان تەوزیف بکات کە خوێنەر وا هەست بکات خۆی ئەم شوێنانەی بینیوە. هەندێ جار ڕۆماننووس پێویستی بەوەیە شوێنی فەنتازی بخولقێنێ و لەم حاڵەتەشدا دەبێ وردبێ لە دروستکردنی شوێنەکان، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەر هەبێ.

***

ئەگەرچی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەرقاڵبوونی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنە بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان، زۆر جار باسی ئەوە دەکرێت کە سەردەمی ڕۆمان بەسەر چووە، بەڵام هێشتا بۆ ئەوەی مرۆڤ جار بە جار هەناسەیەکی ئارامیی هەڵمژێ و لەم ژاوەژاوەی دنیا دووربکەوێتەوە، پێویستی بە خوێندنەوەی ڕۆمان دەبێت و بەهۆیەوە دەتوانێ پشوویەک بدات و بچێتە ناو دنیایەک کە لەم دنیا پڕ کێشە و پڕ گرفتە واقیعییەی ئێمە، بێ کێشەترە و هەناسەیەکی ئاسوودەیی تێدا دەدات.

**سەرچاوەکان:**

1 - الموسوعة العربية العالمية، مجلد 11، مؤسسة أعمال الموسوعة للنشر و التوزيع، ط2، 1999.

2 - ئەدەب و دیالۆگ.. کۆمەڵێ گفتوگۆی ئەدەبی- وەرگێڕانی: سەنگەر زراری، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ1. 2011.

3 - في نظرية الرواية.. بحث في تقنيات السرد- د. عبدالملك مرتاض، عالم المعرفة، كويت، 1998.

4 - عناصر الرواية- يسري الخطيب، موقع: الامة.



# سزا و ئەشکەنجە لەسایەی ئیسلامدا



حەمەسەعید حەسەن

(2)

ئەدۆلف هیتلەریش هەمان گرێی (زیاد بن ئەبیە)ی هەبوو، چونکە ئەوە مەعلووم نەبوو، کێ باوکیەتی، هەستی بەوە دەکرد، کەسێکە نەفرەتلێکراو، بۆیە وەک کانگای ڕقی لێ هاتبوو. کەسێکی نەداری وەک هیتلەر، دەبوو خۆی لە سەنگەری چەپدا ببینێتەوە، بەڵام کە چەپەری دژایەتیکردنی چەپی هەڵبژارد، لە سۆنگەی ئەوەوە بوو، چەپەکان ئینتەرناسیۆنالیست بوون، دژ بە شۆڤێنیزم و ڕەگەزپەرستیی ئەڵمانیایی بوون. هیتلەر لەڕووی سێکسیشەوە کەسێکی ئاسایی نەبوو، پێوەندیی سێکسی بە خوشکەزایەکییەوە هەبوو.

هیتلەر چونکە پەروەردەی کولتووری زەبروزەنگدۆستی بوو، خۆبەخشانە پێوەندیی بە لەشکرەوە کرد، توانای ئەو وەک خوێنڕێژێک کاتێک بەدەرکەوت کە گرووپی (باسکی پتەو)ی بۆ پاراستنی کۆبوونەوەکانی حیزبی نازییەکان پێک هێنا و ئەو گرووپەی بۆ پەلاماردانی چەپ و کۆمۆنیستەکان خستە گەڕ. بۆیە قوربانییەکانی ئەو جەنگانەی هیتلەر هەڵیگیرساندن، بە میلیۆنان ئینسان بوون، چونکە تەکنەلۆژیای لە خزمەتی کوشتوبڕدا بەکار هێنا. حەججاج لە هیتلەر دڵۆڤانتر نەبوو، بەڵام لە شیر و تیر و مەنجەنیق بەولاوە، هیچی دیکەی شک نەدەبرد، نەیارانی پێ قەلاچۆ بکات.

ئەوە مشتومڕ هەڵناگرێت، ئەوی لەلایەن کۆمەڵەوە نەفرەتی لێ بکرێت، ئەگەری ئەوە بەهێزە، سڵ لە بەکارهێنانی زەبروزەنگ نەکاتەوە، بەڵام خۆ حەججاج، وەک زیادی بن ئەبیە و هیتلەر نەبوو، دیاربوو کێیە باوکی و پێوەندیی سێکسیشی لەگەڵ (مەحرەم)دا نەبوو، کەچی سڵێشی لە کۆمەڵکوژی نەدەکردەوە. حەججاج جەللادێک بوو، شەریعەتێکی شک دەبرد، بگەڕێتەوە کنی، ئەگەرنا بایەخی بە گوتەی ئەنەسی کوڕی مالیک نەدەدا، بەڵام هیتلەر کە بڕوای بە هیچ شەریعەتێکی ئاسمانی یان زەوینی نەبوو، تا قوربانییەکانی وەبیر بهێنێتەوە، گوتوویەتی: (بریا لەشکرەکەم سەر بە ئایینی ئیسلام بووایە، ئەوسا بێ بەزەیی و بێ دوودڵی زەبری دەوەشاند.)

حەسەن ئەلبەننائی دامەزرێنەری ئیخوانیش، ئەوەندە بە هیتلەر سەرسام بووە، ئیلهامی لۆگۆی حیزبەکەی کە دوو شمشێری یەکتربڕە، لە دوو خاچە خواروخێچەکەی، لۆگۆی باڵی سەربازیی حیزبەکەی هیتلەرەوە بۆ هاتووە. وەک چۆن نازییەکان، (ئێس ئێس)یان هەبوو بۆ کوشتوبڕ، ئیخوانیش ڕێکخستنی نهێنیی هەبوو بۆ تیرۆر.

حەججاجی دیندار، موریدی خەلیفەی ئومەوی بوو، هیتلەری لادین شوێنپێی نیتشەی هەڵگرتبوو، نیتشەیەک کە جاڕی مەرگی خوای دابوو. حەججاج پێی وابوو، پردی بەرەو بەهەشت، بە لاشەی لەژمارە نەهاتووی نەیارانی خەلیفەی ئومەوی ڕۆ دەنرێت، با نەیاران سەر بە نەتەوەکەی خۆیشی بن، بەڵام هیتلەر زیاتر دەستی لە جوولەکە و قەرەج و غەیرە ئەڵمان دەوەشاند. هیتلەر و حەججاج دوو جەللادی لەڕووی ئاکار و شارستانییەوە مایەپووچ بوون، هیچ خزمەتێکیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی نەکرد. هیتلەر کەسێک بوو، پڕ بە پێستی مانای وشەکە، فاسیق بوو، بەڵام حەججاج، هەموو ئەرکە ئایینییەکانی جێبەجێ دەکرد، سەری چووبا، نوێژی نەدەچوو، شەرابی نەدەخواردەوە، سەیری سەمای سەبایای نەدەکرد و توخنی زینا نەدەکەوت. وەک چۆن ئەڵمانیا دووی هیتلەر کەوتبوو، شامیش حەججاجی بە فەریادڕەس دەزانی. هیتلەر گەورەشاعیری وەک عەزرا پاوەند و فەیلەسووفی وەک مارتین هایدگەری لە پشت بوون، حەججاج هەر (جەریر)ی شاعیری دەرباری ئومەوییەکانی شک دەبرد.

دیل یان دەستگیرکراو، بە مەبەستی تۆڵە لێ سەندنەوە، یان بۆ ئەوەی دان بە شتێکدا بنێت، ئازار و ئەشکەنجە دەدرێت. لای ئیسلام، ئەهلی دۆزەخ، لەڕێی سووتاندن، تینووکردن و برسیکردنەوە ئەشکەنجە دەدرێن. دەسەڵات کە بنکەیەکی جەماوەریی بەرینی نەبێت، ترسی لە ڕابوونی خەڵک هەیە، بۆیە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی، ڕێی ئەشکەنجەدانی هاووڵاتییان تاقی دەکاتەوە. مەعاویە کە گوێی بە شەرع نەدەدا و سەرقاڵی سەپاندنی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی خۆی بوو، یەکەمین خەلیفە بووە، لەڕێی ئەشکەنجەدانەوە، خەڵکی سەرکوت کردووە.

مەعاویە بۆ کپکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکانی عێراق، (زیاد بن ئەبیە)ی باوک نادیاری نەفرەتلێکراوی بە والیی کووفە و بەسرە دیاری کرد کە ئەوسا هەموو عێراقیان پێک دەهێنا. زیاد لە بواری تۆقاندندا، خاوەنی بەهرە بوو، بۆیە بوو بە نموونەی باڵای ئەو ستەمکارانەی لە دوای خۆیەوە هاتن. زیاد گەلێک ڕێکاری تۆقاندن و سەرکوتکردنی داهێنا کە دەسەڵاتی ئیسلام، بە درێژایی دیرۆکی خۆی، پێڕەوی کردن، لەوانە: قەدەغەکردنی هاتوچۆ، کوشتنی ئەم و ئەو تەنیا لەسەر گومان، کوشتنی بێ تاوان بۆ ترساندنی تاوانبار تا نهێنییەکان بدرکێنێت، کوشتنی ژن و بڕینی زمان کە دژوارترینیان بوو. وەک تەبەری دەیگێڕێتەوە، (سەمرەی کوڕی جەندەب)ی یاوەری پەیامهێن و نوێنەری زیاد لە بەسرە، هەشت هەزار کەسی کوشتبوو، بێ ئەوەی تاوانیان لەسەر ساغ بووبێتەوە.

حەججاج لە زیادیشی تێپەڕاند، نواندنی زەبروزەنگی کردە نەریتێکی باو کە ڕۆژانە پاتە دەبووەوە. هەر کەسی گرتبا، ئەشکەنجەی دەدا، لە خۆڕا خەڵکی دەکوشت، بە شیر سەری قوربانییەکانی دەبڕی و ئەوی ناسراو بووایە، دوای سەربڕین، لە خاچیشی دەدا، (مەیسەمی سەممار)ی وا لێ کرد کە هاوڕێی عەلی کوڕی باوکی تالیب بوو. لە سەردەمی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا، زەبروزەنگ پشوویەکی کورتی وەرگرت، لەسەر دەستی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکدا، دیسان کەوتەوە کار، بانگخوازێکی شیعەی خەڵکی کووفە کە پاشناوەکەی ئەلعەجلی بوو، بە زیندوویی ئاگری تێ بەر درا. بەپێی گێڕانەوەی تەبەری کە جێی متمانەی موسوڵمانانە، ژمارەی قوربانییەکانی دەستی ئەبوو موسلیمی خوراسانی لە پیاو و ژن و مێردمنداڵ، لە شەش سەد هەزار کەس کەمتر نەبووە.

عەبباسییەکان گومانیان لە گوێڕایەڵیی کوڕێژگەی پێنج بستی هەبووایە، دەیانکوشت. مەنسوور، عەلەوییەکانی زیندەبەچاڵ دەکرد، زۆر جار کە قوربانی لەتوپەت دەکرا، هەر بەوە لێی نەدەگەڕان دەست و قاچی ببڕنەوە، کار گەیشتە ئەوەی قوربانییان بە چەقۆی کول دەکوشت، نەک بە شیری تیژ. ددانت بە تاوانێکدا کە نەتکردووە، نەنابا، ئەشکەنجە دەدرایت، باجیشت نەدابا، هەر ئەشکەنجە دەدرایت، ئیدی یان بە قامچی لێیان دەدایت، یان بە کوتەک. لەسەر دینی ئیسلام نەبوویتایە و لەسایەی حوکمی ئیسلامدا ژیابای، دەبوو ملکەچانە، سەرانە بدەیت، نەتدابا، ئەشکەنجە دەدرایت. لە سەردەمی عەبباسییەکاندا، فەرماندە تورکەکان کەیفیان بە خەلیفەیەک نەهاتبا، نابینایان دەکرد، ئیدی پۆستەکەی لە دەست دەدا، ئاخر نەدەبوو خەلیفە کەمئەندام بێت.

سەرخۆش قامچیی لێ دەدرا، زیناکاری بێ هاوژینیش هەروەها، بەڵام زیناکارێک هاوژینی هەبووایە، سەنگباران دەکرا. سزای دز، بڕینەوەی دەست بوو، جەردە هەر چوارپەلیان دەبڕییەوە و لە خاچیشیان دەدا. لە سەروەختی پەیامهێندا، بە فەرمانی زەیدی کوڕی حاریسە، ژنێکیان بە دوو ئەسپەوە بەستەوە، هەتا مرد، ئەسپەکان هەر ژنەیان ڕادەکێشا. ئەوەی سەری سەربازی سەرپێچیکار پاک دەتاشرێت، بۆ سەردەمی فتووحات دەگەڕێتەوە، ئەوسا جەنگاوەر لە شەڕ هەڵاتبا، سەر و ڕدێنیان دەتراشی. لە قەڵەمڕەوی (بوشر)دا کە برای عەبدولمەلیک بوو، جەنگاوەر هەڵاتبا، هێندە بڵندیان دەکردەوە کە پێی نەگاتە زەوی، ئەوسا هەردوو دەستیان بە بزمار بە دیوارێکدا دادەکوتا، ئیدی یان بزمارەکان دەستیان دوو لەت دەکرد و بەر دەبووەوە، یان هەر بە هەڵواسراوی دەمرد. دێرینترین شێوازی ئەشکەنجەدان ئەوەبوو، قوربانییان لە چلەی هاویندا، دەدایە بەر هەتاوی ڕۆژی نیوەڕۆ، ئەگەر باجی نەدابا، یان کۆیلە بووایە و هەڵاتبا. ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لە جاهیلییەوە بۆ ئیسلام مابووەوە.

2016/6/2
هەولێر

(*) هادي العلوي، من تأريخ التعذيب في الإسلام، دار المدي، الطبعة الخامسة 2014 بغداد.
(**) حامد عبدالصمد، في الفاشية الإسلامية.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# ڕێگاکانی بەردەم پارتی

1

پارتـی لـە کاتێکـدا کـە هیـچ دیدگایەکی روونـی بۆ چۆنیەتـی ئەنجامدانـی ریفراندۆم لە کوردستان نەخستووەتە روو، فکری سەربەخۆیی و راگەیاندنـی دەوڵەتی لە دروشـمەوە بردووەتە واری جێبەجێکـردن، بـەڵام چـۆن؟ سـەرباری ئەوەی هەموو لایەنەکان لە کوردسـتان لەسـەر مەسـەلەی ریفرانـدۆم و مافـی سـەربەخۆیی کوردسـتان کۆکـن، بەڵام (تا ئێسـتا کە چەند مانگێکی کەمی ماوە بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و، قەرارە ریفراندۆمەکە پێش ئەو وادەیە ئەنجام بدرێت)، هیچ زەمینەسازییەکی یاسایی، سیاسی و لۆجستیکی بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوە. هێشتا دیار نییە لە ریفراندۆمەکەدا چ پرسـیارێک لە خەڵکی کوردسـتان دەکرێـت؟ ئایا کەرکووک بەشـدار دەبێت لە کاتێکـدا دەنگۆی هەرێمی سـەربەخۆی کەرکووکیـش لـە ئارادایە؟ ئایا سلێمانی، گەرمیان و هەڵەبجە بەشدار دەبن؟ ئایـا حیزبەکانی بەرامبـەری پارتی و وڵاتانی ئیقلیمی ڕێگە دەدەن ئەو دەستکەوتە گەورەیە بچێتە ناو مێژووی پارتی و بارزانییەوە؟

لـەو رووەوە بـێ ئاسـاییکردنەوەی بـاری ناوخۆی کوردسـتان و تەنانەت پارتیش (کە لەنـاو پارتیشـدا دوو روانـگای تـەواو جیاواز هەیە)، ئەنجامدانی ریفراندۆم و دوورخستنەوەی لە پرۆژەیەکی نیشتمانییەوە بۆ دەستکەوتێکی حیزبی مەحاڵە.

بارزانـی و پارتی، ناوەندی دروسـتکردنی خیتابی سیاسـیی کوردسـتانن و لـە هەموو روویەکـەوە گەورەترین بەرپرسـیارێتییان لە ئەسـتۆیە، بۆیـە ناتوانن بە تاقـی تەنیا ئەو وێستگە گرنگە دەرباز بکەن.

پارتـی دەبـێ ئـەوە قەبـوڵ بـکات کـە سـەردەمی مـام جـەلال کۆتایـی هاتـووە و خەلیفەکانـی ئیبراهیـم ئەحمـەد لەبەرامبەر پارتیـدا یەکیـان گرتووە. بۆیـە دەبێ لەگەڵ ئەو بەرە تازەیەدا لە سـفرەوە تێهەڵبچێتەوە. پێداهەڵگوتـن و مـەدح و سـەنای مام جەلال و سیاسـەتەکانی (کە لە یـادی دامەزراندنی یەکێتیدا بە گوتاری پارتییەوە دیار بوو) ئیتر دادی پارتـی نادات. بـە پێچەوانەوە دەبێ بە میتۆدێکی جیـاواز (تەنانەت جیـاواز لەوەی کە مسـتەفا بارزانی بەرامبـەر باڵی مەکتەب سیاسی پێڕەوی کرد)، کێشەکانی خۆی لەگەڵ گـۆڕان و یەکێتی چارەسـەر بـکات، چونکە خۆشباوەڕییە کە کورد پێیانوابێت کوردستانی باشوور ئێسـتا یەکپارچەیە! بەکردەوە ئێستا کوردسـتان نـەک دوو ئیدارەیـە، بگرە سـێ ئیدارەشە (بە کەرکووکەوە). بۆیە ئەنجامدانی ریفرانـدۆم لەو کەشـوهەوایەدا چۆن دەکرێ و چی لێدەکەوێتەوە؟ وەڵاهوئەعلەم.

## مەلا هاتە دەنگ

2

پەیامەکـەی مـەلا بەختیار (کە نە بەشـداریی مەراسیمی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی گۆڕان و یەکێتی کـرد و نە ئامادەی یادی 41 سـاڵەی دامەزراندنی یەکێتی بوو) بە ئاشکرا پەردەی لەسەر ناڕەزایەتی بەشـێکی سـەرکردایەتی یەکێتی لـە ئیمزاکردنی ڕێککەوتـن لەگـەڵ بزووتنەوەی گـۆڕان هەڵماڵی. ئەڵبەتـە ئەوە تەنیا مەلا بەختیار نییە کە ناڕازییە (ڕەنگبـێ ناڕەزایەتییەکـەی ئـەو جیـاواز بێت)، کەسانێک هەن کە پیرۆزبایی دەکەن و بە شانوباڵی ڕێککەوتنەکەشـدا هەڵدەڵێـن، بـەڵام لـە ناخەوە باوەڕیان پێی نییە.

لـە چـوار سـاڵی رابـردوودا و بـە تایبەتیـش دوای کۆتایـی تەمەنـی سیاسـیی مـام جـەلال و دوورکەوتنەوەی هەردوو جێگرەکەی، مەلا بەختیار و بازنەیەکی بچووکی خانەوادەیی، بوونە ناوەندی بڕیاری یەکێتی. مەلا بەختیار، ماندووبوونێکی بێ وێنـەی خەرج کرد تا جڵـەوی یەکێتی نەکەوێتە دەسـت جێگـرەکان و دەسـەڵات لای بنەماڵـە بمێنێتەوە. هاوکات موستەحەقاتی یەکێتیش لای پارتی دەستەبەر بکات. لە بەرامبەردا بنەماڵە، بە ڕێککەوتنێکی دوو قۆڵی (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و نەوشیروان مستەفا)، بەڕەیان لەژێر پێی ئەو و زۆری دیکـەی ناو یەکێتی و گـۆڕان دەرهێنا. بە لەبەرچاوگرتنی قینی مێژوویی نێوان مەلا بەختیار و نەوشیروان مستەفا، گۆڕینی ناوەندی بڕیار، لە ڕەنج بەخەسـاری زیاتر هیچی بـۆ مەلا بەختیار نەهێشـتووەتەوە. هەندێـک کـەس ناڕەزایەتیی مەلا بەختیار و بەشێک لەسەرکردایەتیی یەکێتی وەک تاکتیکێک تەماشـا دەکـەن و پێیانوایە کە یەکێتـی هەموو هێلکەکانی خۆی نەخسـتووەتە سـەبەتەی گۆڕانەوە و ڕێگەیەکـی بۆ لای پارتی هێشتووەتەوە. بەتایبەتیش کە مەلا بەختیار بەم دواییانە سـەرکردایەتیی شـاندی یەکێتی دەکرد بۆ پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی. بەڵام هەرچییەک و هەرچۆنێک بێت، هۆشدارییەکان و تۆمەتەکانی ناو پەیامەکەی مـەلا بەختیـار زۆر جددیـن، بـە تایبەتیش کە هەڵوەرینی سیاسـی لەنـاو بزووتنـەوەی گۆڕان دەسـتی پێکـردووە و ڕەنگبـێ هەمـان پەتاش بەرۆکی یەکێتی بگرێت.

## داواکاری (هەولێر) و داواکاری (سلێمانی)!

3

قسـەیەکی بەناوبانـگ هەیـە دەڵـێ: "یاسـاکان لەلایـەن دزە گەورەکانـەوە بـۆ گرتنـی دزە گچکەکان دادەنرێـن". ڕەنگبێ زۆربـەی حوکمـی یاسـاش لە کوردسـتان بەرجەسـتەکردنی ئەو عیبارەیەی سـەرەوە بێـت. داواکاری گشـتی لـە وڵاتـان، ڕۆڵی ویژدانـی کۆمەڵایەتـی دەبینـن و لانیکـەم بەشـێوەیەکی نیمچـە سـەربەخۆ (چونکە سـەربەخۆیی دەسـەڵاتی دادوەری لـە هەمـوو شـوێنێک جێگـەی موناقەشـەیە) لـە دەسـەڵاتەکانی دیکـە، هەوڵـی بەرجەسـتەکردنی دادپەروەریـی دەدەن. مەخابن لە کوردسـتان ئەم دەسەڵاتە، جگە لـەوەی تەنیـا دەرەقەتـی ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیـران دێت، بووەتـە دامەزراوەیەکی تەواو سیاسی و تەنانەت سیفەتی (گشتی) یشی نەماوە.

داواکاری هەولێـر، داوای وەرگرتنـی ئیفـادەی نەوشـیروان مسـتەفا دەکات و داواکاری سـلێمانیش هی مەسـعود بارزانی! لـە کاتێکدا خۆیان سـوور دەزانن، هیچکام لەوانـە قـەت ئامادە نابـن (تەنانەت ئەگەر سـەمبۆلیکیش بێت) بچنە بەردەم داواکاری گشـتی و ئیفادە بدەن. بۆیـە ئەو حەرەکە سیاسـییە، هێنـدەی دیکـەش ئابـڕووی دەسەڵاتی دادوەری دەبات و هیچ هەیبەتێکی لای خەڵکی کوردستان بۆ ناهێڵێت.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# حیکایەتی سەرۆکی بێ شەریک

دوو سـاڵ لەمەوبەر بابەتێکم لەسەر داهاتووی رەشی وڵاتانی خاکی ئیسلام بڵاوکردەوە و یەکێک لەو خاڵانەی بە وردی لەسەری وەستام، حیکایەتی سـەرۆکە لە یادەوەریی کۆلێکتیڤـی ڕۆژهەڵاتیدا. پاش گەڕانەوەی بەڕێز سـەلاحەدین بەهائەدین بۆ لووتکەی دەسـەڵات لە حیزبەکەیدا، جارێکی دی، گەڕامەوە سەر خوێندنەوەی سامبۆلی سەرۆک (لە هەمـوو فۆرمەکانیدا) و حیکایەتەکەی لای ئێمەی ڕۆژهەڵاتی.

ئەو سـەرۆک و پادشـا و ئەمیر و سـوڵتان و نوخبانـەی کـە دەوڵەتەکانـی خاکـی ئیسـلام بەڕێوەدەبـەن، کۆمەڵـێ سیسـتمی سیاسـییان دروسـتکردووە کـە لێوانلێـون لـە پـرۆژەی تەواونەکراو، کاروانی بە هەوارنەگەیشتوو، بەڵێنی جێبەجێنەکـراو، خەونـی بیناکراو لەسـەر درۆی گـەورە، بەڕادەیەک کە چیدی شـتێک نادۆزیتەوە ناوەڕۆکێکی دەسـتلێگیرکراوی مانـاداری هەبێت، جگـە لـە هەموو شـتێک لـە پێناوی مانـەوە لە دەسەڵاتدا.

لـەم کۆڵانـە داخراوانەدا، ئیدی چەقبەسـتن، خۆدووبارەکردنەوە، خۆبەرهەمهێنانەوە، مەنگبوون لەبـری کرانەوە، بەرهەمهێنـان، داهێنان، جووڵان بۆ پێشـەوە، دەبێت بـە "قاعیدە"یەکی جێگیری گشـتێنراوی ڕێزلێگیـراو. لـە دۆخێکـی ئـاوادا، سەرچاوەکانی شەرعیەت بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، شـەرعیەت بۆ کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی دەوڵەت، شـەرعیەت بـۆ مۆنۆپۆلی زەبروزەنگـی ڕەمزی و فیزیکی، کاڵ دەبێتەوە و کرانەوە سـنووردارەکان بەسـەر پرۆسـەی هەڵبـژاردن و ململانـێ کۆنترۆڵکراوەکانـی هێـزە دەسـتەمۆکراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ناتوانن تۆخی بکەنەوە!

یەکێک لەو داتـا بەهێزانەی کە دەمانبەنەوە سـەر ئەم کۆڵانـە داخراوانەی ڕژێمەکانی خاکی ئیسـلام، بێگومـان بـە کوردسـتانی عێـراق و تورکیاشـەوە، بریتییـە لـە درێژبوونـەوەی حیکایەتی سـەرۆکی بێ شـەریک، بێ ڕکابەر، بـێ بەرامبـەر، واحیـدە بەنێـو مێژووەکانـدا، بریتییە لە کۆی ئەو ئەفسانانەی کە بەدەوری کەسـایەتییەکی دیاریکـراودا دروسـت دەکرێت و پاشـان وەک حەقیقەتێکـی واقیعی بەسـەر تـەواوی کۆمەڵـگادا دەگشـتێنرێت. لەنێو ئەم حیکایەتانەدا، سەرۆک لە هەمووومان حەکیمترە، زاناترە، عاقڵترە، سیاسیترە، ئازاترە و... بەبێ ئـەو وڵات ئاو دەیبـات، بەبێ ئـەو ئەژدیهاکان دیـن و سـەرمان دەخـۆن، تا ئـەو مابێت هەر کەسـێک باسـی جێگاکەی بکات، ئەوە ناپاکی لـە مێژوو، لە کۆمەڵگا، لـە داهاتوو دەکات، تا ئەو مابێت، تا دوا نەفەس، تا سەر گۆڕەکەشی، هەر قسـەکردنێک لە جێگرتنـەوەی، نەک هەر موستەحیلە، بەڵکو لە هەندێک ڕووبەریشدا وەک "خیانەتـی عوزمـا/ ناپاکیی گـەورە" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ناپاکیەک کە دەتوانێت سەری خاوەنەکەی بگەیەنێتە بەر پەتی سێدارە، یاخود لە باشـترین دۆخدا، گەر نەشکوژرێت، بکەوێتە بەر نەفرەتێکی هەتاهەتایـی نێو پەراوێزەکانی لەبیرچوونەوە.

لە وڵاتێکی وەک عەرەبی سـعودیەدا، پادشا بەشـێکی گرنگی ژیانی لەنێو نەخۆشخانەکاندا بەسـەر دەبات و نەشـتەرگەرییەک تەواو نابێت دانەیەکی دیکـەی بۆدەکەن، کاتێک پێنج مەتر رێ دەکات، دەبێـت دوو کەس لەژێر باڵیدا بن، کاتێک دوو دەقە قسـە دەکات، مێشـکت جام دەبێـت تا لێی تێدەگەیت، بـەڵام ئەو هەر ئەو پادشا قارەمانەیە کە هاوشێوەی نییە.

لـە جەزائیـر، سـەرۆک هەفتەیـەک لـە کۆشکەکەیدایە و هەفتەیەک لە نەخۆشخانەکانی فەرەنسـادا و ئەویـش نەشـتەرگەری لـە دوای نەشتەرگەری بۆ دەکرێت. ئەم سەرۆکە، تەنانەت لـە کاتی هەڵبژاردنەوەشـیدا بۆ جـاری چوارەم لـە فێبریـوەری 2014، نەیتوانـی لەبـەردەم جەماوەردا وتارێکیش بخوێنێتەوە، بەڵام ئەو هەر «سـەمامی ئەمان» و باوکی گەل و سەرچاوەی سەقامگیرییە.

لە تورکیا، مستەفا کەمال، بە مردووییش هەر دەپەرسترێ، لە کوردستان ئۆجەلان و تاڵەبانی و بارزانی و نەوشیروان مستەفا و تەنانەت عەلی باپیریش، جا ئیتر وشیارانە بێت یان ناوشیارانە، لەسەر هەمان مۆدێل بینای کەسایەتی سیاسیان و جوڵانەوەیـان لەنێـو مێژوودا کـراوە. کاتێک سەلاحەدین بەهائەدین، کە لەنێو هەمان مۆدێلدا کەسـایەتییە سیاسـییەکەی دەقـی گرتـووە، بەشێوەیەکی ئیستیسـنائی، واز لە پۆستەکەی دەهێنێت، ئیدی بۆشاییەکی گەورەی وا لە ڕۆحی سیاسی یەکگرتوودا بەجێدەهێڵێت کە گریمانەی دڕانی وەک لاپەڕەیەکی ناسک هەمیشە لێرە بێت و لەکۆتاییدا دەبێت وەک فریادڕەسێک بێتەوە و ماڵەکەی یەکگرتوو لە پەرتەوازەیی بپارێزێت! کە تاڵەبانی نەخۆش دەکەوێت و دواتر بەشێوەیەکی پراکتیکی توانای بەڕێوەبردنی یەکێتی نیشمانی نامێنێت، ئیدی ئەم حیزبە کە تەواوی سەرچاوەی شەرعیەتی سامبۆلەکانی وجودی لە تاڵەبانییەوە وەردەگـرت، رووبـەڕووی سـەختترین قەیـران دەبێتـەوە کە هەڕەشـە لە بوونی وەک کیانێکی سیاسی دەکات. بەدیوێکی دیکەشدا، قسەکردن لـە پارتی دیمۆکراتی کوردسـتان بەبێ بارزانیی یەکـەم و بارزانیی دووەم و بارزانیی سـێیەم کە بەڕێوەیە، شتێکە لە موستەحیل.

ئایـا بە مردنی سـەرۆک، پادشـا، ئەمیر و سـوڵتان، ڕژێمە ئۆتۆریتێرەکانی خاکی ئیسلام کۆتاییان دێت؟

کـەم نین ئەو ڕۆژنامەنـووس و دیپلۆمات و چالاکوانانـەی کۆمەڵـگای مەدەنـی کـە گرەو لەسـەر نەوەیەکی نوێ لە دەسـەڵاتدار دەکەن و هـەر لە گۆشـەنیگای گۆڕانکاریـی نەرمەوە پێیانوایـە، بەگۆڕینی دەموچـاوەکان، دەکرێت سیاسـەتەکانیش بگۆڕدرێن، بەڵام لەڕاسـتیدا، واقیعی دەوڵەتەکانی خاکی ئیسلام بەپێچەوانەی ئەم چاوەڕوانیانەوە دەجوڵێتەوە.

لـە بەشـی هـەرە زۆری ئـەو وڵاتانـەدا کە کەسـی یەکەمی دەسەڵات دەمرێت، ڕاستەوخۆ کوڕێـک لە کوڕەکانی، یـان ئەندامێکی دیکەی خانەوادەکـەی، جێـگای دەگرێتـەوە. لـەم خەیاڵدانە سیاسیەدا، کورسی دەسەڵات دروست وەک موڵک وایە و بە میرات لە باوکەوە بۆ کوڕ بەجێدەمێنێ. خراپتر، دەسـەڵات ئەو میراتەیە کـە دابەش ناکرێـت، چونکە تەنیا بـەو کوڕە دەدرێت کە خودی سەرۆک بۆ قۆناغی پاشخۆی دەستنیشانی کردووە.



عەبدوڵڵا عالایی
abdullahalayi@gmail.com

# موسڵمانی دژە قورئان لە ڕەمەزاندا

بـە شـێوەیەکی هەمەکی، لە یادگـەی هەموو موسڵمانێکی باودا، ئەوە چەقیوە کە - زۆرلێکردن لـە دیندا نییە - و هەردەم وەک شـانازییەک، بە دەنگـی بـەرزەوە ئایەتـی (لا اکراه فـی الدین) دەچڕین.

ئەم ئایەتە، وەک هەبوونی خۆی لەنێو قورئاندا، مایـەی ئەوەیـە شـانازیی پێوە بکرێـت، بەوەی بنەوایەکی پتـەوی بۆ سەربەسـتیی بیروباوەڕی کەسـێتی و ئازادیی گشتی داناوە. ئەوەی بۆ من زێتر جێگەی تێڕامانە، ئەو ئایەتە "مدنی"ییە، یانی لـە قۆناغی ژینی مەدینەیـی، هاتووەتە دابەزین. بـەوەش ئەو بانگەشـەیە کپ دەبێتـەوە کە وای پێشـانداوە، هەرچی ئایەتی مەدەنییـە، دوور لە جوانی و تۆلێرانسە، چونکە قۆناغی دەستەڵاتییە. پێچەوانـەی قۆناغـی مەککەیـی کە سـەردەمی ژێردەستەیی بوو.

ئەم ئایەتە (لا اکراه فی الدین) ژمارەی 256ی سوورەتی (البقره)یە. شرۆڤەکارانی قورئان دەڵێن: ئەم ئایەتە، لە یەکێ لەم سێ بارەدا دابەزیوە:

یەک - یەکەم بار کە بە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە دانراوە، پێوەستی بە نەریتێکەوە هەیە، کە لەپێش هاتنی ئیسلام، لەنێو ئافرەتانی مەدینەدا، باو بووە. شرۆڤەکارانی قورئان دەڵێن: ئافرەتانی مەدینە، ئەوانەی منداڵەکانیان بە زیندوویی لەدایک نەدەبوون، نەزریان کردبوو ئەگەر منداڵەکانیان بۆ بژیێت، بیانخەنە سەر ئایینی یەکێک لە هۆزەکانی جوولەکە و مەسیحییەکانی مەدینە. (الطبري، جامع البيان، المجلد٣، ص٢١ ـ تفسير القران الكريم لابن كثير، المجلد١، ص١٩٨)

وێدەچێـت ئەم نەریتـە بـە ئەندازەیەکی زۆر بـرەوی لەنێـو مەدینـەدا هەبووبێـت. هـەروەک یەکێ لە جەنگە بەراییەکانی مێژووی ئیسـلام، لە دووی ڕووداوێکی پێوەسـت بەمەوە، ئەمە ڕۆشەن دەکاتـەوە، باس لـە تۆقدانی قەڵاتی خێڵی بەنی نەزیر لـە مەدینەدا دەکەم، لە چوارەمین سـاڵی کۆچی، ساڵی 625ی زایینی.

ناچمە نێـو وردەکارییەکانی ئـەو ڕووداوە، لە ژێدەرەکانی ئیسـلامی، بە چـڕی لێی هاتوونەتە دوان. ڕووداوەکـە بەهـۆی ناپاکیـی خێڵی بەنی نەزیر لە پەیمانی نێوان خۆیان و پەیامهێندا بوو، هەم هەوڵی کوشـتنیان دا، بەوەش موسـڵمانان، 15 ڕۆژ لەنێـو قەڵاتەکـەی خۆیان لە باشـووری مەدینـە، تۆقیان دان. دواتر بە بەجێهێشـتنی هۆزەکـە لە مەدینە، تۆقدانەکـە بە کۆتا هات. هەر لە بەرەنجامی ئەو ڕووداوەش بوو، پەیمانی مەدینە هاتە ئاراوە کە لە ئەدەبیاتی ئیسـلامی بە "دەستووری مەدینە" ناسراوە.

جا هێندێ لە موسڵمانەکان، بە پەیامهێنیان گوت: "ئەی پەیامهێنی خودا، منداڵ و براکانمان لەنێو ئەواندان" - أسباب النزول للواحدي، بيروت، عالم الكتب، ١٩٧٠، ص٥٨ -

هێندێ لە ڕۆڵەکانی مەدینە، لەسـەر دینی یەهوودی پێڕاگەیشـتبوون و دەگەڵ ئەو هۆزانە دەژیان کە لە منداڵییەوە لەخۆیانیان گرتبوون. ئا لە وەرامی ئەو پرسیارەی موسڵماناندا ئایەتی (لا اکراه فی الدین، قد تبین الرشـد من الغی) دابەزی. بەو واتایەی ئەو کوڕ و برایانە، خۆیان مانەوەیـان لەنێو ئەو هۆزەدا هەڵبـژاردووە کە ناپاکییان لە پەیامهێن کردووە. ئیتر پێویسـت ناکات زۆریان لێ بکەن.

سـیاقی ئایەتەکـە، گرنگییەکـی زۆری هەیـە، بـەوەی تەنانەت لـە باری شـەڕدا، لە سـاتی تۆقدانی هۆزێکی جوولەکەشـدا، هەموو زۆرلێکردنێکی دینی، ڕەتکراوەتەوە.

دوو - باری دووەم کە بە هۆکاری دابەزینی ئایەتەکە دانراوە، دەڵێن پێوەستیی بە ویستی هێندێ مەدینەنشینەوە هەیە، دەیانویست کوڕ و براکانیان کە لەنێو هۆزی (بنی قورەیزە) دەژیان، ناچاری هاتنە نێو ئیسلام بکەن. ئەو ڕیوایەتە، هەرچەندە لەچاو ڕیوایەتی هۆزی بەنی نەزیر، زۆر بە کەمی لەنێو ژێدەرە ئیسلامییەکاندا هاتووە، بەڵام چ ئاماژەیەکی بۆ هەبوونی دوژمنایەتی لەنێوان موسڵمانان و یەهوودییەکانی ئەم سەردەمە تێدا نییە. بەڵکە تەنێ باس لە ویستی موسڵمانە مەدینەییەکان بۆ هاتنی ناسیاوەکانیان بۆ نێو ئیسلام دەکات. ئا لێرەدا، وەحی دادەبەزێت و پێچەوانەی ویستی ئەوان، سەربەستیی پێوەستیی دینی، وەدەست خۆیان دەداتەوە. (سنن أبي داود، المجلد ٢، ص ٢٦٢ ـ ٢٦٣ )

سێ - باری سێیەم، دەڵێن بۆ کوڕێکی سەحابەیەک بەناوی (ابو الحصين) دەگەڕێتەوە، تاوێ بازرگانە مەسیحییەکان هاتبوونە مەدینە، بۆ نێو ئایینی مەسیحی بانگێشتیان کردبوو. ئیتر ئەویش بووبوو بە مەسیحی و دەگەڵیشیان ڕۆیشتبوو. کە باوکی ئەمەی زانی، داوای مۆڵەتی لە پەیامهێن کرد، تا شوێنیان بکەوێت و بۆ مەدینەیان بگەڕێنێتەوە. پەیامهێن ئەم ئایەتەی بۆ خوێندەوە (لا اکراه فی الدین قد تبین الرشد من الغی) وەختێ گوێی لەم ئایەتە بوو، وازی لێهێنان. (جامع البيان للطبري، مجلد٣، ص٢٢)

دابەزینی ئەم ئایەتە، بەگوێرەی سـەرچاوە سەرەکییەکانی شرۆڤەی قورئان، بۆ یەکێ لەم سێ بارە دەگەڕێتەوە. ئەگەر لە بۆنەی دابەزین (مناسبه النزول)یش بگەڕێین، پەیامی ئایەتەکە وەک خۆی، لووتکەی تۆلێرانسە. ئەم ئایەتە لە بەشی بەها و ئاکارە مرۆیی و ویژدانییەکانە، بان شوێنکاتە و، تا هەتا، شایەنی پیادەکردنە. وەک هێندێ ئایەتی وابەسـتەی شوێنکات - زمکان - نییە.

دەبینی موفەسیری ناودار (ابن کثیر) دەڵێت: "أي لا تكرهوا احدا علي الدخول في دين الاسلام، فإنه بين واضح جلي دلائله و براهينه لا يحتاج الي ان يكره احد علي الدخول فيه..." ـ ابن كثير، التفسير، المجلد ١، ص ٤١٦هەرچەندە هێندێ لەو زانایانەی باوەڕیان بە نەسخ هەیە، ئەو ئایەتە بە مەنسووخ هەژمار دەکەن، بەڵام لای هەردوو ئەو موفەسیرە دیارە - تەبەڕی و بن کەسیر - نەسخ نەبووەتەوە و هەرچەندە بۆ هۆکارێکی پێوەست بە یەهوودی مەدینە و مەسیحیی شامێ دابەزیوە، بەڵام پیادەکردنی، گشتگیرانە دەبێت. ـ الطبري، ج٣، ص٢٥ ، ابن كثير، ج١، ص٤١٧

ئەمـە وەک بنەوای قورئانـی - کە لە دیدی مـەی موسـڵماندا سرووشـی خوداییـە - وەها ڕێسـای دارشـتووە، بەڵام تاوێ بۆ پیادەکردن شـۆڕ دەبێتەوە، بەر لە هەر لایەن و کەسـانێ، ئەوە ئێمەی موسـڵمانان بووین، دژ بەو بنەوا قورئانییە وەسـتاین. هەر لـەو ڕۆژگارە زووەی ئیسـلامەتی، بەناوی دین، نەریتی فتووحاتمان دانـا و، چەندان نێوچـە و نەتەوەمان، ناچاری هاتنە نێو ئیسلامەتی کرد. تا ڕۆژگاری خیلافە ئیسلامییەکان و واوەتریش وەرە، لە سەردەمی نوێـدا بەنـاو رابوونی ئیسـلامی و، تراویلکەی دینی زۆرینە، دنیامان خسـتووەتە ژێر جەبری کولتووری و دینداریی خۆمان.

موسڵمانان لە ڕەمەزاندا بە میناک وەربگرە: تـۆ بەگوێـرەی ئـەو ئایەتـە، بنەوایەکـت بۆ داڕێـژراوە کە نابێت کەس ناچاری هاتن بۆ نێو ئیسـلام بکەیت وەک دین، چجای ئیسـلامەتی وەک دینـداری. کـە دین بنەچـەی خوداییە و دینداریـی فرەڕەهەندیی مرۆییە. ئەوان دێن، لە باری کەسـێتی، بە چاوی نزم لە هەرکەسـێک دەڕوانـن کە بەڕۆژوو نابێت.. بەپێی چەشـەی دیندارانەی خۆیان، باڵ بەسـەر فەزای گشتیی نێوچەکـەدا دەگـرن.. گوێی خەڵکـی ناچاری بیسـتنی هێنـدێ سـرووتی دینداریـی خۆیان دەکـەن کە لە بڵندگۆکان دەنگیان ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات.. هەرچی چێشتخانەی شارە، ناچار بە داخسـتن دەکرێت، بابای ڕۆژوونەگر، لە ماڵەوە هـەر بۆی نییە بخوا و بخواتـەوە، لە دەرەوەی ماڵێشـی هەروەتر... زۆر نموونـەی دیکەش.. دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئێمەی دیندار لە ڕەمەزاندا، لەڕێـی ڕەفتار و گوفتارەکانمان، بە رووکەشـی ئاکارمـان، دەمانەوێـت ئەوانـەی دیندار نین، ناچاری هاتنـە نێو دینداریی خۆمانیان بکەین. بە سـلووکی دەستەجەمعیی کۆمەڵگەدا، ئەوان تووشـی جەبری چەشـە و فیکری باو بکەین، کردووشـمانە. بە دیدی من، تەنێ پرسینی "بۆ بـەڕۆژوو نابیـت" لە کەسـی بەرانبـەر، خۆ بە خواکردنە، خۆهەڵقورتانە لـە پێوەندیی نێوان بەنـدە و خـودا، هـەم دژ بە پرەنسـیپەکانی سەربەسـتیی کەسـێتی و بنەوا ئازادییەکان و مافـی بەرایی تاکە، بـەر لە هەر چتێک، دژ بە بنـەوا قورئانییەکە، کە ڕێگری لە ناچارییکردن بۆ ئایین (دین) دەکات، کەچی بابای موسڵمان، ئەوی تر ناچاری ئایینداری (تدین) دەکات.

ڕاسـتینەی ڕاسـتیی دژێتیی موسـڵمان بە قورئان، بە ڕوونی لە ڕەمەزاندا، دێتە بەرچاوان.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# وێنەی راستەقینەی فەللووجە

پـاش ئۆپەراسـیۆنێکی پـڕ کوشـتار کە زۆرتـر لە فیلمێکی ئەکشـنی ناسـەرکەوتوو دەچوو، بە بودجەی چەند ملیۆن دۆلارییەوە، حەشـدی شـەعبی کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنـەوەی فەللووجە هێنا. ئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکە بریتی بوو لە کۆنترۆڵکردنەوەی فەللووجـە، دەسـتکەوتەکەشـی کوشـتنی ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکی سیڤیلی ناوچەکە و وێرانکردنی زۆرتری بوو. کار گەیشتە ئەوەی ئەمریـکا و سـعودیە هاواریـان لێ هەسـتا. ئەمریکا هەڕەشەی کرد کە بەوشێوەیە ناتوانێ بەردەوام بێت لە پشـتیوانیکردنی ئەو جۆرە ئۆپەراسـیۆنانە. بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو کە ئەمریکا چیدی بۆی نەدەچووە سەر ئاگای لەو هەمـوو دڕندەییە تائیفییـە بێت کە لەو ناوچەیەدا روودەدات و چاوی لێ بنووقێنێت.

لە باشووری کوردستان وێنەکانی فەللووجە زۆرتـر لـە قۆناغـی دوای رووخانـی رژێمـی سـەددامەوە بینـراون. بۆنموونـە ئەوکاتەی فەللووجەییـەکان چـوار گرێدراوی سـوپای ئەمریکایـان لەنێو شـارەکەیاندا ئاگرتێبەردا و تەرمەکانیـان لەسـەر پردێک هەڵواسـین. یان سـاڵی 2014، کاتێک سوپاکەی مالیکی ئاشـتبەتاڵیان کرد، فەللووجە یەکەمین شار بـوو کـە داعش تێیـدا لە هەندێـک گەڕەکدا کۆنترۆڵی کەوتە دەسـت. لە زەینی زۆرماندا فەللووجە لانکی پەروەردەکردنی توندئاژۆیی عەرەبی سـوننە بووە، هـەر لە ئەلقاعیدە لە عێراق و گرووپـە توندئاژۆکانی دیکەوە بگرە تـا دەگاتـە داعش، بـەڵام وێنەیەکی دیکەی فەللووجـە هەیـە کـە یـان شاردراوەتەوە یان کەمتر سـەرنجمان بۆی چـووە. ئەویش فەللووجەی لانکی دێرینی زانایانی سەردەمی بابلییـەکان و جوولەکـەکان و بەدوایـدا ئیسـلامییە. ئێمە وێنـەی فەللووجەی چوار گرێدراوەکەی سوپای ئەمریکامان لەخەیاڵدایە، چونکـە هـەرا و زەنای میدیایـی گەورەی لە وڵاتانـی رۆژئاواییـدا بۆ کرا، بـەڵام ئەوەمان لەبیر نییە کە ماوەیەک پێشـتر سـەربازانی ئەمریکی خۆپیشاندانێکی فەللووجەییەکانیان بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەک لە شـارەکەیاندا بـەر گوللـە دا و بە دەیان خۆپیشـاندەر لەو رووداوەدا کوژران.

لە هەشـت سـاڵی رابردوودا رووداوەکانی فەللووجـەم بـەوردی شـۆپاندووە و زۆر ویسـتوومە لـەوە تێبگەم بۆچی لەو شـار و ناوچەیـەدا هـزری توندئاژۆیـی ئیسـلامیی سـوننی وا بەئاسـانی گەشـە دەکات. کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە دەسەڵاتی بەعس کاریگەریی لەسەر ئەو گەشە ئاسانە هەبووە، بـەڵام دیوی دیکـەی چیرۆکەکـە ئەوەیە کە هـەم حکومەتی عێـراق-ی کاریگەر بە بیری تائیفی و جێبەجێکاری ئەجێندای تائیفی و هـەم ئەمریکاش رۆڵیان هەبـووە لە پاڵنانی فەللوجەییەکان بەرەو توندئاژۆیی.

بەپێـی ئـەو ئامارانـەی لەبەردەسـتن، بەرلـەوەی داعـش دوو سـاڵ پێـش ئێسـتا فەللووجـە کۆنترۆڵ بکات، لە کۆی 39 هەزار خانـووی ئـەو ناوچەیـە، نزیکـەی نیوەیان بەهـۆی بۆردوومان و شـەڕەوە وێران بوون. شار و ناوچەیەک نیوەی وێران بووبێت، هەم ئەمریکا ئازاری دابێت هەم سـوپای تائیفیی عێراق، تەنیا باوەشـێکی بۆ دەمێنێتەوە کە بۆی بچێت، ئەویش باوەشی داعشە.

ئەمـەی دەیڵێـم نـە هاوسـۆزییە و نـە پاسـاوهێنانەوەیە بـۆ ئەوانـەی داعشـیان هێناوەتـە فەللووجە و ناوچەکەیان تووشـی وێرانیـی زۆرتر کـردووە، بەڵکو پیشـاندانی وێنەی راستەقینەی فەللووجەیە. لەم ماوەیەدا زۆر پەیوەندیمـان لەگـەڵ گەنجان و خەڵکی نێوەوەی فەللووجە هەبـووە بۆئەوەی هەواڵ و زانیارییان لێوەربگرین، سەرنجڕاکێشـترین قسـە کە ئـەوان دەیکەن ئەوەیـە: دەتوانین سبەی داعش دەربکەین و دەشمانەوێ بڕۆن، بەڵام بەدەسـتی خۆمـان بچینە نێـو دەمی تیمساحێکەوە کە ناوی حەشدی شەعبییە و دڵنیاین دەمانخوات؟

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## فەراهانی:
# سینەمای کوردیم خۆشدەوێ

19 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net







